ڕۆمان

خالید ئێر توغرول

# کچی خۆرهەڵات

ARA Media Center

# کچی
# خۆرهەڵات

ناوی کتێب: کچی خۆرهەڵات

نووسەر: خالید ئێرتوغروڵ

وەرگێڕ: شەیدا عەلی

تیراژ: (٢٠٠٠) دانە

نۆبەی چاپ: یەکەم – ٢٠١٢

# کچی خۆرهەڵات

خالید ئێرتوغروڵ

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٨٧)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێ دراوە

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا – سلێمانی / شەقامی پیرەمێرد

0770 358 7100 - 0750 106 9589 - 0748 013 4669 ara.m@hotmail.com

©سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ناوەندەکە ڕێگە نادات بە لەچاپدانەوەو کۆپی کردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود خستنە سەرشێوازی دەنگ بۆ میدیاکان بەهەر شێوازێك بێت. سەرپێچیکاریش توشی سزای یاسا دەبێتەوە.

# کچی خۆرهەڵات

نووسینی

خالید ئێرتوغرول

وەرگێڕانی

شەیدا عەلی

چاپی یەکەم

١٤٣٤ ك - ٢٠١٣ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

هەر دیمەنێك لە ژیانی کچی خۆرهەلات دیمەنێکە لە ژیانی من و تۆ، وێنەی کۆلانەکانی هەموو شارێکی لەخۆگرتووە. لەم سەرگوزشتە سەیر و سەمەرەیەدا هەموو کەسێك دەتوانێت خۆی بە پالەوانی چیرۆکەکە ببینێت و دیمەنەکانی ژیانی خۆی ببینێت.

لەبەر ئەم هۆیە لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا خەمی ئافراندنی شاکارێکی ئەدەبی نەخوراوە. ئەم کتێبەی کە سەرگوزشتەیەك دەگێڕێتەوە، کۆکراوەی بەسەرهاتەکانە و ئامانج لێی گەیاندنی پەیامێکە. بۆیە نابێت بە پێوەرەکانی چیرۆك یان ڕۆمان هەلبسەنگێنرێت. جگە لەوەش بە گشتی کتێبەکە ئاڕاستەی تازەپێگەیشتووان و خوێندکارانی زانکۆ و کەسانی ئاسایی کراوە. لەبەر ئەمە هەولّ دراوە ڕستەی کورت و ئاسان بەکاربهێنرێت.

ئەگەر دەتانەوێت چیرۆکێکی پڕ پەند و ئامۆژگاریی ڕاستەقینە بخوێننەوە، ئەوا بفەرموون ئێوە و کچی خۆرهەلات...

# بەشی یەکەم

## هەموو شتێك كۆتایی پێ هاتبوو

من و ئەو...

دوو مرۆڤـی بێچـارەبووین کـە هـەر لـە تـافی لاویـدا لـە بەرامبـەر نەهامەتییەکانی ژیاندا چۆکمان دادابوو.

بڕیاری خۆمان دابوو. بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو کارە بە ئـەنجام بگەیەنین، لە درەنگانێکی شەودا ڕوومـان کـردە شـەقامێکی سـەرەکی کـە تەنانەت بۆ ساتێکیش قەرەباڵغی لێنابڕێت.

نیازی خۆمـان یـەکلایی کردبـووەوە. لـەم ژیانـەدا هـەموو ئومێـدێکمان هــەڵوەری و، گشــت ڕێگەچـارەکان بــە بنبەســت گەیشـتن و، ســەرجەم هەوڵەکانیش بێسوود مانەوە.

ئەم ژیانە نەفرەتییە جگـە لـە دووڕوویـی و نیـازگڵاوی و ژان چـی تـری پێنەبەخشین. لە سەرەتای تەمەنی گەنجیماندا شەپۆلی ڕۆژگاری بێبەزەیی و بێپەروا لاشەی تازەگوڵکردوومانی پیرکرد. جـا ئیـدی بەردەوامیـدان بـەم ژیانە بەئازار چنراوە هیچ مانایەکی هەبوو؟

لەم ڕێی ژیانەدا کە بە خەونە ئەرخەوانییەکان دەستمان پێ کردبـوو، من و پناری هاوڕێم هەموو خەونە جوانـەکانمان بوونـە نەخشـی سـەر ئـاوو

لەناوچوون. لەگەڵیشیاندا هەموو بەها مرۆییەکانی خۆمان لەدەست دا و بووینە دوو مرۆڤی زیادەی بێکەڵکی ژێرپێی خەڵك. بۆیە هەموو ساتێك هەزاران جار نەفرەتمان دەکرد لە هاتنە دنیامان .

" با بەس بێت ئەم ئەشکەنجەیە."

بێزاربووین لەو " ڕێی ژیان "ەی کە هەموو جوانییەکانی لێزەوتکردین و " ڕێی مردن "مان هەڵبژارد.

ناویان نابووم ئومێد، بەڵام ئەوە هیچ سوودێکی نەبوو! من لەناو نائومێدیدا نوقم بووبووم و بەجارێك هەموو هیوام وشك بووبوو. لەگەڵ پناری هاوڕێم چووینە قەراغی ڕێگەیەکی سەرەکی دەرەوەی شار. جێیەکی بەرچاو نەبوو و، ئوتومبێلەکان بەوپەڕی خێرایی ڕێیان دەکرد. نەماندەویست بیدەینە دەست شانس. بەئەنقەست ئەم کاتە درەنگەی شەومان هەڵبژارد نەوەك کەس ڕێگریمان لێبکات، لای خۆی دوو گەنجی بیست و پێنج ساڵان بووین. ئەو تۆزە پارە وردەیەی کە پێمان مابوو دامان بە چۆرەکێك. تاقە چۆرەکێکمان کرد بە دوو لەتەوە و ویستمان برسێتی بێئامانی زگمانی پێ دامرکێنینەوە. سەرو تیشێرتێکی سادەمان لەبەردابوو. هاوین نەبووایە بەدڵنیاییەوە ڕەق دەبووینەوە. پێڵاوەکانی پێشمان شڕ و وڕبوو. ئەوەی لە دواشمان جێدەما هەر ئەم چەند شتە بێبەهایەبوو.

ئـەی ئێمـە؟ ئـەی ڕۆحمـان؟ ئـەی ئـەو زریانانـەی لـە کەللەمانـدا هەڵیـدەکرد؟ ئـەی ئـەو ئازارانـەی سـەرتاپای ژیانیـان ئـەنجن ئـەنجن کردبووین؟

بـەبڕوای خۆمـان بڕیـارێکی دروسـتمان داوە. تەنانـەت گوێشـمان بـەو زایەڵەیە نەدەدا کە لە ناخماندا هاواری دەکرد: " مەکەن! ئەم گیانـە خـوا داویەتی و تەنها خواش دەتوانێت بیسێنێتەوە !

پێویسـتبوو ئـەو کـارە بـەپایان بگەیـەنین. ئەگـەر هەوڵەکـەمان سـەر نەگرێت، کەس باوەشمـان بـۆ ناکاتـەوە و بەندەیـەکی خـوا نییـە دەسـتی یارمەتیمان بۆ درێـژبکات. خـۆ بـەو حاڵەمانـەوە وەك مردوویـەك وابـووین. گورچـیلەکانی پنـار سسـت بوویـوون و منـیش بـاری دەروونـیم ناتـەواو و سەرگەردان بووم.

دەستی یەکمان گرت و بۆ دواجار چاومان چووە سەر چاوی یەك. ئەمە ماڵئاواییەکی هەمیشەیی بوو. ئامادەبووین بۆ ئـەوەی خۆمـان بخەینـە ژێـر ئوتومبیلێکی تیژڕەوەوە .

لـە دوورەوە ڕووناکییـەك بینـرا. پێدەچـوو تەکسـی بێـت. زۆر خێـرا دەهات. خۆمان هەڵبدایەتە ژێری، بەدڵنیاییەوە نەیدەتوانی بوەستێتەوە و ڕزگارمان دەبوو. بەتەواوەتی نزیك بووەوە. چاوم نووقاند و کۆتـا هـاواری ژیانم کرد :"دەی"..!

هــەموو تەمــەنم وەك دیمەنــەکانی فیلمێـك بـەخێرایی بـە خەیاڵمـدا گوزەریان کرد، پاشان وردە وردە دوورکەوتنەوە و تاریك داهاتن.

## پێکەوە بەرەو مەرگ فڕین

دایکم و باوکم و ئەو سەدایەی دەروونم پێکەوە هاواریان دەکرد :

"مەکەن" !

چیتر هەلی گەڕانەوەمان نەبوو. لە چاوتروکانێکدا خۆمان لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بینییەوە. بەدوایدا دەنگێکی کاسکەر هەژاندینی:

"زرم"..!

دوایین دیمەنی ژیانم بچڕا و تاریک داهات.

نازانم چەندێک کات تێپەڕی. خولەکێک، یان سەعاتێک، یاخود ساڵێک، یان لەوانەشە سەدەیەک؟

خۆمم لە دنیایەکدا دیتەوە کە بێتوانام لە ناولێنانی، لە بنکی بیرێکی قووڵدا کە ڕزگاربوون لێی ئەستەمە. دەتووت بە هەزاران مەکینەی بڕەر لە لاشەمدا کاردەکەن و چەندەها مەکینەی گۆشت چوونەتە ناو یەک بە یەکی خانەکانی جەستەمەوە و دەمهاڕن. دەنگی قیژە و هاواری پنار کە دەیووت: " بمکوژن، نامەوێت بژیم! "، لە دوورەوە دەهاتە گوێم و تێکەڵ بە بوونم دەبوو.

سەدایەک لە دەروونمدا دەیچرپاند:

"ئێمە مردووین یان دەژین؟ داخۆ ئەمەبێت ئەوەی پێی دەگوترێت مەرگ؟ ئەگەر وابێت، ئەوەندە ژانێکی تاقەتپڕووکێنە کە هەر لە ئێستاوە پەشیمانم لە هەوڵی خۆکوژی. گوایە قوتارمان بووبوو لە چنگی ئازارەکان. گوایە دەحەواینەوە و هەناسەیەکی ئاسوودەمان هەڵدەمژی. ئەی کوا؟

لەوانەشە ئەمە ئەوەبێت کە پێی دەڵێن سزای دۆزەخ، بەڵام ئەگەر ئەمە تەنها سەرەتاکەی بێت، وەی بە حاڵمان " !

نەمدەتوانی چاوەکانم بکەمەوە. دەمبیست، وەلێ نەمدەتوانی بجوولێمەوە. هەموو گیانم لەناو ئازار هاواری دەکرد. ئەمە چ جۆرە بەڵایەکە ئەی خوای گەورە؟ وتم:

"کەس نییە یارمەتیمان بدات؟ کەس نییە ڕزگارمان بکات؟"

بەڵام کێ گوێی لە ئێمە دەبوو؟

دەنگێکی شیرین و دڵنیایی بەخش، وتی:

- ڕزگارت دەبێت ڕۆڵەکەم.

وەختێك بەحاڵ چاوەکانم هەڵهێنا، پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانەی سیماڕوونم دی کە خۆشەویستی و میهرەبانی لە ڕووخساری دەتکا. هەموو گیانم بە لەفاف پێچرابوو، ئاو و خوێنم بۆ هەڵواسرابوو. چەندەها ئامێر و کەرەسەی خوێناوی لە دەوروبەرم بوون، وە چەندین کەسی سپی پۆش...

بۆ ئەوەی لەوەی کە دەژیم دڵنیابم، بەوپەڕی هێز قیڕاندم:

- من لە کوێم؟

ئەو پیاوەی بەسەرمەوە ڕاوەستابوو نووشتایەوە و، وتی:

- سوپاس بۆ خوا ڕۆڵەکەم. دەی چاوت ڕوون، پەروەردگار جارێکی تر ژیانی پێدایتەوە و ڕزگاری کردیت.

هیچ تێنەگەیشتم.

"خوا بۆچی ئێمە ڕزگاربکات؟ ئێمە چ سەودا و مامەڵەیەکمان لەگەڵ ئەودا هەبووە؟ ئێمە هەرگیز ئەوەمان نەکردووە کە ئەو وتوویەتی و هەمیشە سەرپێچیمان کردووە. ئەو ئێستا ئێمەی ڕزگارکردووە؟ کێ چاکەیەکی ئاوا دەکات؟ لەم دنیایەدا کە بەرژەوەندی و سوود پەیوەندییەکان یەکلایی دەکاتەوە، کێ چاکەی بێبەرامبەر دەکات؟"

هەوڵمدا هۆشم کۆبکەمەوە. بەڵێ، ئێرە نەخۆشخانە بوو. تووڕەبووم لەوانەی دەورم:

- ئێمە نەمردووین؟

- نەخێر، تۆ دەژیت ڕۆڵەکەم. دووبارە ئەو پیاوە سیما خۆشەویستە چوارشانەیەبوو.

ئێمە بۆ نەمردین...

کاتێک زانیم لە ژیاندام کەوتمە قیڕاندن و هەڵشاخان بەوانەی دەوروپشتمدا.

- ئێمە بۆ نەمردووین؟ بۆچی ئێمەتان ڕزگارکرد؟ بۆ ئەو خراپەیەتان لەگەڵ کردین؟ هەموو نەخشەکانتان تێکدا. چەند خۆش بوو، بۆ خۆمان ڕزگارمان دەبوو لەم دنیا نەگریسە. نە دەهێڵن وەك مرۆڤ بژین و نە دەشهێڵن بمرین. ئەمە کەی وەزع و ئەمە کەی حاڵە، وەڵا تێناگەم!

ئەوەندە هۆشم لای خۆم نەبوو بزانم چی دەڵێم و، چی دەبزڕکێنم و، چەند جوێن دەدەم. گوێم لێبوو دکتۆرە سپی پۆشەکە بەهانەیەکی هێنایەوە بۆ ئەم ڕەفتارە ناشرینەم، وتی:

- هێشتا نەهاتووەتەوە هۆشی خۆی.

لەناکاو بیری پنارم کەوتەوە. قیڕاندم:

- ئەو لە کوێیە؟

تێگەیشتن مەبەستم لە " ئەو " کێیە. پیاوە باڵابەرزەکە وەڵامی دامەوە:

- ئەویش زۆر باشە ڕۆڵە گیان. وابزانم ئەو پیاوە تاقە پیاوی ڕاستگۆ بوو کە لە هەموو تەمەنمدا هاتبێتە ڕێم.

من نەمدەزانی بێدەنگبوون چییە.

- خۆکوشتنیش سوودێکی نەبوو. هەرچییەك بکەین سەرناگرێت. باشە لەم دنیا نەفرەتییە ڕزگارمان نابێت؟ هەرگیز بەلاّ و ناخۆشی یەخەمان بەرنادات؟ قەت ڕۆژێکی خۆش نابینین؟

پیاوە خوێن شیرینەکە نووشتایەوە و، وتی:

- ڕزگارتان دەبێت ڕۆڵەکەم. خواگیان ڕۆژی خۆش و جوان نیشانی ئێوەش دەدات.

یەك لەسەر یەك بتڵی خوێنەکان دەگۆڕران و، لەفافەکان ئالۆگۆڕ دەکران و، پەیتا پەیتا دەرزی ئازارشکێنم لێدەدرا.

دەموچاو و قۆڵەکانم و قاچم پێچرابوو. ئازارێکی تیژ لە پشتمدا خەریك بوو هەناسەی لەبەر دەبڕیم.

نەمردین، نەمانتوانی بمرین!.. نەمانزانی خۆکوشتنیش ڕزگاربوون و ئاسوودەبوون نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئازار و داخ و مەینەتییەکان هەزاران جار پتر دەکات. هەرواش بوو.

ئاه، لەو ڕۆژە ناخۆشانەی نەخۆشخانە! نازانم لە کوێوە بیگێڕمەوە.. چۆن باسی بکەم؟ نەخۆشخانە ئەوەندەی تر باری شانمانی قورستر کرد. ئەگەر ئەو دوو مرۆڤە باشە نەبوونایە، حاڵمان چۆن دەبوو؟ بەخۆڕایی نەیانووتووە: " ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار ".

هەشت مانگی ڕەبەق لەنێوان بوون و نەبوون، ژیان و مردندا هاتین و چووین. لەو ڕێ پڕ هەڵدێرەدا کە لێوان لێوە لە ژان و بێتاقەتی و، بارێکی

هێندە گرانە کە جەستە و دەروونی مرۆڤ توانای هەڵگرتنی نییە، گەر ئەو دوو مرۆڤە چاکەکارە یارمەتییان نەدابنایە حاڵمان چلۆن دەبوو؟!

کەواتە هێشتا مرۆڤی باش لە دنیادا ماوە. ئەوەندە کەسی خراپ و نیازپیس هاتنە سەر ڕێمان وامان زانی هەموو کەسێك خراپە. هەڵەکەشمان هەر لەمەوە دەستی پێکرد و تا لێواری خۆکوشتنی هێناین.

بەڵێ، ئەو مرۆڤانە...

نازانم بڵێم فریشتەی ڕزگارکەر، ئەهلی دڵ، یان خدری زیندەن؟ هەڵبەتە دنیا تا ئێستا کە ماوە لەبەر چەند کەسێکی پاکی وەك ئەمانەیە.. ئەگینا چ هۆیەکی تر هەیە ڕێگری لە وێران بوون و داڕمانی بکات؟

## ناچاربووین درێژە بە ئەشکەنجەی ژیان بدەین

من و پنار گەڕاینەوە بۆ ژیانی پڕ لە ڕەنج و نائومێدی لە کوێ وەستابووین لەوێوە دەستمان پێ کردوە. بەڵام ئەمجارەیان چەندەها ئەوەندە بەسوێتر..

بەهۆی نەشتەرگەرییە یەك لەدوای یەکەکانەوە شوێنێکم نەمابوو نەبڕێت و نەدووررێتەوە. قاچەکانم، دەستەکانم، جومگەکانم، ڕیخۆڵەکانم...

نازانم کامیان باس بکەم. چەند تەنێك ئاسن لاشەمی شێلابوو و، ئەوەی کە مابۆوە تۆپەڵێك گۆشتی قیمەکراوبوو.

کە خوا نەتمرێنێت مردنیش بەئاسانی دەستگیرنابێت. تێگەیشتم گەورەترین ئازاری مرۆڤێك ئەوەیە نەتوانێت بمرێت. واتە مردن لەچاو نەمردندا خۆشی و بەهارە..

ئەی پنار؟ ئەو هەزار جار حاڵی لە من خراپتربوو. خۆی پێش ئەم کارەساتەش لە سەرەتای لاوێتیدا تەندروستی لەدەستدابوو و، گورچیلەکانی سست بووبوون و، کچێکی غەریبە و بێکەس بوو.

کاتێك توانیم بە عەرەبانە بچم بۆ لای، زانیم چی بەسەر هاتووە. ئەو چرکەساتەی کە چاومان بە چاوی یەك کەوت.. وەختێك لەسەر پێخەفەکە ئەوم بە شەکەتی و نیوەمردوویی و لاوازی بینی، گشت ئازارەکانی خۆمم بیرچووەوە. دەتووت لە ئەنجامی بەرکەوتنێك جەستەی پارچەپارچەبووە و پاشان بەهۆی پەرجوویەکەوە(موعجیزە) لکێنراونەتەوە. سەرتاپای بە برینپێچ پێچرابوو. تەنها بە هەستان و نیشتنەوەی هێواشی قەفەزی سنگی دەزانرا کە دەژی.

بە هەزار حاڵ پێڵووی هەڵهێنا و بە نیگای خەمگین و ماندوو لێی ڕوانیم، وەك ئەوەی بڵێت : " چ خەبەر؟ ". ئەو حاڵەی زۆر ئازاری دام. ئەو هاوڕێیەی کە پێکەوە ڕێی مەرگمان هەڵبژارد، نازانم دەبوو چی تر بکات بۆ ئەوەی مردنێکی ئاسایی دەست بکەوێت؟

چوار نەشتەرگەری بۆ کرابوو. جێیەکی نەمابووەوە نەکرابێتەوە و نەدوورابێتەوە. قاچی ڕاستیان لە ئەژنۆی بەرەوخوار بڕیبووەوە. دەستی ڕاستیشی تەنها دوو پەنجەی دەیانتوانی کاربکەن. واتە کەمئەندامییەك کە

بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵی دەبوو... وەرە و بەرگەی ئەم داخ و پەژارەیە بگرە!

ئێستا چی دەکرد پنار بەم حاڵە پەرێشانەیەوە؟ کێ یارمەتی دەدا و کێ پشتیوانی لێدەکرد؟ قاچێکی بڕاوە و جەستەیەکی کەمئەندام و گوچیلەکانی سست...

کە قاچی پنارم بینی خۆمم پێ ڕانەگیرا و قیڕاندم:

ـ وەرن لێرە بمبەن! سۆیەك چووەتە دڵمەوە خەریکە دەمخنکێنێت.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم ژیانە تاقەتپڕووکێنە گرانتر و گرانتر دەبوو. هەزاران جار پەشیمان بووم لە ژیانم.

گێژاوی پرسیارەکان مێشکمیان هەراسان کردبوو: " ئێمە بۆ نەمردین و ڕزگارمان بوو؟ چ چاکەیەکمان هەبوو تا ڕێ لەوە بگرێت؟ مەگەر کەسێك کە بەدرێژایی ژیانی کارێکی جوان و چاکی لە دەست نەوەشابێتەوە و، هەمیشە سەرپێچی خوا و یاساکانی کردبێت، چاکەی دەبێت؟ بە چ مافێك ئێمە دەژین؟ گیانی ئێمە بدەن بەوانەی دەیانەوێت و مردنیش بە ئێمە.. دیارە ئەم ژینە ئەوەندە نادادپەروەرە کە مافی مردنیش نادات. ئەمە چاکەیەکە لەگەڵمان کراوە یان بەردەوامیدانە بە ئازاری تەواونەکراوی تەمەن؟

ئاه، سەرم ژان دەکات و گێژ دەخوات، دڵم تێکەڵ دێت.. بیرکردنەوەکانم وەکو تیری ژەهراوی لە دڵم هەڵدەچەقین. خەیاڵی ڕەش و نووتەك تەنیبوومی و هیچ هیوایەکی بۆ نەهێشتبوومەوە. دەتووت لە

کەللەمدا چەندەها پرسیار شەڕیانە لەگەڵ یەك: " وا لەم نەخۆشخانەیەش بەپێی خۆمان چووینە دەرەوە، جا چی دەگۆڕێت؟ وا بووینەوە بە مرۆڤە تەندروستەکەی جاران، چ سوودێکی هەیە؟ هەر ئازارەکەی جاران، دیسان مەینەتییەکانی ڕابردوو.."

هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی دوو کەس کە سەرتاپایان لە لیتاوی پیسی ژیاندا نغرۆبووە، چ ئەنجامێکی دەبێ؟ دیسان کۆمەڵێك دۆستی ساختە پێشوازیمان لێدەکەنەوە، دیسان خووە خراپ و زیانبەخشەکان، ماددەی بێهۆشکەر و، پاشان ئەو زۆنگاوەی کە ئێستا بە نەفرەتەوە یادی دەکەمەوە...

## پێچەوانەی مرۆڤ بوون چەند خراپە

بەلامەوە ئاژەڵان لە ئێمە زۆر پاك و بەڕێزتربوون. بەلایەنی کەمەوە ڕەسەنێتی و ڕاستگۆیی و گیانی هاوکارییان تێدایە. شیر و، گۆشت دەدەن و، هێلکە دەکەن، بڵێی " وەرە " دێن و، بڵێی " بڕۆ " دەڕۆن. تەنانەت جۆرێك لە ژیانێکی گونجاو و تەبا و سادە و بەختەوەریان هەیە بەگوێرەی خۆیان.

## ئەی بوون بە مرۆڤ؟

مرۆڤ هەر هێندەی لە ڕێ بترازێت و پێوەرێکی نەبێت ئیتر هەموو ڕەفتارە خراپەکان دەبنە بەشێك لە سروشتی و لە ئاژەڵ زیانبەخشتر و ترسناکتری لێدێت.

دیسـان داڵغـە بردمیـەوە. دیسـان کەوتمـەوە شـەڕ لەگـەڵ ژیـان و ناڕەحەتییەکانی ناوی. باشە، ئێمە لەمەدا هیچ تاوانێکمان نەبوو؟ بێگومان هەمانبوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

ئـاه، خۆزگـە زوو لـەم نەخۆشـخانەیە ڕزگارمـان دەبـوو. ئـەوکات دیسانەوە هەوڵی مردنمـان دەدا. بـەڵام ئـەمجارەیان بێئـەوەی بچووکترین شوێنەوار لەدوای خۆمان بەجێبهێڵین. پێویسـت بـوو ئـەو کـارە بەسـەلیقە ئەنجام بدەین. دەرکەوت کە خۆکوشتنی نەزانانە دەرەنجامێکی نابێت.

نزیك بووبووینـەوە لـە کۆتـایی هەشـت مـانگی پـڕ لـە چەرمەسـەری و ناڕەحـەتی. هەشت مانگ..!

ئەو ڕاڕەوانەی کە بۆنی دەرمانیان لێدەهات.، سیسەمە بێبەزەییەکان کـە هـەموو گیانمانیـان پارچـە پارچـە کردبـوو.. کارمەنـدانی تەندروسـتی سپیپۆش کـە تـاو نـا تاوێك بـە سـرنجەکانی دەسـتیانەوە دەردەکـەوتن.. چاوەڕوانیی دڵتـەزێنی پـێش نەشـتەرگەری.. ئەمانـە و چـەندەها ڕووداوی تاقەتپڕوکێنی تر ڕۆژانی نەخۆشخانەی ئێمەیان پێکهێنابوو.

لەپاش هەشت مانگی ئا لەم جۆرە ئیتر کاتی دەرچوون هـاتبوو. زوو زوو لەگەڵ پنار یەکمان دەدی و دەردەدڵی بێچارەیی و هیـوابڕاوی خۆمـان دەکرد.

ئەو قاچە دەستکردەی بۆ پناریان دروسـت کردبـوو، زۆری ویسـت تـا جێی خۆی گرت. پنار کەسێکی زۆر خۆڕاگربوو. بەئاسـانی بڵێسـەی نـاخ و ژانی ڕۆحی نیشانی دەرەوە نەدەدا. دەیووت: " باشە، لەمە باشتر نابێت!

دەبێت بەم ژیانە ڕابێم. ئەگەر بمانەوێت بژین چارەیەکی ترمان نییە. هیچ نەبێت تا مردنێکی باش بەنسیبمان دەبێت پێویستە خۆڕاگربین"...

مردنی باش؟ بەڵێ، مردنی باشیش هەبوو، یاخود مردن لەچاو ئەم ژیانەدا باشتربوو.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم ئازارانەش، ئەی ئەگەر ئەو دوو کەسە فریشتەئاسایە نەهاتنایەتە ڕێمان؟ ئەی ئەگەر خاوەنی ئەو ئوتومبیلەی کە لە شەوێکی درەنگدا بە مەبەستی خۆکوشتن خۆمان فڕێدایە ژێری، لەوێدا بڕۆیشتایە و لای لێ نەکردینایەتەوە؟ ئەوکات حاڵمان چۆن دەبوو؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دوو مرۆڤە وەك باوك و دایکێکی میهرەبان هەموو کاتێك لەگەڵمان بوون و گشت پێداویستییەکانیان فەراهەم کردین و خەرجی نەخۆشخانەیان بۆ داین، کەچی ئەو هەموو ڕەنج و ناڕەحەتییەمان کێشا. ئەی ئەگەر کەسانی تر بهاتنایەتە ڕێمان چیمان دەکرد؟

## ئەو چەمکی "خوا"یەی لە مێشکمدا دروست بوو بوو

لەم ڕووداوە بەدواوە چەمکی " خوا "، کە ساڵانێکی دوور و درێژ بە چەقبەستوویی مابووەوە لام هاوڕێ لەگەڵ بڕیارە پێشوەختەکانم هەمووی بە جارێ گۆڕا.

بیرم ئاڵۆز بوو. چەندەها پرسیاری بێ وەڵام لە کەللەمدا مشتومڕیان بوو. ئێمە دەمانەوێت بمرین، خۆمان هەڵدەدەینە ژێری ئوتومبیلێك و هەوڵی خۆکوشتن دەدەین، بەڵام هێزێکی نادیار هەموو کارەکانمان پووچەڵ دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش دوو کەسی چاکەکارمان بۆ

دەنێرێت کە بە گیان و دڵ یارمەتیمان دەدەن. باشە، بۆچی؟ بۆچی ئەو یارمەتیمان دەدات؟ لە کاتێکدا ئێمە لە ڕابردوودا سەرپێچیکاربووین بەرامبەری و زۆرکات باوەڕمان هەر پێی نەبووە و، لە ڕقدا زۆربەی جار بەرهەڵستی فەرمانەکانیمان کردووە. ئەمە گرنگترینی ئەو نەزانراوانەبوو کە مێشکمیان هەراسان کردبوو.

کاک ڕەسوڵم بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە ـ کە ئارامی بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشی ـ لە بەرامبەرمدا دیتەوە. خاوەنی ئەو ئوتومبیلەی ئێمەی کردبوو بەژێرەوە... لە تەنیشتیشیدا مەدینە خان کە چەشنی دایکێکی میهرەبان چاودێری دەکردین و بەدەم بچووکترین داخوازیمانەوە وەك پەروانە هەڵدەسووڕا.

بەدرێژایی هەشت مانگی تەواو جێیان نەهێشتین. ئەوەتا ئەم بەیانییەش بەزوویی هاتوون بۆ دیدەنیمان. وەك پیشەی هەمیشەییشیان لێوبەخەندە و بە دەستی پڕەوە هاتوون.. مەدینە خان چوو بۆ قاوشی ژنان و پناری هێنا بۆ لامان. هەرلەویادا گروپێکی چوار کەسیمان پێکهێنا.

# بەشی دووەم

## مرۆڤە فریشتە ئاساکان

هێشتا بەتەواوی ئەو دوو مرۆڤە خاوێنەمان نەناسیبوو. تەنها ئەوەم دەزانی کە خاوەنی ئەو ئوتومبیلەن کە ئێمە خۆمان فڕێداوەتە ژێری و، ئەوانیش بەزوویی ئێمەیان گەیاندووەتە ئەم نەخۆشخانەیە. ئەگەر قسەکانی پەرستارەکە ڕاست بێت، کاك ڕەسوڵ دکتۆرە و مەدینە خانیش مامۆستایە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو کە باشترین کەسانێك بوون تا ئەو کاتە ناسیبێتم .

هەر کاتێك ئەم دوو مرۆڤە شیرینە دەهاتن بۆ لامان دڵیان دەداینەوە و، کەشێکی خۆشیان دەخولقاند و، مانادارترین و ناسکترین چرکەساتەکانی ژیانمان بەسەردەبرد. بۆیە هەردەم چاومان لەڕێیان دەبوو و بیرمان دەکردن. بەتایبەتی ڕەوشتی جوانیان کاری زۆری لە من دەکرد.

زمانی شیرین و دڵی گەرم و ڕەفتاری پڕ لە میهرەبانییان تا ڕادەیەك زریانی نائومێدی ناخمیان دادەمرکاندەوە و، بۆ یەکەمجار هەستم دەکرد بەوەی کە وەکو (مرۆڤ)ێك مامەڵەم لەگەڵ دەکرێت. تێگەیشتم کە گەورەترین چاکەیەك بەرامبەر بە کەسێك بکرێت ئەوە نییە دەستگیرۆیی

ماددی بکرێت، بەڵکو بریتییە لە مامەڵەکردنی مرۆڤانە لەتەکیدا. لەوانەشە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕەفتارەیان زۆر کاری لە ئێمە کرد ئەوەبێت کە ئێمە لە ژیانماندا چاکەیەکمان لەگەڵ نەکرابوو لە بەرامبەریدا داوای شتێکمان لێ نەکرابێت. یاخود هۆکارەکەی ئەوەبێت کە چەند بەکەڵك هاتبین کاریان پێکردووین و پاشان تووڕیان داوینەتە کەنارێکەوە.

لەو کاتەدا کە ئێمە سەرگەرمی گفتوگۆبووین، پیاوێکی ڕێکپۆشی پاکوخاوێن لە دەرگاکەوە بەدەرکەوت. کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان هەرکە بینییان یەکسەر هەستانە سەرپێ. کاك ڕەسوڵ وتی:

ـ کاك ئەحمەد، ئەوە تۆیت؟ یاخوا بەخێربێیت سەر سەر و سەر چاو!

باوەشیان کرد بە یەکدا ..

ئای خوایە ئەوە چ دۆستایەتییەکی جوان بوو! ئەوە چ گەرم و گوڕییەك بوو! چ هاوڕێیەتییەکی شیرین بوو! مەحاڵ بوو مرۆڤ ئیرەییان پێنەبات. خۆزگە لەناو ئێمەی گەنجانی بەناو ڕۆشنبیر و پێشکەوتوودا بۆ تەنها یەك جاریش تامی هاوڕێیەتییەکی ئاوا پاکمان دەکرد! بەڵام ئێمە لە کوێ و دۆستایەتی بێ فرتوفێڵ لە کوێ؟! جگە لە فریودان و ناپاکی و سوودپەرستی و بێهەستی، هیچی تر نەدەهاتە ژیانمانەوە .

تا دەهات باشتر لەوە تێدەگەیشتم هۆکاری ئەوەی بەسەر من و پنار هات ئەوەبوو کە ژینگە و کەسانی باشمان هەڵنەبژاردبوو. بەتایبەتی کاتێك ئەو ڕووداوە نەگریسانەم بیردەکەوتەوە کە بەسەر پنار هاتبوون و

چەندەها جار پاڵیان پێوە نابوو تا لێواری خۆکوژی، هێندەی تر داخ و ئازارم پتر دەبوو. بەڵام بەداخەوە تازە هیچم لە دەست نەدەهات .

کاک ئەحمەد کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێنشیرین و خاکی بوو. کاک ڕەسوڵ، ئەوی پێ ناساندین:

ـ کاک ئەحمەد پرۆفیسۆرێکی ناوازەیە و تازە لە ئەمریکاوە گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمان. پزیشکێکی سەرکەوتوو و زانایەکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان. وا مەڕوانن کە زۆر خاکی و خۆبەکەمزانە ! بێگومان کاک ئەحمەد بەئاسانی بەم ڕۆژانە نەگەیشتووە. ڕەنج و مەینەتی زۆری چەشت. مەگەر تەنها خوا خۆی بزانێت، پاشان خۆی و ئێمە..

بینیم کاک ئەحمەد بەم ستایش و پیاهەڵدانە لە شەرمدا سوور هەڵگەڕا و سەری داخست. دیاربوو سەرگوزەشتەی ژیانی، وەکو ئەوەی ئێمە سەیر و سەمەرەیە.

## خێزانە کوژراوەکە

لەنێو کەشێکی بێدەنگ و هێمندا گوێبیستی چیرۆکی ئەو ژیانە پڕ لە پەند و عیبرەتە بووین. کاک ڕەسوڵ وتی:

ـ کاک ئەحمەد لە گوندێکی بچووکی چەپەکی خۆرهەڵات لەدایک بووە. گوندەکە ئەوەندە دوورەدەستە تەنها بەپێ، ئەویش زۆر بەزەحمەت دەتوانیت بیگەیتێ. کاتێك لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیدا دەبێت، بەهۆی کێشەیەکی دوژمنایەتی دێرینەوە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لەدەست دەدات. لە کاتی ئەو ڕووداوە بێبەزەییەدا ئەم لە قوتابخانە دەبێت و

بەتـەنها خـۆی ڕزگـاری دەبێـت. بۆیـە ئەحمـەد بـێ کـەس و بـێ دەر گەورەبووە.

ئەگەر ئێمە لە ڕۆحی ئیسلام تێبگەیشتینایە، کە باوەشـی بـۆ هـەموو زمـان و ڕەنـگ و نەتـەوەکان کردووەتـەوە و هـەموان بـۆ پێکـەوەژیان بانگهێشت دەکات، کارەساتی لەم جۆرە ڕوویدەدا .

ئـیتر ئەحمـەد ئـەو گونـدەی بـە خـۆی و یادگارییـە تاڵەکانیـەوە جێهێشـتووە و بەوپـەڕی لێبڕانـەوە هـەوڵی خوێنـدنی داوە. پێویسـت بـوو سەرکەوتووبێت، چونکە ئەوە تەنها ڕێگەبوو کە دەیتوانی خـۆی لـە زیـانی ئەو خراپکارانە بپارێزێت. ئەحمەدیش لە نێوان (سـەرکەوتن) و (مـردن) دا بە هەموو هێزی هەوڵی سەرکەوتنی دا. وتـەی بـەناوبانگی: " بەنـدە داوای چی بکات خوا دەیداتێ" ی کرد بە سەرمەشقی خۆی و قـۆڵی لێ هـەڵمالی. هەنووکە خەڵکی باس لە سەرکەوتنی ئەم دەکەن.

لە پۆلی هەشتی بنەڕەتی لەگەڵ ئەحمەد یەکمان ناسـی و پێکـەوە لـە یەك بەشی ناوخۆیی بووین. لە شارێکی گەورەدا دەماینەوە و هەموو لایەك پڕبوو لەو کەسە چەپەڵانەی کە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن. دەبـوو هـەم خۆمان لەو کەسانە بپارێزین و، هەم بەپێوە بمێنینەوە و نەڕووخێین، هـەم لە خوێندنیشدا سەرکەوتووبین. ئەمەش کارێکی زۆر گران بوو.

بەیانیان دەچووین بۆ قوتابخانـە تـا نیـوەڕۆ دەمانخوێنـد. پاشـان لـە نیوەڕۆوە لە چێشتخانەیەك کارمان دەکرد تـا نیوەشـەو. جارێـك خزمـەتی مشـتەریمان دەکـرد و جارێـك قاپمـان دەشـت. جـاری وا هـەبوو کاتمـان

نەدەمایەوە بۆ نووستن و بە چاوی خەواڵووەوە ڕێمان دەکرد و دەچووین بـۆ قوتابخانـە. ناچـاربووین... هـیچ چـارەیەکی ترمـان نـەبوو جگـە لـە سەرکەوتن و کۆڵنەدان .

مـن خـۆم بـاوکمم هـەرگیز نـەدیوە. تـەنها دایکێکـی پـیر.. ئـەویش سەروەتێکی ماددی نەبوو تا بۆمی جێبهێڵێت. بەڵام دوعا زۆرەکانی و دڵە میهرەبانەکەی هەمیشە ناخی پڕدەکردم لە خۆشەویستی. وەکو باسم کـرد ئەحمەدیش نە دایکی هەبوو نە باوك.

لەو ڕۆژگارەدا خولیا و داڵغەی گەنجێتی لە کەللـەی دابـووین. سـەیری حاڵی خۆمان نـەدەکرد و لاسـایی خـەڵکی ترمـان دەکـردەوە و ئیرەییمـان پێـدەبردن. زۆرجـار بـەهۆی دەسـتکورتی و بێکەسـیمانەوە لـەنێو هاوڕێکانماندا تەریق دەبووینەوە و، خەفەتمان بەوە دەخـوارد کـە ئێمـەش وەکو ئەوان ناتوانین ڕابوێرین و بە دڵـی خۆمـان بـژین. جـاری واش هـەبوو هاوڕێکانمان دەهاتن بۆ ئەو چێشتخانەیەی ئێمە کارمـان لـێ دەکـرد و، بـە کەیف و خۆشییەوە دەیانخوارد و دەیـانخواردەوە و پێدەکـەنین، ئێمـەش خزمەت و بەردەسیمان دەکردن. مەگـەر ئێمـەش حـەزمان نـەدەکرد وەکـو ئەوان بین؟ ئێمەش حەزمان لە کـەیف و سـەفای گـەنجێتی نـەبوو؟ بـەڵێ، بەڵام ئێمە تـەنها یـەك ڕێگـەمان لەبەردەسـتدا بـوو. هەڵبـژاردنێکی ترمـان نەبوو. یا لە خوێندنەکەمانـدا سـەرکەوتوو دەبـووین، یـان دەبـووین بـەژێر پێوە و شەرەف و سەربەرزیمان دەدۆڕاند و، دەبووینە جاش و داردەسـتی پیاوکوژان و نەگریسان.

بەلام ڕووداوێکی زۆر سەیرمان بەسەرهات کە بووە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانماندا. حەزدەکەم ئەحمەد خۆی بۆمان باسبکات.

### هەمان فیلم

کاک ئەحمەد بە شەرمەوە سەری بەرزکردەوە و، وتی:

- نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانە کاک ڕەسوڵ. من ئەو ڕۆژانە بە بەشێك لە ژیانم دانانێم. هەروەك خەوێك هاتن و ڕۆیشتن.

- نا نا، بیگێڕەوە. بیرەوەری مرۆڤ شتی زوو لەیاد دەچێت. بەداخەوە وانە جددی و گرنگەکان بەزوویی لەبیردەکات. با دیسان لە بیرەوەریماندا تازە ببێتەوە، پێویستمان پێیەتی.

تێگەیشتم. کاك ڕەسوڵ مەبەستی ئێمە بوو. ئەو زۆری لە کاك ئەحمەد دەکرد، تا ئێمە پەند و وانەی لێ وەربگرین. دەیویست بە گوێگرتن بۆ ئەم چیرۆکە هەڵەکانی خۆمان بۆ ڕوون ببێتەوە و بە خۆماندا بچینەوە. بەلام تازە بۆ ئێمە زۆر درەنگ بوو. گەڕان بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ژیانێکی داڕماو بێسوودە. ئێمە لە کوێ و پەند وەرگرتن لە کوێ؟ ئاگرێکی وا ئێمەی سووتاندبوو پێویستمان بە هیچ وانەیەکی تر نەبێت. چ وانەیەك بە کەڵکی ئەو کەسە دێت کە پشتی لە ژیان هەڵکردووە و بەیەکجار قەڵەمی هێناوە بەسەریدا؟

کاك ئەحمەد هەرچۆنێك بێت دەستی پێکرد. ڕاستییەکەی سەرنجی ڕاکێشام، چونکە زۆر لە چیرۆکی ژیانی پڕ لە دەردیسەری ئێمە دەچوو.

بێ ویستی خۆمان، لەنێو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو چیرۆکەدا خۆمان دەدیتەوە. کاک ئەحمەد وتی:

- خاوەنی چێشتخانەکە شەوێکیان درەنگ بانگی کردین. لەگەڵ کاک ڕەسوڵ چووینە ژوورەکەی. بە هەڵسوکەوتیدا دیاربوو کە دەستی لە کاری نایاسایی و ترسناکدا هەیە. ڕاستەوخۆ چووە ناو بابەتەکەوە. جانتایەکی ڕەشی نیشان داین و، وتی:

- بگرن منداڵەکان، ئێوە خۆ هەر بەوێدا تێدەپەڕن. ئەم جانتایە بگەیەنن بە فلان ناونیشان. خانمێك لێتان وەردەگرێت. سڵاوی منی پێبگەیەنن.

چونکە یەکەمجارمان بوو شتی وامان بەسەربێت بێ دوودڵی قبوڵمان کرد. جلەکانمان گۆڕی و جانتاکەمان هەڵگرت. سەعات نۆ یان دەی شەو ناونیشانەکەمان دۆزییەوە. بەشە ناوخۆییەکەی خۆشمان هەر لەو نزیکانەبوو.

دامان لە زەنگەکە و ئافرەتێکی گەنج دەرگاکەی کردەوە. سەرەتا لێمان وردبووەوە. پاشان بێئەوەی هیچ پرسیارێکمان لێ بکات بردینیە ژوورەوە. ئێمە هەرچەند ویستمان جانتاکە بدەین و بڕۆین، کەچی ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی بچینە ژوورەوە. ئێمە دوو خوێندکاری دواناوەندی شازدە حەڤدە ساڵان بووین و، ئەویش ئافرەتێکی جوانی سی و پێنج ساڵ بوو.

وامـان زانـی چـووینەتە بەهەشـتەوە. لـە ژیانمانـدا مـاڵی وا جـوان و کەشخەمان نەدیبوو. بە چاوی ئەبڵەقەوە لە چواردەوری خۆمان دەڕوانـی. ئافرەتە گەنج و مەکربازەکە فەرمووی لێکردین بۆ سالۆنێکی فراوان. وتی:

- فەرموون دانیشن کوڕینە. سەرەتا با بزانم برسیتانە یان نا؟

- ئێمە لە چێشتخانە کاردەکەین، برسیمان نییە.

سەری بەرزکردەوە و، وتی:

- نـا نـا، مـن چـاك دەزانم کـە چێشـتلێنەران هەمیشـە برسـین. خێـرا شتێکتان بۆ ئامادە دەکەم و پاشان پێکەوە قاوەیەك دەخۆینەوە .

چەند وتمان " نابێت، ئێمە تێرین "، دادی نەدا. پاش کەمێك بردینـی بـۆ چێشـتخانەکە. ئـای لـەو سـفرە و خوانـە ! لـە تەمەنمانـدا مێـزی وا ڕازاوەمان نەدیبوو. خواردنە بەلەزەت و جۆراوجۆرەکان، مەزە، مەی،...

من و ڕەسوڵ سەیری یەکمان کرد. سەرمان لە هۆکاری ئەم دەعوەتـە نائاساییە سووڕما. ئـەم هـەموو سـەخاوەت و ڕێـزە بۆچـی؟ بـە شـەرمەوە لەسەر سفرەکە دانیشتین. لە بەرامبەریشماندا خـانمێکی گـەنج و جـوان... هەڵسوکەوتی بەناز و عیشوەی ئێمەی زۆر ناڕەحـەت دەکـرد. ئێمـە کـوڕی پـاکی لادێ بـووین. هەرچـەند دیـن و ئیمـان و داب و نـەریت زۆر ڕەنگـی نەدابووەوە لە ژیانماندا، بەڵام دیسـانیش هێشـتا ئامـادە نـەبووین بـۆ ئـەو جـۆرە شـوێنانە. شـەرممان دەکـرد و، بێتاقـەت بووبـووین و، سـوور هەڵگەڕابووین. دەتووت پاروو بۆ چاومان دەبەین نەك بۆ دەممان .

پاش خواردنەوەی قاوەکان داوای ڕوخسەتی ڕۆیشتنمان کرد. ژنەکە خۆی بادا و، وتی:

ـ لێرە دەتوانن بمێننەوە کوڕینە! شوێنمان زۆرە، کام ژوورەتان دەوێت هەڵیبژێرن.

پێکەنین و قسەی بەمانا و خۆبادان چەند داوێك بوون نرابوونەوە بۆمان، دیاربوو کە کۆتاییەکەی ئەوەندە ئاسان نابێت. دەگونجا لە چرکەساتێکدا نەرم ببووینایە و بمانوتایە " دە قەیناکە با بمێنینەوە ". چونکە ئیرادەیەکی بەهێز و عەقڵێکی بەئەزموونی وامان نەبوو بیر لەو مەترسییانە بکاتەوە کە لە داهاتوودا دێنە ڕێمان. بەڵام خوای گەورە یارمەتی داین و نەماینەوە.

دوو پاکەتی بچووکی دایە دەستمان. ژنە تەڵەکەبازەکە دەنگی ناسك کردەوە و، وتی:

ـ حەزدەکەم زوو زوو بتانبینم کوڕە قۆزەکان!

کاتێك پاکەتەکەمان کردەوە بەجۆرێك واقمان وڕما ناتوانم بۆتانی باسبکەم. پارەیەکی ئەوەندە زۆربوو بۆ ئەو سەردەمە، کە لە خەویشدا نەماندیبوو. بەو پارەیە مرۆڤ دەیتوانی لە ئوتێلێکی کەشخەدا بمێنێتەوە و، ژیانێکی شاهانە بژی و، بە کەیفی دڵی خۆی ڕابووێرێت. کەوابوو چ پێویستییەك بە خوێندن و خۆماندووکردن هەبوو؟ مەگەر بمانخوێندایە ئەوەندە پارەمان دەست دەکەوت؟

### ئەوانەی خرابوونە داوەوە

بیرمان تەواو پەرت بووبوو. وەلێ بنەڕەتیترین پرسیار ئەوەبوو کە ئێمە بە گواستنەوەی جانتایەکی سادە چ ئەرکێکی گرنگمان ئەنجامدابوو وا بە گەرمی پێشوازیمان لێبکرێت؟ یان لەوانەیە ئەو ژنە چاوی لە ئێمە بڕیبێت و کاری پێمان بێت؟ باشە ئەی بۆ کەسی تر نا و ئێمە؟

دوای چەند ڕۆژێك خاوەنی چێشتخانەکە دیسان بانگی کردینەوە. ئەمجارەش دیسان جانتایەك، بەڵام داوای لێکردین بیبەین بۆ ناونیشانێکی جیاواز. ڕاستیەکەی لەمەڕ ئەو پارە زۆرەی وەرمان دەگرت هەم دڵخۆش بووین و هەم دەترساین. دەمانزانی کۆتایی ئەو ڕێیە نەهاتە، وەلێ پارەش شیرین بوو. بەتایبەتی بۆ دوو گەنجی نەداری وەك ئێمە.

### پارە؛ ئاگرێکی سووتێنەر

کاتێك چووین بۆ ئەو ناونیشانەی پێمان درابوو هەمان کچی خزمەتکار دەرگای لێکردینەوە. بە هەڵسوکەوتی سەرنجڕاکێش و عەنعەنە و تەنتەنە فەرمووی لێکردین. ئێرەش ماڵێکی فراوان و دەوڵەمەند بوو کە هیچی لەوەی یەکەم کەمتر نەبوو. دەنگە دەنگ و قیژە و هەرا لە ژوورێکەوە دەهات. کچەکە وتی:

- خەمتان نەبێت، هاوڕێیان گفتوگۆی بابەتێك دەکەن.

بەڵام ئەو هاوار و زرم و کوتەی لە ژوورەکەوە دەهات، زیاتر پێدەچوو هی شەڕ و ئەشکەنجەدانێك بێت وەك لە گفتوگۆ.

جانتاکەمان تەسلیم کرد. دیسان هەمان ڕێز و خزمەت و خواردەمەنی و قاوە. ئەو هات و هاوارەی ترسی خستبووە دڵمانەوە وەستا. دەرگاکان کرانەوە و داخران. زۆری نەبرد بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. ئەمەش نیشانی دەدا کە گفتوگۆکە بە ڕووداوێکی تاڵ کۆتایی هاتووە نەك بە ڕێکەوتن. ترسێکی سارد سەرتاپای بوونمانی داگیرکرد. خەمی ئەوەمان لێنیشت کە داخۆ کۆتایی ئەم کارەی ئێمەش هەر لەو جۆرەیە؟ سەیری ڕەسوڵم کرد، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. منیش حاڵم لەو باشتر نەبوو.

هەستاینە سەرپێ بە نیازی ڕۆیشتن، وەلێ ژنە سەرنجڕاکێش و خزمەتکارە بێشەرمەکەی بەتەما نەبوو بەئاسانی بهێڵێت بڕۆین. ژنەکە وتی:

- ئەمشەو میوانی منن! ناهێڵین بەم شەوە درەنگە بڕۆن. بەیانی بڕۆن. مەترسن، خۆشترین شەوی ژیانتان بەسەردەبەن!

لەناکاو سەرسامی و شڵەژان داگیری کردین. هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پەیوەندی ترسناك و نهێنی پاڵمان پێوە دەنرا. دەمانزانی کە بۆ قوربانی هەڵبژێرراوین، بەڵام لەو ڕۆژانەدا بەهۆی مەستی لاوی و کاڵفامی، پێمان خۆشبوو. بەئاشکرا دیاربوو کە هەنگوینێکی ژەهراویمان پێشکەش دەکەن، وەلێ هەوا و هەوەسی گەنجێتی وای لێدەکردین بیر لە هەنگوینەکە بکەینەوە نەك ژەهرەکە .

سەرەڕای ڕەتکردنەوە و سووربوونمان، ناچاربووین ئەو شەوە بمێنینەوە. دوو ژووری جیاوازیان پێداین. شەو درەنگی کردبوو. ڕێك لەو

کاتەدا کە لە لێواری هەڵدێرێکدابووین، دەنگی تەلەفون وەکو دەستێکی ڕزگارکەر بەهانامانەوە هات. نازانین لەو تەلەفۆنەدا چی وترا و چ شتێکی نائاسایی ڕوویدا. پاش کەمێك ژنەکە بەپەلە خۆی کرد بە ژوورەکانماندا و، وتی:

– زۆر داوای لێبووردن دەکەم. ناچارم هەر ئێستا بتاننێرم. لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا لە هەمان شوێنەوە دەست پێدەکەینەوە.

دیسان دوو پاکەتی بچووکی نایە مشتمانە و بەپەلەپڕوزکێ ئەوێمان جێهێشت.

پارە... ژیریمانی خامۆش و داوەریمانی پەککەوتە کردبوو. لەجیاتی ئەوە ژیانی پڕ لە سەرگەرمی و ڕابواردن و مەستیی درۆیینە دەوری دابووین. نەماندەزانی بەو کارەی دەیکەین چەند گەنج و چەند مرۆڤ و چەند خێزان ماڵیان کاول بووە و، ژیانیان بووە بە دۆزەخ و، هیوایان هەڵوەریوە .

## لێکچوونێکی سەیر!

چۆن بەرگەی وەها دیمەنێك دەگیرا؟ هەربۆیە بێپەروا قسەکانم پێبڕی و وتم:

– ڕێك وەك ئێمە، هیچ پێویست ناکات بەدوای نموونەیەکی تردا بگەڕێیت. ئەوە ئێمەو ئەوە حاڵ و ڕۆژمان، ئەمانەی بەسەرمان هاتووە هەموو شتێك ڕوون دەکەنەوە.

له حرس و تووڕەیی خۆم وا دانم بەیەکدا دەهێناو دەستە ساغەکانم توووند کردبوو بە مشت کە کاك ڕەسووڵ وتی:

– ئارام بە ئومێد گیان، ئێوە ڕزگارتان بوو، ئازارە بەسوێکانی ئەو ڕۆژانە ئیدی کۆتایی هات.

ئەمەی وت و هاتەلامەوەو وەك باوکێکی میهرەبان لە ئامێزی گرتم و دڵنەوایی کردم.

کاك ئەحمەد بەردەوام بوو، ئەوە تەنها چیرۆکی ژیانی ئەو نەبوو، بەڵکو ژیانی ملیۆنان کەسی بێلانەو بێسەرپەرشتی باس دەکرد کە بۆ مەبەستێکی خراپ بێبەزەییانە وردوخاش دەکران:

– لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییانەمان برادەرەکانی بەشی ناخۆیی بێزار کردبوو، لەگەڵ ڕەسوڵدا گواستمانەوە بۆ ئوتێلێکی پلە یەك. دوو قوتابی دواناوەندیی بێکەس و بێپشت و پەنا و نەدار لەپڕێکدا ژیانمان گۆڕا.. بەجۆرێك ئەو ئوتومبیلەی لەژێر ئێمەدابوو دەوڵەمەندان خەویان پێوە دەبینی. سەردەمی شاگردی تەواوبووبوو، لەبری ئەوە هەموو شەوێك سەرمان لە چێشتخانەکە دەدا و ئەو ئەمانەتەی پێمان دەدرا بەوپەڕی هێنییەوە دەمانگەیاندە جێی مەبەست. لەپاشیدا پارەی زۆر کە ئەبڵەقی کردبووین و چاومانی بەستبوو...

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمانزانی چی دەکەین و چی دەگوازینەوە و دەبین بە هۆکار بۆ چەندەها نەهامەتی، بەڵام لەبەر ترس و تۆقین لەوانەی

سەرو خۆمان نەماندەوێرا بچووکترین ڕەخنەمان هەبێت، لەو دنیا پیسەی ئەواندا گەوزابووین. بەتەواوی مانا کەوتبووین و نەماندەتوانی هەستینەوە.

## خەونەکانی خوێندنگەمان بەبا چوون:

ئێمە کە جاران زیرەکترین و تێکۆشەرترین خوێندکاری قوتابخانەکەمان بووین، نەمانتوانی کۆتا پۆلی ئامادەیی ببڕین. نەشمانتوانی بچینە تاقیکردنەوەی وەرگیران لە زانکۆ. لەکاتێکدا ئێمە سوێندمان بۆ خۆمان و خۆشەویستانمان خواردبوو کە هەوڵ بدەین و سەرکەوتووبین، بەڵام ڕووداوەکان هەموو جۆرە جوانی و ئومێد و باوەڕێکی یەك یەك لە ئێمە دەدزی. بەپرتاو بە ڕێیەکی نەزانراودا بەرەو کۆتاییەکی نادیار ڕامان دەکرد. زۆر بێزاربووبووین لەو کارەی دەمانکرد، وەلێ توانای بەرهەڵستیمان نەبوو. بەتایبەتی دوای ئەو خەوەی بە دایکمەوە بینیم. لە خەونمدا دایکم یەخەی گرتم و ڕاپتەکاندم و قیژاندی بەسەرمدا : "تۆ کوڕی شەهیدیت کورە. ئێمە کوژراین و خوێنمان بەناحەق ڕژا، بەڵام خوای گەورە پلەی شەهیدی پێبەخشین. کەچی تۆ چوویت خۆت گلاند لە گڵاوترین ئیشەوە. بوویت بە مایەی شەرم بۆمان". ئەم خەوە ئەوەندەی تر لە ترسناکی کارەکەمان ئاگاداری کردینەوە. بەتایبەتی ڕەسوڵ هەر زۆر دوودڵ و دڵگرانبوو.

جارێکیان برێکی زۆر لە ماددەی بێهۆشکەرم پێبوو و دەمبرد بۆ ناونیشانێك. بەمەبەستی سەرشێواندن لە پۆلیس، ئەو ماڵانەی ئەم جۆرە مامەڵەیەیان تێدا دەکرا بەردەوام دەگۆڕران. بۆیە ئێمەش هەرگیز دووجار

نەدەچووین بۆ شوێنێك. ناونیشانەکەمان دۆزییەوە. خزمەتکارەکە دەرگاکەی کردەوە. یان ڕاستتر بڵێین ئەو کچە کردییەوە کە ڕۆڵی خزمەتکاری دەبینی، کە لەڕاستیدا لەوانەیە یەکێك بێت لە مشتەرییە بەردەوامەکان. وتی:

– دەتوانن جانتاکە بدەن بە من.

ئێمە سەرەتا دوودڵ بووین و پرسیاری ژنەکەمان کرد. وتی:

– ئەو ئیتر لێرە نییە.

وشەی "نییە" ی ئەوەندە بە دەنگێکی غەمگین گوت کە مانای "ئەو مردووە، نەتانبیستووە؟" ی دەگەیاند. کەواتە ئەو ڕاڕەوە تاریکە یەکێکی تریشی قووتدا.

تەسلیممان کرد. ئەو جانتایەشمان هەڵگرت کە بڕیاربوو بۆ جێیەکی تری ببەین. کچەکە وتی:

– کەمێك بوەستن. گەورەم دیاریەکەتان پێشکەش دەکات.

مەبەستی لە دیاری پارەکەبوو. پێدەچوو گەورەکەشی ئەو کەسەبێت کە سەرپەرشتی ئەو کارە پیسانە دەکات. بڕیاربوو بۆ یەکەمجار بیبینین. جا ئیتر یان بە هەڕەشە و گوڕەشە ناچاری کاری مەترسیدارتر و ئاڵۆزتری دەکردین، یان بە ستایشی درۆ دەیبردین بە حەوادا و دەیکردین بە سەگی گوێڕایەڵی خۆی.

## ڕێگایەکی بێ گەڕانەوە

بردیانین بۆ ژوورێك. وەك قۆچی قوربانی چاوەڕێی قەسابەکەمان دەکرد. پاش کەمێك پیاوێکی قۆزی جوانپۆشی قژ ماش و برنجیی خۆی کرد بە ژووردا. چل و پێنج یان پەنجا ساڵ دەبوو. بەڕوونی ڕۆحێکی جانەوەری شەڕەنگێز لەژێر زەردەخەنە دەستکردەکەیەوە دەبینرا. دەستی نایە سەر شانمان و، وتی:

– کوڕینە! پێویستە ئەوە بڵێم کە زۆر بەختەوەرم بە ناسینی ئێوە، چەند مانگێکە چاوم لەسەرتانە. کاری چاکتان کرد و هیچ هەڵەیەکتان نەکرد. بۆیە خولیای ناسینی ئەم دوو گەنجە ئازایە کەوتە سەرم. وەکو دەزانن، ئێمە تەنها لەگەڵ ئەو کەسانەدا کۆدەبینەوە کە زۆر بایەخدارن بەلامانەوە. باوەڕم وایە ئەم ڕاستگۆییەتان تا سەر بەردەوام دەبێت. لە ماوەیەکی کەمدا دەگەن بە خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندییەکی هەمیشەیی، بەڵام شتێك هەیە کە دەمەوێت بیزانن. ئێمە کەسانێکین لەپێناو پاراستنی دۆستانمان و بەرزکردنەوەیان ئامادەین گیانمان ببەخشین. دەبێت ئەوانیش بۆ ئێمە وابن. ئەگینا بێوەفاییەکی بچووك دەتوانێت ئەم دۆستایەتییە لەناوبەرێت.

دەستی بۆ گیرفانی برد. دوو پاکەتی دەرهێنا و، وتی:

ـ ئێستا شایانی ئەوەن ڕابوێرن. بەڵام لەمەولا زوو زوو یەکتر دەبینین.

بێ ئەوەی دابنیشێت ڕۆیشت. بەڵام تۆنی دەنگی ئاگری لێ دەباری. لەڕاستیدا نە یەکترناسین و نە پیاهەڵدان بوو. هەڕەشە و چاوترساندنێکی

ناڕاستەوخۆبوو. دەیویست بڵێت: " ئیتر خۆراکی تەڵەن بە دەستمانەوە. ئێمە دەتانکەین بەو قولاپەوە کە دەمانەوێت. بۆیە ئاگاداری خۆتانبن."

چووینە دەرەوە. کچە خزمەتکارەکە پێشوازی لێکردین و، وتی:

– خواردن ئامادەیە. فەرموون با بچینە چێشتخانەکە.

تەواو بێتاقەت بووبووین. دەمانویست چی زووە دەربچین. بۆیە سووربووین لەسەر ڕۆیشتن. وتی:

– نابێت. گەورەم فەرمانی داوە.

تەنانەت خواردنیش بە فەرمان بوو. چیتر ئێمە خاوەن و بڕیاردەری ژیانی خۆمان نەبووین، بەڵکو گەورەیەك فەرمانی دەدا کە فڕی بە گەورەییەوە نەبوو.

نانمان خوارد.

## لەچەك ئالاوەکان

لەوەدابووین بڕۆین کە کچە خزمەتکارەکە فەرمانی گەورەکەی پێگەیاندین. وتی:

– کۆڵان و شەقامەکان پاك نین، پۆلیس دەگەڕێت. مەترسیدارە بەم شەوە بچنە دەرەوە. گەورەم وتی کە ئەمشەو لێرە بمێننەوە.

چووینە ئەو ژوورەی کە نیشانی داین. چونکە دەرگاکەمان نیوە کراوەبوو، بەئاسانی گوێمان لە دەنگی بەرزی قسەکانی ئەودیوبوو. دیسان ڕووداوێکی نائاسایی ڕوویدەدا. دەنگەکە دەگەیشتە ئێمە و دەیترساندین و

خوێنمانی دەبەست. بۆ یەکەمجار دڵنیابووین لەوەی کە کەوتووینەتە چ زەلکاوێکەوە.

دەنگێکی گڕ دەیقیڕاند:

— تۆ خوێنی خۆتت لێ زیادە سەرسەری؟ حەتمەن بەنیازیت بتۆپیت. ترسم لە مردنی تۆ نییە ها! لەسەر ئەم هەڵەیەی تۆ منیش ڕەوانەی دۆزەخ دەکەن... ئێستا بڵێ بزانم، چۆن لە کاتی خۆیدا چەکەکان ناهێنیت؟

دەنگێکی لەرزۆك و کز دەپاڕایەوە:

- جارێکی تر دووبارە نابێتەوە گەورەم. کێشەیەك دروست بوو کە پێشتر بیرمان لێنەکردبووەوە .

- واز لە درۆ بێنە و بڵێ پارەکەم خواردووە و تەواو!

دیاربوو پیاوەکە لەژێر ئەشکەنجەدابوو، بۆیە هاواری دەکرد:

— سوێند دەخۆم گەورەم. نەمخواردووە بەخوا! تەنها پارەکە دواکەوتووە.

- کەری کوڕی کەر! بەتەمای من بخەڵەتێنیت؟ سەدان گەمژەی وەك تۆم تۆپاندووە. تۆش دەبیت بە یەکێك لەوان و تەواو.

دیسان هاوارێك کە گوێی مرۆڤی کاس دەکرد. دیسان پاڕانەوە و لاڵانەوەی بەکوڵ. بەڵام وا دیاربوو خاوەنی ئەو دەنگە دڵی لە تۆزقاڵێك بەزەیی بێبەشە و بە هیچ ڕازی نابێت. تا هێزی تیابوو دەیقیڕاند:

- بڕوانه خوێڕی! بەپەلە داوای چەك دەكەن لە من. تۆ بەڵێنت دا چەكەكان دابین بكەیت و پێشەكی پارەكەیشت وەرگرت. نازانیت ئەگەر لەسەر قسەی خۆمان نەبین هەر بەو چەكانە وەكو سەگ دەمانتۆپێنن؟!

پیاوەكەی تر بە دەنگی نووساو و ماندووەوە داوای بەزەییەكی نەبووی دەكرد:

- بەقوربانت بم، نۆكەرتم! ئاخر من چەكی سوپایەك لە هەفتەیەكدا چۆن دابین بكەم؟

- تۆ بتەوێت لە ڕۆژێكدا جێبەجێی دەكەیت. پارەكەت كەمە وا باری چەكەكان دوادەخەیت؟ بەشەكەت هەر ئەوەیە، یەك فلسی ترت نادەمێ.

- كێ بەو پارەیە ئەو هەموو چەكە دەدات؟

- كورە كوڕی كەر.. نازانم چەند ساڵە من چەك لە تۆ دەكڕم. ئەم قسەیەم بە دۆستەكانت بڵێ: ئێمە بمانەوێت چەك لە شوێنی تریش دەكڕین. ئا لەم كاتەدا كە دنیا بووە بە ئاگر و هەموو لایەك لەیەكتر بەربوون، یانی چی ناردنی چەك دەبڕن؟ دەبێت چەك زۆر دابین بكەین، تا پێكدادان زۆربێت، خوێن بڕژێت، خەڵك بمرێت، ئێمەش ئەوەندەی تر بازاڕمان گەرم بێت. چی لەوە باشتر دەبێت؟ تۆش بەم بێعەقڵییەت مشتەرییەكانمان لێدەتەكێنیتەوە و دەچن لە شوێنانی تر دەیكڕن. لەم كاتەدا كە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەكان باش كردووە و ئامادەن بیكڕن، تۆ دەچیت خاو و خلیچكی دەكەیت.

چیتر توانای بەرگەگرتنمان نەبوو. پەنجەمان ئاخنییە گوێمان تا دەنگی هات و هاوار و ئەشکەنجەدان نەبیستین .

یاری وەها؟!

من و پنار بە وریاییەوە گوێمان بۆ ئەو چیرۆکە سەرسوڕهێنە گرتبوو. لەدڵی خۆماندا دەمانوت: ئای خوایە ! توانەوە، سڕبووبووین بیرمان بۆ نەدەکرایەوە. ئای لەم دەورو یارییە بێ بەزەییانە ! ئای لەو پلانە چەپەڵانە... بۆ پارە چەندەها کەس دەبنە قوربانی؟

ئای لەو بێویژدانانەی بۆ پارە باوەش بۆ چەك دەکەنەوە، ئای! ئاخۆ ئێوە بۆ وا دەکەن؟ جا بۆ ئەو پارەیەی بۆتە خوێن و گیانتان خۆتان بە گیرفانی کێدا ناکەن؟

لەو جەنگی دژەتیرۆرەی لە وڵاتەکەماندا هەبوو ئەوانەی دڵخۆش دەبوون دەوڵەمەندەکان بوون و ئەوانەش کە دەکوژران و دەمردن و دەگریان و ژیانیان لەناودەچوو ئێمەبووین. لەبەرامبەر ئەم یارییەی ئێمەی بەردەدایە گیانی یەکترو وڵاتەکەی پارچەپارچە دەکرد، هەرلەویادا لەگەڵ ڕەسووڵ بڕیارماندا:

– ئەگەر دەشمرین با بمرین بەڵام ئیدی درێژە بەم کارە نادەین.

کتوپڕ هەنسك کێشان و فرمێسك ڕشتنی پنار گفتوگۆکەی بڕی.

## لەو ساتەدا کە وتمان با ڕزگارمان بێت

هەرچەندە کاک ڕەسوڵ و کاک ئەحمەد و مەدینەخان سەریان لەوە سووڕما، وەلێ من بەلامەوە ئاسایی بوو. ئەو کارەساتەی وەکو ئاگر ناخی پناری دەسوتاند، هێشتا وەك دوێنێ لە یادمە:

لەگەڵ پناردا نوقمی پیسێتیو کاری چەپەڵ بووبووین. مرۆڤگەلی ستەمکار و بێبەزەیی دنیای تاریکی ئێمەیان گەیاندە جێیەك کە ڕێی گەڕانەوەی نەبوو. لەگەڵ پنار بیرمان کردەوە و بڕیارمان دا: لەپێناو پاراستنی شەرەف و کەسێتی و مرۆڤێتیمان و، بۆ ئەوەی وەك مرۆڤێك بەڕووی سپی و سەری بەرزەوە بژین، پێویستە چی زووە واز لەو کار و مرۆڤانە بێنین و هەڵبێین .

بەڵێ، بڕیارمان دا. بڕیارێکی بوێرانە و دلێرانە. ئەی ئەنجام؟ ئەنجامەکەی ترسناك بوو. نازانم چۆن هەواڵیان پێگەیشت و زانییان. ئومێد و هیوای ئێمە ئەو ڕۆژە وشکی کرد. ئیتر ئێمە دوو تەرمی زیندووبووین کە ڕۆح و سەربەرزیی خۆمان دۆڕاندبوو. دوای ئەو ڕووداوە وەکو ڕۆبۆت یان مەکینەیەك بۆ کوێیان بویستایە ڕایان دەکێشاین. مەگەر چاوەڕێی چی تر دەکرێت لە یەکێك کە بەها باڵاکان و هەستە بەرزەکانی لە دەست دابێت؟

پنار چەند خەون و خەیاڵی جوانی هەبوو! ئیشێکی شەرەفمەندانەمان دەدۆزییەوە و هاوسەرگیریمان دەکرد. دەگەیشتین بەو بەختەوەرییەی کە هەموو ڕۆژێك لە خەیاڵماندا ئارایشتمان دەدا. وەلێ هەموو ئەمانە لە

شەوێکدا تەواوبوون. ئەو ئاگرەی کە ئێستاش دەمقرچێنێت هەر هی ئەو کاتەیە. هەرچیەکیش بکەم هەر لەگەڵمدایە. تەنانەت بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارە و خامۆشکردنی ئەو ئاگرە هەوڵی خۆکوشتنمان دا، بەڵام ئەویش چارەیەك نەبوو. هەنسك و ناڵەی پنار لەبەر ئەمەبوو.

گریان و فرمێسکی بەخوڕی پنار چاوی هەموانی تەڕکرد. مەدینەخان وەك دایکێکی بەڕەحم باوەشی کرد پێیدا و، ماچی کرد و، دڵی دایەوە. لەوانەیە پنار دوای ساڵانێکی دوور و درێژ ئەوە یەکەمجاری بووبێت هەست بە خۆشەویستی و دڵسۆزیی ڕاستەقینە بکات.

کاك ئەحمەد دڵی پڕبووبوو، نەیتوانی بەردەوام بێت. کاك ڕەسوڵ لەو شوێنەوە دەستی پێکرد. دەتووت سەرگوزەشتەی ژیانی ئێمە دەگێڕێتەوە نەك هی خۆیان:

– ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە بوو بە خاڵی وەرچەرخان. بەتایبەتی کاتێك زانیمان هەمان ئەو گروپە مافیایەی ئێمە تێیداین چەك بۆ هەموو لایەنەکان دابین دەکات و چی لە دەست بێت درێغی ناکات بۆ خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی و جەنگ و، بەرپرسیارە لە مردنی هەزاران بێتاوان و کاولبوونی وڵاتێك. ئیتر نەمانتوانی هەنگاوێك زیاتر بنێین. کەوایە هیچ نەبێت دەبوو خۆمان لەو چەتە خوێنڕێژانە دووربخەینەوە و ڕوومان بێت بڵێین چاکەیەکمان کردووە لە ژیانماندا. بەتایبەتی کاك ئەحمەد زۆر خولیای ئەمە بوو. چونکە ئەوانەی خێزانەکەی ئەویان ستەمکارانە کوشتبوو دوور و نزیك پەیوەندییان بە گروپەکەی ئێمەوە هەبوو.

باشه، بەڵام ئێستا دەبێت ئێمە چی بکەین؟

ئاسایی یەکەم شت کە هات بە خەیاڵماندا پۆلیس بوو. ئێمەی نەزان و کەمئەزموون ڕۆژێکیان بە خۆمان و جانتای پڕ لە ماددەی هۆشبەرەوە خۆمان گەیاندە نزیکترین بنکەی پۆلیس. نەهامەتییەکانمان لەوێوە دەستی پێکرد. تومەز چاودێرییان کردووین. بۆ سبەینێ گرتیانین. چاویان بەستینەوە و لەدوای گەلابەیەکیان هاویشتین. جەللادێکی بێبەزەیی و خوانەناس و بێویژدانیش بەزۆر سەرمانەوە قوت کرابووەوە. بە تێلاکەی دەستی شوێنێك نەما لە جەستەماندا نەیشکێنێت و خوێنی لێنەهێنێت و نەیئاوسێنێت. کابرا ڕێك بۆ کوشتن تێی دەسرەواندین نەك بۆ چاوترساندن. پێدەچوو ماندوو بووبێت، بۆیە جلەکانی بەری داکەندین. پاشان بە چەقۆکەی هەموو گیانی ڕووشاندین. بەجۆرێك پشتمان شەقار شەقار بووبوو.

ئەمە چۆن ئەشکەنجەیەك بوو؟ چ مرۆڤایەتییەك بوو؟ چ وەحشیگەرییەك بوو؟ لەوانەیە نە سەربڕەکانی ستالینی کۆمیونیست و نە پیاوە فاشیستەکانی هیتلەر ستەمی وایان نەکردبێت.

هەستم کرد ئەحمەد دەنگی نەما. منیش بەرچاوم ڕەش داهات و دڵم هات بەیەکدا. چیتر نەمدەتوانی هەناسە بدەم. هێواش هێواش بەرەو مەرگ ڕێمان دەکرد.

# بەشی سێیەم

## ئەو ڕۆژانەی بەرگەگرتنیان ئەستەم بوو

من و پنار لەم ڕووداوە جەرگبڕترمان بەسەرهاتبوو.

پناریان ناچارکرد بە کردنی کارێکی ناشرین کە هەرگیز پێی خۆش نەبوو. هەردووکمان بەتوندی ڕەتمان کردەوە. ئەو کەسەش کە دەیویست ئەو کارە بکات بەحساب گەورەمان بوو و سەرپەرشتی فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکانی دەکرد.

هەردووکمانی برد بۆ ژێرزەمینێك. دەستی بەستینەوە و ڕووت و قووتی کردینەوە. سەهۆڵاوی پێدا دەکردین و چەندەها سەعات بە پەلەقاژە و پاڕانەوەمان پێکەنی. پنار دەیقیژاند و زایەڵەی دەنگی ئاگری لە هەناوی مرۆڤ بەردەدا:

"بمکوژن، چیتر نامەوێت بژیم" !

بەڵام بەزەییان لەکوێ بوو تا ئەو سەدایە ببیستن؟ سەرما و ئازاری ئەو ڕۆژە بوون بە هۆی سستبوونی گورچیلەکانی پنار.

ئەو ژەهرەیان بە ئێمە دروست دەکرد و بە ئێمەیان دەفرۆشت و ئێمەشیان ژەهراوی دەکرد. کەچی پارەکە خۆیان دەیانخوارد و ڕایاندەبوارد. هەر کاتێك ئەو ڕووداوەم بیردەکەوێتەوە وەك پشکۆیەك دادەگیرسێم. هۆکاری پشت هەڵکردنمان لە ژیان ئەوەبوو نەماندەویست جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەو پیسی و نەگبەتییە ببینەوە.

کاك ڕەسوڵ لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەیان بەردەوام بوو:

ـ ئیتر لەو حاڵەدا هیچ هیوایەکمان نەمابوو و چاوەڕێی مردنمان دەکرد. بەڵام لەناکاو ئوتومبێلەکە بەتوندی لەرزی. لە پشتی سەرگیراوی گەلابەکەدا بەملاو بەولادا کەوتین و تەقلەمان دەدا. نازانم ئوتومبێلەکە چەند جار وەرگەڕا و ئەمدیو دیوی کرد. کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم پۆلیسەکان دەست و چاویان دەکردینەوە. کە ئێمەیان بەو حاڵەوە بینی زۆر سەرسام بوون .

تومەز پۆلیس ویستوویەتی سەیارەکە ڕابگرێت، بەڵام ئەمان بەنیازبوون نەوەستن و بەخێرایی هەڵبێن. هەر بۆیە لەو خێراییەدا وەرگەڕاوە. تۆ سەیری کاری جوانی خوای گەورە بکەن، ئێمە بۆ کوژران برابووین کەچی ڕزگارمان بوو. کابرای فەلاقەکار و شۆفێرەکەش هەر لەوێدا گیانیان لە دەست داوە .

چارەسەری نەخۆشخانە زۆری خایاند. تەنانەت ئەو پزیشکانەی سەرەتا هاتن بەدەممانەوە زۆر سەریان سووڕمابوو لەوەی چۆن ماوین. پزیشکێك یارمەتی داین و دەستی گرتین کە سەرلەبەری تەمەنمان قەرزاری

ئەوین. لە سایەی ئەودا ڕزگارمان بوو و ژیانێکی نوێمان پێکەوە نا. ئەو کەسە بوو بە باوکی ماددی و مەعنەویمان .

## ئەو مرۆڤە فیداکارانەی دەستگیرۆییان کردین

بۆئەوەی جارێکی تر نەکەوینە دەست ئەو پیاوخراپانە، بە یارمەتی پۆلیس ناسنامەمان گۆڕی و پاشان لە شارێکی تردا بە کۆمەکی دکتۆر مستەفا دەستمان کرد بە خوێندن. دوای ئەو وانە فەرامۆش نەکراوانەی ژیان پێی داین، بە هەموو هێزمان باوەشمان کرد بە خوێندندا. لەگەڵ ئەحمەددا لەپاڵ خوێندندا بۆیاخچێتی و دەستگێڕیشمان دەکرد. لە هەمووی گرنگتر دکتۆر مستەفا بە وانە بەپێزە ئیمانییەکانی دنیای ڕۆحمانی ڕووناك کردەوە و ژیانی مەعنەویمانی بووژاندەوە. بەمەش دەرگای جیهانێکی ئاسوودە و ئارامی بۆ کردینەوە. ئەوکات باشتر تێدەگەیشتین لەوەی کێین و، بۆچی دەژین و، چ هەڵەیەکمان کردووە و، پێویستە چ چاکەیەك بکەین .

ئەو کەسەی کاك ڕەسوڵ و کاك ئەحمەدی ڕزگارکردووە پزیشکێکی ئیمانداربووە. ئەوەی ئێمەشی ڕزگارکرد هەر پزیشك بوو. ئەویش لە باشیدا کەموێنەیە. دەڵێیت ئەم چیرۆکانە دوو بەشی یەك ژیانن... وەك بڵێیت ڕێبوارانی هەمان ڕێ لە شوێنێکدا کۆبوونەتەوە. بەڕاستی حاڵەتێك بوو ئەگەر بیری لێبکرایەتەوە نهێنی و پەیامی زۆری تێدابوو .

بەڵام من و پنار توانای ئەم جۆرە ڕاڤەکردنانەمان نەبوو. سەرەتایەکی نوێ و ژیانێکی تازە.. بەخۆداچوونەوە و سەرلەنوێ

بنیاتنانەوە.. ئەمانە زۆر زۆر گران بوون بۆ ئێمە. نە بیر و نە ڕۆح و نە باری دەروونیمان ئامادەنەبوو بۆ ئەمە. زۆرم حەزدەکرد سەرەڕای هەموو ئەو خراپانەی تووشی بووین سەرەتایەکی نوێ بەرپابکەین و، ئەو کارەساتانەی ڕوویاندا بە نەبوو ئەژماریان بکەین و، خۆمان بۆ ژینێکی دوور لە تاوان تەرخان بکەین، وەلێ ئەوە مەحاڵ بوو. ئەمە وەك ئەوە وابوو درەختێکی وشك ژیانی بەبەربێتەوە و مردوو زیندووببێتەوە. چۆن خوا یارمەتی دوو کەسی دەدا کە ژیانیان تەنها لە سەرپێچیدا بردبێتە سەر؟

ئەگەر وایە ئەم ڕووداوە ڕازئامێزانە مانایان چییە؟ دوای ئەو کارەساتانە ئەم دیارییە جوانانە چییە پێشکەشمان دەکرێت؟ هۆکاری ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ ئەم مرۆڤە پاکانەدا چییە؟

نەمدەتوانی لەم جەنگی بیرکردنەوەیە دەربازبیم. حەتمەن پناریش دەبێت وابێت، چونکە ئاگام لێبوو زوو زوو خەیاڵ دەیبردەوە. بڵێی ئەمە ڕێیەکی تازە بێت؟ یاخود بەهارێکی کاتییە لەناوەڕاستی زستانێکی سەختدا و، تەنها هەناسەیەکی کورتی ئاسوودەییە؟

لەکۆتایی ئەو گفتوگۆ شیرین و بەنرخەدا کاك ئەحمەد داوای مۆڵەتی ڕۆیشتنی کرد. دڵی داینەوە و، وتی:

– پشت بەخوا زوو زوو یەکتر دەبینین.

بەلام کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان کە چەند مانگێك بوو جێیان نەهێشتبووین، لامان مانەوە.

## لە نەخۆشخانە دەردەکراین

لەکۆتاییدا دەردەسەری نەخۆشخانە بە پایان گەیشت. پزیشك وتی:

– دەی کەفارەتتان بێت! ئیتر لە من ساغترن. ئەمڕۆ دەرتـان دەکـەین. هیچ نەبێت لەمەودوا ئاگاتان لە خۆتان بێت. خوای گەورە بە موعجیزەیەك ڕزگـاری کـردن و ژیـانی پێبەخشـین. کاتێـك هێنـران بـۆ ئێـرە هـەمووتان دەستمان لێ شتبوون. با بزانن هەموو کاتێك خـوا هـەلی وا بـە بەنـدەکانی نـادات. پێویسـتە بـاش لـە حیکمـەتی ئەمـە تێبگـەن و ئـەم تەلیسـمە شـیکاربکەن. ئـەوەی لەسـەر شـانی ئێمـەبوو کردمـان و ئێـوەش بـە بۆچوونەکانی خۆتاندا سەبارەت بە ژیان بچنەوە و، هـەوڵ بـدەن پەنـد و ئامۆژگاری لە ڕووداوەکان وەربگـرن. ئـەگینا مـردن هـەموو کاتێك دەست مرۆڤ ناکەوێت. چونکە مردنیش چاکە و جوانییە. چونکە تەنها خـوا" گیـان دەبەخشێت و، خـواش وەریـدەگرێت. لـەبیرتان نەچـێت خۆکـوژی کۆتـایی ژیانێك نییە، بەڵکو سەرەتای نەهامەتییە.

پزیشکەکە ڕاستی دەوت. بەئاشکرا دیاربوو دەسـتێکی نادیـار ئێمـەی گەڕانـدەوە بـۆ ژیـان. پێویسـتبوو ئـەم ڕووداوە ورد و پـڕ لـە پەنـدە بـە دروستی هەڵبسەنگێنین. بەڵام بە چ ژیری و داوەرییەك ئـەوەمان بکردایـە؟ ڕابردووی نەفرەتی ئیرادەی بۆ نەهێشتبووینەوە !

گەیشتین بە لەشساغی و لە نەخۆشخانە ڕوخسەتیان دەداین. تا ئێرە هەموو شتێك باش بوو، وەلێ ئەی لەمەودوا؟ دەچووین بۆ کوێ و لـە کـوێ دەماینەوە؟ لەلایـەك پـۆلیس و لەلایـەك مافیـا و خوێنڕێـژان... باشـە ئـەم

چوونه دەرەوەیە چوون بەرەو مەرگ نەبوو؟ کەوایە لەشساغی و دەرچوون لە نەخۆشخانە سەربەستی نییە، بەڵکو بەردەوامیی مەینەتییەکانە. خۆزگە چارەسەرمان تەمەنێکی دەخایاند و بۆ خۆمان بێوەی لەوێ جێمان دەبوویەوە !

پنار و کاک ڕەسوڵ و مەدینەخان لە ژوورەکەی مندا بوون. پێکەوە سەیری هەواڵەکانی بەیانیمان دەکرد. کاتێک باس لە دەرچوونی پرۆژەیاسای لێبووردنی گشتی کرا لە پەرلەماندا، کاک ڕەسوڵ بە خۆشحاڵییەوە ئاوڕی بۆ داینەوە و، وتی:

- دەی چاوتان ڕوون، ئیتر پۆلیس بەشوێنتاندا ناگەڕێت.

کەواتە کاک ڕەسوڵ دەیزانی! ! تەنها زانیارییەکی سەرپێییمان لەسەر ڕابردوومان پێدابوو. بەڵام ئەو دەیزانی تووشی چ تاوانێك هاتووین و، چۆن لە کاری پیسەوە گلاوین و، بۆچی هەوڵی خۆکوژیمان داوە، یاخود لەوانەیە تەنها پێشبینی کردبێت.

ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو یان ناخۆش؟ دەبوو دڵمان خۆش بێت یان تەنگ؟ ڕزگاربوون لەوەی پۆلیس بمانگرێت، سەربەستییە یان سەرەتای کۆتاییە تاڵەکەمانە؟ واتە ئەم لێبووردنە گشتییە ڕاستەوخۆ پاڵمان پێوە نانێت بۆ لای دوژمنە دڵ پڕ لەقینەکانمان؟ هیچ نەبێت ئەگەر پۆلیس بیگرتینایە لە بەندینخانەدا گیانمان لە مەترسیدا نەدەبوو. ئەی ئێستا؟ بەتەواوەتی بێچارەبووین .

دەستمان کرد بە خۆپێچانەوە. یەك یەك خواحافیزیمان کرد لەو پزیشك و پەرستار و کارگوزار و پۆلیسانەی کە لەو ماوەی هەشت مانگەدا وەکو یەك خێزانمان لێهاتبوو. چاوان تەڕبوون و دڵان تەنگ. تەنانەت ئێمەش گۆڕابووین چونکە دەمانتوانی بگرین و خەمباربین. لەحاڵێکدا دەمێکبوو ئێمە وەك ڕۆبۆت دەژیاین و ئەو شتانەمان لەبیرچووبووەوە. کەواتە هەشت مانگی بەئازاری نەخۆشخانە ئەو هەستە کۆن و تۆزلەسەرنیشتووانەی تێدا ژیاندینەوە. ئەمە هێمایەکی باش بوو یان خراپ؟ بێگومان خراپ... چونکە ژیانێکی بێڕۆح و دوور لە بیرکردنەوە کەمتر ئازاری دەداین، وەلێ هەنووکە هەموو ڕووداوێکی ناخۆش برینەکانمانی دەکولاندەوە و هەست و سۆزمانی بریندار دەکرد.

## ڕزگاربوون، یاخود سەرەتای نەهامەتی؟

خۆمان ئامادەکردبوو، بەڵام جلێك نەبوو بیپۆشین. ئەو تیشێرتە سادانەی لە کاتی کارەساتەکەدا لەبەرماندابوون ونجڕ ونجڕ بووبوون. تەنها ئەو جلی خەوەمان هەبوو کە کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان بۆیان هێنابووین. لەگەڵ پناردا نەماندەزانی چی بکەین و سەرمان سووڕمابوو. ئەوەندەمان زانی کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان خۆیان کرد بە ژووردا، بە خۆیان و زەردەخەنەی سەرلێویان کە قەت کەمی نەدەکرد و پاکەتەکانی دەستیان... وتیان:

– ئەمانەمان بۆ ئێوە کڕیوە. ئیشەڵا بە بەرتان دەبێت.

لەگەڵ پنار سەیری یەکمان کرد. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو دیمەنە زۆر کاری لێکردین.

چاکەکاری..!

ئەو چاکەیەی کە لەبیرمان چووبووەوە و ناویشیمان لەیادکردبوو!

کاتێك لەگەڵ پنار جلەکانمان تاقیدەکردەوە، بەزۆر خۆمان گرتبوو نەگرین. جلوبەرگی نایاب و گرانبەهابوون .

هەرچەندە نەماندەتوانی قسەی دڵمان بەیەکتر بڵێین، وەلێ من و پنار بیرمان لە هەمان شت دەکردەوە: " بڵێی ناوەوەشمان وەکو دەرەوەمان ئاوا تازە و پاك ببێتەوە؟"

وەك ئەوەی یەکەمجارم بێت بینیبێتم، بەسەرسامییەوە کەوتمە ڕوانین لە پنار. کچێك بە قاچێکی دەستکرد و، جەستەیەکی ماندوو و لاواز و، ڕوخسارێکی ڕووناکەوە. هەرچەندە زۆربەی هەستە مرۆییەکانمان لەدەستدابوو، بەڵام پەڕینی قاچێکی ئەو، هەمیشە وەك تیرێکی ژەهراوی لە دڵمدابوو. لە دڵی خۆمدا دەمووت خۆزگە هی من بقرتایە! چونکە ئەو بەو هەموو جوانی و باشییەوە شایانی ئەوە نەبوو. تاوانباری سەرەکی من بووم و دەبوو من سزابدرێم.

بەتایبەتی کاتێك پنار بە ڕوانینێکی شیرین سەیری جلەکانی کردم و زەردەخەنە گرتی، ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە یەکمان ناسی. بە خۆمم وت: "دەبێت ئەو ڕۆژە بە حەسرەتەوە یان بە نەفرەتەوە یادبکەینەوە؟ دەبێت

بلێین خۆزگە یەکمان نەناسیبا، یان بەس نەبوو یەکترمان دۆزییەوە؟ ".
بەڵام هەرچۆنێك بێت، ساتێکە کە هەرگیز لەبیرم ناچێت.

ژیانە پڕدەردەسەرییەکەم
بە خەیاڵ گەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژە...
مەگەر خوا بزانێت چەندجار بیرم لەو دیمەنە کردووەتەوە!

باوکم زۆر دەوڵەمەندبوو. بۆیە زۆر سەرەڕۆ و نابەرپرسانە گەورەبووم. لەسەر هیچ شتێك لێم نەدەپرسرایەوە و چیم بویستایە لە دەستمدابوو. بارودۆخی خێزانەکەشمان تابڵێی شڵەژاوبوو. کە پارە لە گیرفانماندا زۆربوو کەس نەیدەزانی کێ خەریکی چییە. ڕاهاتبووین بەو قسە و قسەلۆکانەی دەربارەی باوکم دەکران. وردە وردە ناوی منیش تێوە دەگلا لەو جۆرە بەیت و بالۆرانەی دانیشتوانی گەڕەکەوە. وەلێ چەند قسەیەك سەبارەت بە خوشکە گەورەکەم پشێوی لە ماڵماندا نایەوە. لەسەر ئەوە (سەودا) ی خوشکم ماڵی جێهێشت. بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەك بە خەڵەتێنراوی و بەجێهێڵراوی گەڕایەوە. دیسان باوك و دایکم باوەشیان بۆ کردەوە. وەلێ خوشکم بەرگەی نەگرت و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

بیری خۆکوژی لەو کاتەوە وەك بزمارێك لە مێشکم چەقی و جێگیربوو. خۆکوشتن بەلای کەسانی باوەڕ لاوازەوە ڕێگای ڕزگاربوون بوو لە کاتی تەنگانەدا، ئەمە لە مێشك و خەیاڵمدا ڕەگی داکوتا و مایەوە.

# بەشی چوارەم

## جوانی خۆرهەڵاتیشم سوتاند

بەڵێ، لەو ڕۆژەدا پنارم ناسی. کچێکی باڵابەرزی ئەسمەری چاوجوان بوو. بە شەوقەوە هاتبوو بۆ خوێندن. کەسێکی زۆر شەرمن و بەڕەوشت بوو. ئەوەندە بەڕێز و بەحەیابوو، ئێستاش لەعنەت لە خۆم و ئەوانە دەکەم کە بوون بە هۆکاری ئەو هەموو بەڵا و نەگبەتییەی بەسەر ئەو کچە داماوەدا هات. هەرچەند ئەو چەندەها جار وتوویەتی " تۆ تاوانبار نیت، من تۆم بەخشیوە "، بەڵام من ناتوانم لەخۆم ببوورم و تا ماوم ئازاری ویژدانم سزام دەدات.

پنار ئەوەندە ڕاستگۆ و پابەند بوو بە بەڵێن و پەیمان و خۆشەویستییەکەیەوە، گەر هەزارانی وەك من کۆبکرێنەوە هێشتا هەر پێی ناگەنەوە .

چـۆن لـەبیرم دەچـێتەوە ئـەو یەکـەم ڕۆژە؟! هـەر لـەو ڕۆژەوە پـەیمانێکی دا و لـەپێناو نەشکاندنی بەڵێنەکەیدا هیچ فیداکارییـەك نـەما نەیکات .

ئەو ڕۆژە چووم بۆ زانکۆ. بۆ ئـەو کۆلێجـەی کـە چـەندەها ساڵ بـوو تێیـدا دەمامـەوە و دەرنەدەچـووم. مەبەسـتم خوێنـدن نـەبوو، بـەڵکو لـە بیانوویـەك دەگـەڕام سـەری قسـە لەگـەڵ گـەنجان بکەمـەوە و مشـتەری بدۆزمەوە بۆ فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان. هەر ئەوەنـدەی کەوتیتـە نـاو ئەو دنیا پیسەوە، ئیتر چەند نـاڕازی بیـت لـەو کـارەی دەیکـەیت و چـەند ویژدانت ئازارت بدات، چـارەیەکی تـرت نییـە. یـان دەبێـت ڕۆژانـە گـەنجی تـازە بدۆزیتـەوە و ژەهراوییـان بکـەیت، یـان خـۆت ژەهـراوی دەکرێـت و ڕووبەڕووی کۆتاییەکی ترسناك دەبیتەوە. چ ڕاستییەکی تاڵ بوو ئەوە. من کەسێك بووم بۆ ئەوەی نەکوژرێم کەسانی ترم دەکوشت.

ئەو ڕۆژە چەند کارێکی سـەرپێییم ئەنجامـدا و چـەند گـەنجێکی نـوێم کرد بە هاوڕێم. قەرەباڵغییەکم بینی بـەرەو ژێرزەمینـی کـۆلێج دەڕۆیشـت، بەوەدا تێگەیشتم کە ڕۆژی هەینییە.

کە ئەو خوێندکارانەم بینی لە دڵی خۆمدا وتم: " سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی دەدرێت بۆ ژەهراوی کردنـی گـەنجان و تێکـدانی وڵات و ڕووخانـدنی ڕەوشـتی لاوان، کەچـی هێشـتا کەسـانێك هـەن کـە چـاکن و تەقـەلای چـاکە دەدەن. " هەرچـەندە دوور و نزیـك پەیوەنـدیم بـە خـوا و

ئیمان و بەندایەتییەوە نەبوو، وەلێ نەمدەتوانی بە چاوی سەرسوورمانەوە بۆ ئەو کۆمەڵە گەنجە نەڕوانم و ئیرەییان پێ نەبەم.

کتوپڕ جووڵەیەك لە ناخمدا بەرپابوو سەبارەت بە دوعا و نوێژ و ئەو مزگەوتەی کە جەژنە و جەژن سەرێکم لێدەدا. بێنەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە چەند تاوانبارم و، تەنانەت لەوەی کە پاك و گونجاو نیم بۆ نوێژ، تێکەڵی کۆمەڵەکەبووم. لەناکامدا خۆم لە مزگەوتە بچووکە قەرەباڵغەکەدا دیتەوە. لەوانەیە ئەوە زیندووبوونەوە و هاواری کتوپڕی ئەو خووەی جاران بێت کە جاروبار بەشداری نوێژی هەینیم دەکرد.

## تۆ سەیری کاری خوا بکە

ئەو نوێژە نوێژێکی تەواو جیاوازبوو. چونکە یەکەم نوێژبوو بە شەرم و تەریقی و سوورهەڵگەڕانەوە کردبێتم. کاتێك لەو کەشە ڕۆحییەدا مەست بووبووم، لەناکاو بیرم کردەوە لەوەی من چی دەکەم لەنێو ئەم مرۆڤە پاك و دروستانەدا؟ نەك تەنها بیرکردنەوە، بەڵکو لەپڕێکدا شڵەژام و پەشۆکام، تەنانەت ترساشم. خێرا خۆم گەیاندە ڕیزی دوای دواوە و ویستم لەو دووڕوویی و شەرمە قوتاربیم. تا نوێژەکە تەواوبوو جێم بەخۆم نەدەگرت. ئەوەندە سەرم گێژی خوارد دەتووت یەکێك دەستی ناوەتە بینم و، قورسییەکی زۆر لەسەر دڵمە. هەر کە نوێژ تەواوبوو بەپەلە خۆم گەیاندە دەرەوە. هەستم کرد شتێکی شلەتێن لە لووتمەوە دێتە خوار. دەمارەکانم چیتر بەرگەی ئەو پەستان و تۆفانەیان نەگرت و خوێنێکی زۆر لە لووتم

دەهات. لەسەر کورسییەك لە بەردەم دەرگای مزگەوتەکەدا دانیشتم. چونکە پەڕۆیەکم پێنەبوو هەموو گیانم بووبوو بە خوێن.

پاش تۆزێك گروپێك خانم لە مزگەوتی کچان هاتنە دەرەوە و بەلامدا تێپەڕین. کاتێك منیان لەو حاڵەدا بینی ویستیان یارمەتیم بدەن. یەکێکیان دەستەسڕێکی دامێ و، وتی:

- فەرمووو برا. هەوا گەرمە، لەوانەیە هی ئەوەبێت...

لەو کاتەدا چاومان چووە سەر چاوی یەك. ئەوە چ جوانییەك بوو خوایە گیان! بەجارێك هەموو بوونمی لەرزاند و سەرلەبەری بۆچوونەکانمی سەبارەت بە خۆشویستن گۆڕی.

## یەکەم عەشقم

جوانی و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی دڵمی پێکا. بەتایبەتی لە جلە پۆشتەکەیدا دەتووت فریشتەیەکە و دابەزیوەتە سەر زەوی .

لەو کاتەدا کە پشتی هەڵکرد و ویستی بڕوات، نەمتوانی بەر بە هەستەکانم بگرم و، وتم:

- زۆر سوپاس خانمی بەڕێز! هەرچەند ناویشت نازانم، بەڵام ئەزێتت کێشا. حەزدەکەم ئەو کچە بناسم کە ئەم چاکەیەی لەگەڵ کردم .

بەشەرمەوە بەحاڵ زەردەخەنە گرتی و، وتی:

- هیچم نەکردووە. تەنها پارچەیەك دەستەسڕم پێداویت. هەرکەسێکی تر بووایە ئەوەی دەکرد.

دەستم درێژکرد و خۆم ناساند:

ـ من قوتابی ئەم کۆلێجەم. لە قۆناغی سێم، ناوم ئومێدە .

بەڵام دەستم بە بۆشی لە هەوادا مایەوە. دڵم گەردی نەگرت لە ڕەفتاری ئەو کچە بالاپۆشەی کە تازە لە مزگەوت هاتووەتە دەر. بەپێچەوانەوە زۆرم پێ خۆشبوو. لە بەرامبەرمدا کچێك ڕاوەستابوو کە ناشرینییەکانی شارێکی گەورە پیسی نەکردبوو.

تکام لێ کرد:

ـ ناتەوێت ناوت بڵێیت، لەوە تێگەیشتم. ئەی چۆن بتدۆزمەوە؟ هیچ نەبێت ئەوە بڵێ!

زۆر بە شەرم و بێتاقەتییەوە وتی:

ـ پێویست بەوە ناکات.

لێی پاڕامەوە:

ـ تکایە، بۆ خاتری خوا، با ئەم ڕووبەڕووبوونەوە جوانە لێرەدا تەواو نەبێت. زۆرم پێویست بە کەسێکی پاکی وەك تۆ هەیە. پێویستە ئەم ڕووداوە مانایەکی هەبێت. گەر تۆش نەیەیت من سبەی بەیانی تا ئێوارە لێرەدا دەوەستم.

ڕۆیشت...

نازانم گوێی لێبوو یان نا، وەڵامەکەی بەڵێیە یان نەخێر. تەنها یەك شتم دەزانی: لە هەموو ئەو کچانە جیاوازبوو کە تا ئێستا لە ژیانمدا ناسیبوومن. هەر بەڕاستی ویستم بیناسم و مەبەستێکی خراپم نەبوو.

چەندەها جار ئەوانەی سەرو خۆمان ئاگاداریان کردبووینەوە:

"کەوتنــە داوی کچــانەوە قەدەغەیــە. کاروبــاری دڵ بــازاڕی ئێمــە تێکدەدات. قەیناکـە لـە مشـتەری دۆزینـەوە و گواسـتنەوەی ماددەکـەدا بەکاریان بهێنن. ئەگینا بەپێچەوانەوە خاوتان دەکەنەوە و دەبن بە لەمپەڕ لـە ڕێتانـدا. لـە هەمووشـی خـراپتر ئەگـەر بـزانن خـەریکی چ کـارێکن زوو ئاشکرا دەبن ".

قەیناکە. سەرباری هەموو ئەو ئاگادارکردنەوە و فەرمانانـە، ئـەو کچـە ئەوەی دەهێنـا. تەنانـەت مـردنیش لەپێناویـدا قـازانج بـوو. وابـزانم گشـت پێوەرەکانمی ئاوەژوو کردبوو.

ئــەو شــەوە هــەر ڕۆژ نــەبووەوە. بــەیانی زوو چــوومە دەرگــای مزگەوتەکە، وەلێ نەهات. بەڵام زانیاری تـەواوم دەست کەوت لـەو کچـانەی کە لەگەڵمدا لە کۆلێژ کاریان دەکرد:

"کچێکی زیرەکە و دەتوانرێت متمانەی پێبکرێت"...

لەبــەر دروســتی و جــوامێری و شــێوە ژیــانێکی تایبــەت بــە خــۆی، هاوڕێکانی بە " کچی خۆرهـەڵات " بـانگی دەکـەن. دەڵـێن کـە بێجگـە لـە خوێندن و سەرکەوتن بیر لە هیچی تر ناکاتەوە. چەند کوڕێـك ویسـتوویانە لێی نزیك ببنەوە، بەڵام هەموویانی ڕەتکردووەتەوە .

کچــی خێزانێکــی هــەژارە و برایەکیشــی هەیــە لــە هــەمان کۆلێــژ دەخوێنێت. بەجووتـە لـە ڕۆژانـی پشـووی هەفتـەدا کاردەکـەن و خـەرجی خوێندنیان دەردێنن. ئەم خوشك و برایەی کە دەسـتی یـەکتریان گرتـووە، جگە لە زوو تەواوکردنی زانکۆ هیچ مەبەستێکی تریان نییە .

برادەرەکانم لە کاری فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکاندا لە خەلیلی برای پنار نزیك بووبوونەوە. ویستبوویان بەهۆی ئەوەی کە سەرڕاستە و هیچ گومانێکی لەسەر نییە، لە کارە پیسەکەیاندا بەکاری بهێنن. بۆیە فەقیرە چەند جارێك کێشەی لەگەڵ پۆلیس بۆ دروست بووبوو. منیش ئەوەم لە خوا زانی و چووم خۆمم پێناساند و لە دەستی هاوڕێکانم ڕزگارم کرد. ئەم بابەتەی بۆ خوشکەکەی گێڕابووەوە و ئەویش زۆری پێ خۆشبوو. ئەمەم کرد بە بیانوویەك و دەعوەتم کردن بۆ خواردنگەیەك. بەتایبەتی چێشتخانەیەکی جوان و پارێزکارم هەڵبژارد. پێشتر بە شاگردەکانم ڕاسپارد کە خزمەتێکی تایبەتمان بکەن.

## خۆشترین پەردەی شانۆی ژیانم

چرکەساتی یەکتر بینین شۆکێك بوو. پنار کە منی لە بەرامبەریدا بینی واقی وڕما و، وتی:

- ئا ئا، ئەوە تۆیت؟

ئەوەك براکەی بە هەڵە تێبگات یەکسەر وتی:

- خەلیل. ئەم پیاوە لە مزگەوت هاتبووە دەرەوە و لووتی خوێنی لێدەهات. منیش دەستەسڕێکم پێدا. واتە هەر ئەم تۆی لە دەستی پۆلیس ڕزگارکردووە؟

ئاه کچی خۆرهەڵات ئاه! بڕوانن لەو نیەتە پاکەی! وای زانیوە من نوێژخوێنێکم و، بەزەیی پێمدا هاتووەتەوە و، دەستی یارمەتی بۆ درێژکردووم. ئەگەر ئەو کاتە بیزانیایە ئەو نیەتە پاکە چۆن دەیکات بە

قوربـانی ژیـانێکی بێبـەزەیی، دڵنیـام هـەر لەوێـدا پشـتی هەڵـدەکرد و دەڕۆیشت.

مـن زۆر سـووربووم لەسـەر ئـەوەی کـەمێك دانیشـن. بەناچـاری و شەرمەوە وتی:

- ئێمە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خوێندن هاتووین.

- خەڵکی چ شارێکن؟

نەیویست زانیاری تایبەتی بدات، منیش زۆرم لێنەکرد .

پاش ئەو دیدارەی یەکەم جار چەندین جاری تـر ئـەو خوشـك و بـرا دڵساف و بێوەیەم بینی. هەرچـەندە ئـەوان لـە دڵـەوە حـەزیان نـەدەکرد، بەڵام من وا نیشانم دەدا کە بە ڕێکەوت دیومن. وەلێ ڕاسـتیەکەی ئـەوەبوو پێشتر پلانی زۆر وردم بۆ دەکێشا. بەو جۆرە دۆستایەتی نێوانمان تا هات پتردەبوو. بەتایبەتی ئەوەی کە وەکو براگەورەیەك یارمەتی خـەلیلم دەدا، دڵی هەردووکیانی خۆش دەکرد .

## دڵیم فڕاند

جـا چـیم نـەکرد لـەپێناو بەدەسـتهێنانی دڵـی کچـی خۆرهـەڵات؟ بـە بیـانووی جۆراوجـۆر زوو زوو لـە بەردەمیـدا قـوت دەبوومـەوە. لـە هـەموو بارێکیشدا خۆم وەکـو گـەنجێکی دینـدار دەردەخسـت. چـەندین مـانگ لـە دوورەوە چـاودێریم کـردن. بـۆ خۆشـیرین کـردن، چـەندین جـار براکـەیم تووشی کێشە دەکرد و پاشان کێشەکەم بۆ چارەسەر دەکرد.

لە هەموو هەلێکدا سەرسامی خۆم بەرامبەر ئەو شتانە دەردەبڕی کە ئەو بە پیرۆزی دادەنان. لەکۆتاییدا سەرەڕای بەرەنگاری و ڕەتدانەوەیەکی زۆری کچی خۆرهەلات، توانیم سەرکەوتووبم لە ڕاکێشانی دڵیدا. ئیتر پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوانماندا دروست بوو. بەلام هەرگیز کچی خۆرهەلات سنووری نەدەبەزاند و، قەت بە تەنیا لەگەڵم نەدەوەستا.

ئەوانەی سەروو خۆم کە بەو پەیوەندییەی منیان زانی چەندجارێك ئاگاداریان کردمەوە. چاوەڕوانبوون بە زووترین کات بیپچڕێنم. دەترسان لەوەی کارەکەم ئاستەنگی بۆ دروست ببێت یان ئاشکرابیم. هەر بۆیە دەیانویست ڕێگریم لێبکەن.

نە خەلیل و نە پنار نەیاندەزانی خەریکی ئەو کارەم. بەلام ئەوانەی سەروو خۆم دیسان لە خەلیلیان هەلپێچابوو. دەیانویست بەوە چاوترسێنی من بکەن.

لەکۆتاییدا خەلیل بە حاڵی منی زانی و بۆ خوشکەکەی گێڕابووەوە. منیش بە پنارم وت: " جاران لەو جۆرە کارانەوە تێوەگلابووم، بەلام ئێستا وازم هێناوە ". ئەو دوو هەژارەش باوەڕیان بە قسەی کەسێکی وەك من کرد. بەچیدا بزانن تا قورگم لە چەپەڵیدا نوقم بووم؟ وایان دەزانی هەمووان وەك خۆیان سەرڕاستن.

پاش ماوەیەك داوای هاوسەرگیریم لە پنار کرد. سەرەتا ڕازی نەبوو و ڕەتی کردەوە. دواتر وتی دوای تەواوکردنی کۆلێژ ئەگەر بتوانێت هەژارانەکەی ڕازی بکات، ئەوکاتە لەوانەیە...

گوێم به قسـەی بازرگانـانی مـادده هۆشـبەرەکان نـەدا و لـه کۆتاییـدا ئـەوەی لێـی دەترسـام بەسـەرم هـات. لـه ژێرزەمینێکیـان هاویشـتم و تـا بـەیانی ئەشـکەنجەیان دام. دوو فیشـەکیان بـه قاچـی ڕاسـتمەوه نـاو و ڕۆیشتن. ئەوه دوایین ئاگادارکردنەوەیان بوو، ئەوەم زۆر باش دەزانی.

سـێ چـوار ڕۆژ نەچـووم بـۆ زانکـۆ. دواتـر نـاردم بەدوایـدا بێـت بـۆ نەخۆشخانه. نازانم چۆن باسی ئەوه بکەم که چەند خەفەتی خوارد کاتێك منی بەو حاڵەوه بینی. تێگەیشتم ئیدی جێیەکم له دڵیدا بۆ خۆم مسۆگەر کردووه. ماوەیەکی دوور و درێژ فرمێسکی بۆ منی بێنرخ هەڵڕشت.

هەرگیز شایستەی خۆشەویستی و سۆزی کچێکی پاك و بێگەردی وەك ئەو نەبووم. زۆرجار بیرم لەوه دەکردەوه واز لـەو کچـه زیرەکـه بهێـنم کـه داهاتوویەکی پرشنگداری هەیه، بەڵام چی لەگەڵ دڵی سەرشێت دەوترێت؟

پێم وت:

– ویستیان ناچارم بکـەن بـه کـاری مـادده هۆشـبەرەکان، ڕازی نـەبووم بۆیه ئاوایان بەسەر هێنام .

وەختێك من له نەخۆشـخانه کـەوتبووم، دیسـان چـووبوونەوه وێـزەی خەلیل. خەلیل وتبووی: " لای پۆلیس شکات دەکەم". ئـەوانیش ترسـاون و باوەڕیـان کـردووه. بەداخـەوه بێبەزەییانـه ئـەو گەنجـەیان جوانەمـەرگ کرد. ئەویش به دروستکردنی سیناریۆی کارەساتی ئۆتومبێل..

خێزانەکـەی هـاتوون و تەرمەکـەیان بردووەتـەوه. خێزانێکـی هـەژار و دەستکورت نەیانتوانیوه پارێزەرێك بگـرن و لـه دادگـا سـکاڵا تۆماربکـەن،

بۆیه ڕووداوەکه هەر بە نهێنی مارەتەوە. تاوانبارەکانیان حەواڵەی خوا کردووە و گەڕاونەتەوە بۆ شارەکەیان .

پنار حاڵی پەرێشان و خەمزەدەبوو. دوای دە ڕۆژ ئەو ڕووداوەم بیست. کاتێك تەلەفونم بۆ پنار کرد، لەبەر گریان نەیدەتوانی قسەبکات. هەرچەندە ویستبوویان وەکو ڕووداوێکی هاتوچۆ بنوێنرێت، وەلێ پنار لەوە گەیشتبوو کە بەقەست دەستیان چووەتە خوێنی. بۆیە لە تەلەفوندا پێی وتم:

ـ ئەو ستەمکار و بێویژدانانە لەوانەیە ئازاری تۆش بدەن، توخوا ئاگات لە خۆت بێت!

لەو سەروبەندەدا خێزانەکەی ویستیان پنار واز لە خوێندن بهێنێت. دەترسان شتێکیش بەسەر ئەو بێت.

## چوومە داخوازیی پنار

من ئەو بارودۆخەم بە هەل زانی و چوومە داخوازیی پنار. بە ئاسانی ڕازی بوون، چونکە پێیان خۆش بوو کەسێك ئاگای لە کچەکەیان بێت و پارێزگاری لێبکات. باوکە هەژارەکەی وتی: " هەردووکتان ڕۆڵەی منن. ئاگاتان لە یەکتر بێت. کە خوێندنەکەتان تەواوبوو زەماوەندتان بۆ دەکەین ". هەر لەوێدا لەیەکیان مارەبڕین. پاشان لەگەڵ پناردا پێکەوە هاتینەوە.

حاڵ و بارم دوو هێندە گران بوو. پنار وای دەزانی من کەسێکی دیندار و سەرڕاستم و لە زانکۆ دەخوێنم. بێگومان یەك یەك نهێنییە

چەپەڵەکانم ئاشکرا دەبوون. ئەوکات چی دەبوو؟ لە هەمووشی خراپتر، ئەگەر ئەو ستەمکارە بەدڕەوشتانە تێبگەیشتنایە لەوەی بەنیازم لێیان جیاببمەوە، ئەو وەختە چی دەبوو؟

ئەوە خۆم هیچ کە ڕزگارم نەدەبوو. ئەی پنارم چۆن بپاراستایە؟ چۆن دەمتوانی نەهێڵم تێکەڵاوی ئەو دنیا پیسە ببێت؟ هەرچەندە متمانە بە قسەی کەسێکی وەك من ناکرێ، بەڵام پەیمانم بە خێزانەکەی دابوو. هیچ نەبووایە با ئەو بەڵێنەم ببردایەتە سەر، وەلێ چۆن؟

ئاە پنار ئاە! نازانم خانمێکی تری وەك تۆ لەم دنیایەدا هەیە؟ بلێی کەسێکی تر هەبووبێت وەك تۆ بەڕاستی و پاکی خۆشەویستی و ڕاستگۆیی هەڵگرتبێت؟ وەك دایکێك ئاگاداری لێدەکردم. هەموو دنیای بووبوو بە خەریك بوون بە منەوە. وازی لە خۆی هێنابوو، بەڵام خەو لە چاوی تۆرابوو لە ترسی ئەوەی نەوەك شتێك بەسەر من بێت.

هەرچەندە لە ڕووی شەرعی و یاساییەوە ژن و مێردبووین، بەڵام بە جیاجیا دەژیاین. گەورەترین گوناهی من ئەوەبوو کە هەرگیز شایانی ئافرەتێکی پاك و ناوازەی وەك ئەو نەبووم.

پێکەوە خانوویەکمان گرت. وەلێ ئەوەندەش ئاسان نەبوو. ناچاربووم هەموو مەرجەکانی قبووڵ بکەم تا ڕازی ببێت. دەیویست تا زەماوەندەکەمان لەیەك دووربین. منیش بۆیە ویستم لەماڵێکدا پێکەوە بژین، نەوەك خوا نەخواستە دەستیان بیگاتێ و بەڵایەکی بەسەر بهێنن. هەموو ساتێك گریمانی ئەوە هەبوو پەلامارمان بدەن. هەر بۆیە بەجددی

کەوتبوومە بیرکردنەوە لەوەی شار بەجێبهێڵین و لە گوندێکدا نیشتەجێ ببین .

لە کاتێکدا کە لە لێواری هەڵدێر نزیک بووبوومەوە، کچێکی فریشتەئاسا هات و هەستەکانمی کۆکردەوە و هیوای ژیانێکی نوێی پێبەخشیم. بۆیە دەمویست ئەو خۆشییەم لێ نەشێوێت و دیسان نەگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو. هەر بۆیە شەش مانگ بوو خۆم شاردبووەوە و وازم لەو کارە پیسە هێنابوو.

زۆر بەشوێنمدا گەڕابوون. لەکۆتاییدا ئێوارەیەک ئوتومبێلێک لە بەردەم دەرگای ماڵماندا بینرا. چاک دەمزانی ئەوە چ مانایەکی هەیە. کەنعانە زەرد بە تەوسەوە پێکەنی و، بە پناری وت:

– حەزدەکەین دەعوەتێکتان بکەین خوشکێ! بیستوومانە ماڵتان پێکەوە ناوە. ئێمەش لەگەڵ هاوڕێیاندا بڕیارمان دا خۆشترین ئوتێلتان بۆ بەکرێ بگرین بۆ مانگی هەنگوینیتان. چەند ڕۆژێك لەوێ میوانی ئێمەن!

پنارە دڵپاکەکەی منیش بە ڕاست تێگەیشت و، وتی:

ـــ زۆر زەحمەتتان کێشاوە براگیان! ئێمە دەزگیرانین، هێشتا زەماوەندمان نەکردووە...

ـ قەیچێکا براژن! ئەوکاتەش ئوتێلێکی خۆشترتان بۆ دەگرین.

ئەم بێبەزەییانەی کە تۆزقاڵێك هەست و سۆز لە دڵیاندا نەمابوو، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مەرگیان دەبردین. وەلێ نەمهێشت پنار هەست

بـەوە بكـات. خـۆ ئەگـەر ڕاستیەكەشـم پـێ بووتایـە هـیچ ڕێگایـەكی ڕزگاربوونمان نەبوو. هیچ نەبێت با تا كاتی بەلاكە نەیزانیبا .

لە بەردەم ئوتێلێكی كەشخەی پێنج ئەستێرەییدا وەستاین. بردیـانین بـۆ ژوورێكـی زۆر پـاك و خـۆش. كـەوابوو ئێرەیـان هەڵبـژاردبوو وەك دوا وێستگەی ژیانی ئێمە..

ئنجا ئەو شەوە...

بەڵێ، خەیاڵی ئـەو شـەوە ئەوەنـدە بـیر و هـۆشمی داگیركردبـوو، لـە دەنگی بانگی" ئومێد، ئومێد " ی پنار هاتمەوە سەر خۆم. وتی:

– هـەمووان ئامـادەن و چـاوەڕێی ئێمـەن. خێراكـە لـە نەخۆشـخانە دەردەچین.

پێكەوە چووینە دەرەوە. خواحافیزیمان لە كاك ڕەسوڵ و مەدینەخان دەكـرد كـە بـۆ مـاوەی چـەندین مـانگ وەك دایـك و بـاوكێكی دڵسـۆز هاودەمیـان كـردین. ئـەوان بـە دڵـی خـۆش و ویـژدانی ئاسـوودەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان و ئێمەش دەچووینەوە بۆ ناو ئەو ئاگرەی كە هەموو ڕۆژێك چەندەها گەنجی وەك ئێمەی قووت دەدا.

دەنگێكی نادیار لە ناخمدا هاواری دەكرد و كوڵی نەدەنیشتەوە:

– كەس نییە بێت بە هانامانەوە؟

منیش وەڵامی ئەو دەنگەم دەدایەوە:

– بۆچی ڕزگارمان بكەن؟ ڕزگاربوون شایانی كەسانی باش و پاكە. ئەی ئێمە؟

# بەشی پێنجەم

## ئەو بەرەوپێشچوونەی سەرسامی کردین

لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا بووین. لەسەر شەقامەکە ئوتومبێلەکەی کاك ڕەسووڵمان بینی. ئەو ئوتومبێلەی لە ئێمەی دا. کاك ڕەسووڵ وتی:

- فەرموون سواری ئەو ئوتومبێلە دەبین.

واقم وڕما. وتم:

- ئێمەش؟

- یانی چی ئێمەش؟ بێگومان پێکەوە دەڕۆین.

بۆ چرکەساتێك لەوسەری تونێلی تاریکی تەمەنمانەوە تیشکێکی هیوابەخش بەدیارکەوت. چەند جارێك داگیرسا و کوژایەوە، وەك ئەوەی هەواڵدەری جوانییەکی چاوەڕواننەکراوبێت.

لەگەڵ پنار سەیری یەکترمان کرد، وەك ئەوەی بمانەوێت لەو پێشنیارەی کاك ڕەسوڵ تێبگەین. ئەو داوەتەی کاك ڕەسوڵ لە ناخی هەردووکماندا ئومێدیکی ڕزگاربوونی بووژاندەوە، ئەگەرچی دوور و کزیش

بێت. کاک ڕەسوڵ چووە ژێر باڵم و مەدینەخانیش قۆڵی پناری گرت، بەو جۆرە وردە وردە تا لای ئۆتومبێلەکە چووین. من وتم:

ـ وەکو دەبینن کاک ڕەسوڵ، ئێمە باشین شوکور. حەزناکەین لەمە زیاتر ببین بە بار بەسەرتانەوە.

ـ ئەو ڕۆژەی کە دڵنیابووین دەتوانن لەسەر پێی خۆتان بوەستن، ماڵئاواییتان لێدەکەین، بەڵام هێشتا نەهاتوونەتە ئەو ئاستە. دوای ڕۆژانی گران و ماندووکار، پێویست دەکات بۆ ماوەیەك میوانمانبن. قاچە دروستکراوەکەی پنارخانیش تازەیە، کاتی دەوێت تا لەگەڵی ڕادێت.

باوەڕمان بە گوێیەکانمان نەدەکرد. زوو زوو لەگەڵ پنار لە یەکمان دەڕوانی و بیرمان لەوە دەکردەوە چی بکەین و، چۆن وەڵامیان بدەینەوە و، بە چ شێوازێك سوپاسیان بکەین. تەواو سەرسام بووبووین.

لە بەرامبەر ئەو چاکەکاریانەدا کە هەرگیز لە ژیانمدا وێنەم نەدیبوون، ئەبڵەق بووبووم. ئێمە حەق وابوو تووڕدرێینە کەنارەوە، کەچی ئەوان خۆشەویستی و میهرەبانییەکی فراوانیان پێشکەش دەکردین. ئا لەم نهێنییە تێنەدەگەیشتین. لەگەڵ پناردا ڕازی نەبووین و، وتمان:

ـ ئێوە ئێمە ناناسن. ئێمە کەسانی زیانبەخشین. دەترسین بەهۆی ئێمەوە زیان بە ئێوەش بگات. قەرزاری ئەو هەموو چاکەیەی ئێوەین، تکایە لەوە زیاتر منەتبارمان مەکەن. ئەگەر دەتانەوێت چاکەمان لەگەڵ بکەن، وازمان لێ بهێنن با بە ڕێی خۆماندا بڕۆین.

کاک ڕەسووڵ قۆڵمی زیاتر ڕاکێشا و، وتی:

ـ جارێ با بتانبەینەوە بۆ ماڵەوە، تا شەكەتیتان دەرچێت. دواتر قسە لەمانە دەكەین. نەمانتوانی لەوە زیاتر مشتومڕیان لەگەڵ بكەین. بەناچاری سواری ئوتومبێلەكە بووین. چەند سەیربوو! ئەو ئوتومبێلەی ئێمە خۆمان نایە ژێری و شێلاینی، وەك ئەوەی بیەوێت داوای لێبوردن بكات، ئێمەی خستە باوەشی و ئامادەبوو بمانگوێزێتەوە. ئەو دوو كەسەش كە لە ئێمەیان دابوو، بووبوون بە دایك و باوكمان و لەپێناو ئارامی و ئاسوودەیی ئێمەدا باڵەفرەیان بوو. خۆزگە ئێمەش شایانی ئەم هەموو چاكەكارییانە دەبووین...

ئوتومبێلەكە بەڕێكەوت. چووینە ناو گەڕەكێكی كەشخەوە كە زیاتر كەسانی دەوڵەمەند لەو ناوچەیەدا دەژیان. ئێمە باش شارەزای ئەو دەڤەرانە بووین، چونكە ساڵانێكی زۆر تێیاندا بەدوای گەنجی پارەداردا دەگەڕاین تا گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەكانی بكەین. لەوانەیە سەدان جار بەبەردەم ئەو دەرگایانەدا تێپەڕیبم. چەندین لاوی پاك و بێتاوان بەهۆی خیانەتی ئێمەوە ژیانیان بوو بە دۆزەخ. لەبەرئەوە ئەم شوێنانە سەبارەت بە ئێمە مەترسیداربوو، چونكە هەموو چركەیەك دەگونجا هێرش بكرێتە سەرمان .

## پلانێكی وەها تۆكمە

لەبەردەم ئەپارتمانێكدا وەستاین. ماڵی كاك ڕەسوڵ لە قاتی سەری سەرەوەبوو. جێیەك بوو دەیڕوانی بەسەر دارستانێكی سەوزدا و، دڵ و هەناوی مرۆڤی فێنك دەكردەوە. مەدینەخان وتی:

- ماوەیەك لێرە میوانمان دەبن. پاش چەند مانگێکیش دەگوازینەوە بۆ شارێکی تر. کاك ڕەسوڵ پلانێکی وای دارشتووە. چونکە ئێمە زۆر ناسراوین لێرە، دەترسین شتێکتان بەسەر بێت.

ئێوە لەو میهرەبانی و خەمخۆرییە بڕوانن! ئەم دوو مرۆڤە چاکەکارە ناو دڵی ئێمەیان دەخوێندەوە. بیریان لە چی دەکردەوە بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ ئێمە؟ کەوایە ئەوەی کە کۆمەڵگا هێشتا بەپێوە ماوە و نەڕماوە، هۆکارێکی هەیە. کەوایە هاوسەنگی دنیا ئەم کەسە باشانە ڕایانگرتووە.

ئەو هەموو فیداکارییەی کە بۆ کەسانی سادە و ئاسایی وەك ئێمە دەیانکرد!.. هەرچەند بیری لێدەکەمەوە ئەقڵم نایبڕێت.

قاتێکی تەواویان بۆ ئێمە تەرخان کردبوو. دەتووت ماڵەکە بە خۆشترین بۆن شۆرراوە، چونکە هەواکەی زۆر ئارامی بەخش بوو. ئێمە قەت هەلی ئەوەمان بۆ هەڵنەکەوتبوو لە شوێنێکی ئاوادا شەوێك ڕۆژبکەینەوە. هەرچەندە بەڕواڵەت پاك دیاربووین، وەلێ ناوەوەمان هێندە تاریك بوو کە نەمدەزانی چەندێك دەتوانین تامی ئەو ئاسوودەییە بێسنووره بکەین.

هیوادارببووم ئەمشەو لەو شەوە نەچێت کە بردیانین بۆ ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی. چونکە ئەو شەوە لەگەڵ پناردا سزای دۆزەخمان چەشت. لەوانەیە ژوورەکان و کەلوپەلەکان پلە یەك بووبن، بەڵام ئەو ئازارەی نۆشیمان ئەویش هەر پلە یەك بوو.

# بەشی شەشەم

## ئەو شەوەی مێشکی دەهاڕی

ئەو شەوە..!

ئاه، بریا هەر نەمدیبا! خۆزگە نەهاتایەتە ژیانمانەوە! ڕابردووی پاکی پنار ئەو شەوە سڕایەوە. ئەو شەوەبوو کە تیایدا هەموو دروستی و چاکە و هەستی بەزەییەکی لە ئێمەدا کوژاندەوە...

ئاه، ئەو شەوە!

دیسان داڵغەی ئەو شەوە لێی دابووم. ئەگەر ئەو شەوەمان بەسەرنەهاتایە، ڕەنگە ڕزگاربوون لەم ژیانە نەفرەتییە ئاسانتربووایە.

ئەو شەوە ڕێزێکی زۆرمان لێنرا و خزمەتێکی بێئەندازە کراین. لە دوو قۆچی قوربانی دەچووین کە بۆ قەڵەوبوون خۆراکیان پێدەدرا. سیناریۆیەك بوو باش داڕێژرابوو.

لە ژوورەکەدا تەنها جێخەوێکی دوو نەفەری تێدابوو. پنار وتی:

- من ئاوا ناخەوم.

- باشە. تۆ لەسەری بنوو، منیش بەتانییەك ڕادەخەم و لە زەوییەکە دەنووم.

- نەخێر، نابێت. زەوییەکە ساردە، نەخۆش دەکەویت. من لەسەر زەوی دەنووم.

لە دڵی خۆمدا دەمووت: " خوایەگیان، من شایستەی ئەم خۆشەویستییەم؟ ئەوینی پنار چەند پاك و ڕوونە" !

هەڵسوکەوتی کچی خۆرهەڵات ئەوەندە کاری لێدەکردم، دڵنیام ئەگەر ژیانمان ئاسایی و وەکو خەڵك بووایە، منی لەو بێسەروبەرییە دەردەهێنا و دەیخستمە دنیای مەعنەوی و جوانی خۆیەوە. بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو هەلەمان لەدەستدابوو!

تا دەهات دوودڵی و بێقەراریم زیادی دەکرد. ڕۆحم هاتبووە کونی لووتم، چونکە هەموو چرکەیەك دەگونجا کارەساتێك تێیدا ڕووبدات. زۆری نەبرد دەنگی تەلەفون هات. لێپرسراوی پرسگەی ئوتێلەکە وتی:

– بەڕێزم، لە خوارەوە چاوەڕێتن.

تێگەیشتم، بەڵام نەمهێشت پنار هەست بە هیچ بکات. وتم:

– حەتمەن برادەرانن. ئەمشەو ناهێڵن خەو بچێتە چاومان. وا دەزانن مانگی هەنگوینییە. دەچم بزانم چی دەڵێن. زۆرم پێناچێت دەگەڕێمەوە.

جلەکانم گۆڕی. دەمزانی شتێکم بەسەر دەهێنن، بەڵام سەبارەت بە پنار گومانێکم نەبوو. باوەڕم نەدەکرد دەستیان بچێتە ئافرەتێك .

چـوومه خـوارەوە. کەنعانــه زەرد و ئەیوبــه ڕەش و جەلالــه ســوور چاوەڕێیان دەکردم. هەوڵم دا خۆم ئاسایی دەربخەم و، وتم:

– خێرە ئەوە کوڕینە، بەم نیوەشەوە چ باسە؟

جەلاله سوور وتی:

– نە بابە! ئێمە نامێڵین هاوڕێکەمان لە شەوێکی ئاوا تایبەتدا پرخە پرخ بنووێت. وتمان با تۆزێك ڕابووێرین، بەشکم نوخشە بێت لە ئێمەش!

تۆزقاڵێك ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لـه ڕوخسـاریاندا نـەبوو. ئـەوەی کـە دەیانووت: "دەمانەوێت ڕابووێرین"، درۆیەکی شاخداربوو. دڵـم تەپەتـەپی بوو، چونکە هەموو ساتێك چاوەڕێی ئەوەبووم ئەم یارییـە بـە کارەسـاتێك کۆتایی بێت .

دانیشتین. باسـی شـتی ئاسـاییمان کـرد. خواردمـان و خواردمانـەوە. جەلاله سوور زەنگی تەلەفونەکەی لێیدا و پاشان هەستایە سەرپێ. وتی:

ـ دەی هاوڕێیان، شەو درەنگی کردووە. با ئومێدیش خـەوێکی خـۆش بکات. ئێمەش دەچین سەرمان گەرم دەکەین .

ڕۆیشـتن. هـیچ تێنەگەیشـتم. ئـەوان بـەو نیوەشـەوە تـەنها بـۆ ئەمـە هاتن؟

## هەموو شتێك دوایی هاتبوو

چـوومەوە بـۆ ژوورەکـەمان. بینـیم ئـەو دەرگایـەی کـە بـە کلیـل دامخسـتبوو کراوەیـە. بـە گومانـەوە چـوومە ژوورەوە. نـاوەوە دەتـووت

مەیدانی جەنگە، هیچ بەسەر هیچەوە نەمابوو. پنار لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو.

شێت بووم، ئاگام لە خۆم نەما. نازانم لەژوور سەری پناردا کە بووڕابووەوە چیم وت و، چەند هاوارم کرد و، چەند جوێنم دا. دنیام ڕووخا و، هیوام بڕا و، ئەو تۆزە هەستە باشەی تیامدا بووژابووەوە، کوژایەوە و سەرتاپا تاریکی دایپۆشیم. ئیتر لەبەر چاومدا هیچ جوانییەك نەما. دەمویست ئەو جانەوەرانە، ئەو کەلاکە گەنیوانە، ئەو ئاژەڵە چەپەڵانە بە دەستی خۆم لەت لەت بکەم.

بە دەستی خۆم ژیانی پنارم وێران کرد. ئەو پنارەی دڵم نەدەهات دەستم بەری بکەوێت. ئەو کەسەی کە نموونەی شەرم و شکۆ و، سەرمەشقی فیداکاری و، سەرچاوەی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بوو.

ئەم چەتە ستەمکارانەی کە لە بچووکترین دەرفەت دەگەڕان بۆ کوشتنی ڕۆحی نەتەوە و بەکۆیلەکردنی گەنجان و، ژەهراوی کردنی خوێنیان، لە کۆتاییدا پناریشیان تووشی ئەو ژەهرە کرد و چی پاکی و چاکی لەودا هەبوو بردیان.

وەرە و خۆت بگرە! وەرە و مەمرە! وەرە و شێت مەبە!

دەمتوانی چی بکەم بەرامبەر سوپایەکی چەکدار؟ جگە لە خۆخواردنەوە و نەفرەت لە خۆکردن، دەمتوانی چی بکەم؟

ئەوان گرووپێکی زەبەلاح بوون کە بە فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان پارەیان کۆدەکردەوە. دەیانتوانی هەموو جۆرەکانی چەك دەست بخەن.

واته وەك سوپایەکی بێناو وابوون. بە مردنی یەك دووانێکیان کار تەواو نەدەبوو. تۆڵەم لە کێ بکردایەتەوە؟

پنار هەر نەدەهاتەوە سەر خۆی. چەندین مانگ لە شۆکدابوو. چیتر نەدەژیا. هەموو ئەو بەهایانەی دۆڕاند کە بەلایەوە پیرۆزبوون. نەیدەتوانی هەرگیز ئەوە بە خێزانەکەی بڵێت. بەو حاڵەشیەوە نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دیندارانە و دۆخی ئاسایی جارانی.

چرکەیەك نەبوو نەقیـژێنێت و ئاخ و ئۆف هەڵنەڕێـژێت. وازی لە پەرستشەکانیشی هێنا. چونکە دەیووت: " من بەم حاڵەوە چۆن ڕووم بێت بچمە حزووری خوای خۆم؟ "

ئیتر ڕۆحی لە پاکی و جوانی داماڵرا و سەرتاپای پڕبوو لە یاخیبوون و سەرپێچی. ئیتر من و ئەو دوو کەس بووین کە پشتمان لە هەموو شتێك هەڵکردبوو و، قسەمان لەگەڵ دنیا دابڕیبوو و، مۆری خراپیمان لەسەر گشت شتێك و کەسێك دانابوو .

بڕیارمان دا دەستی یەك بگرین و تۆڵە لەو کەسانە بکەینەوە کە ئێمەیان بەو دەردە گەیاند. لەوانەیە بەو شێوەیە کەمێك لە کڵپەی ناخمان هێوربکردایەتەوە. بەجۆرێك گۆڕابووین بۆ دوو ڕۆبۆتی بێهەست و بێگیان، دڵمان لە ئاگری تۆڵەسەندنەوە تەنی بوو. جگە لەمە بیرمان لە هیچی تر نەدەکردەوە .

ئەوانەمان دەکوشت کە ئێمەیان کردبوو بە تەرمی زیندوو. پاشان بۆ ئەوەی لەوە زیاتر جەفای دنیای فانی نەکێشین، خۆمان دەکوشت. ئەمە

بڕیارەکەمان بوو. چونکە پنار نیازی ئەوەی نەبوو بەو لەکە و سەرشۆڕییەوە بژی، بەتایبەتی نەیدەویست قسە بهێنێتە سەر خێزانەکەی.

### خستبوومانە مێشکمانەوە

ئێمە وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت بەردەوام بووین لەسەر فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان. چاوەڕوانی کات و شوێنی گونجاومان دەکرد .

زانیمان کە ئەو کارەساتە کەنعانە زەرد و ئەیوبە ڕەش و جەلالە سوور ڕێکیان خستووە. ئەوانەش کە ڕاستەوخۆ بەڵاکەیان بەسەر پناردا هێناوە، کەمالە شەل و شێخۆ بێپەنجە بوون .

بەجۆرێك ڕق و نەفرەت لە سینەماندا پەنگی خواردبووەوە نەماندەزانی لە کوێدا ڕاست دەکەین و لە کوێدا هەڵە. ئەوە هیچ کە لە ژیانی مندا شوێنێك نەبوو بۆ ڕاستی. لەوانەیە تاقە ڕاستێك ئەوەبێت کە پنارم ناسیوە. کەچی من ژیانی ئەو کچە هەژارەم شێواند و دنیام لێ کرد بە دۆزەخ. بەڵام ئەو دڵێکی وای هەبوو سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانە بە تەنیا جێی نەهێشتم و شان بە شانم بەپێوە وەستا. تەنها یەك دوعای لە خوا هەبوو:

– خوایە، تا تۆڵەی حەیام نەکەمەوە گیانم مەکێشە!

لە هاوڕێیەکمەوە زانیم کە فلانە شەو کەنعانە زەرد و ئەیوبە ڕەش و جەلالە سوور لە فیسارە ماڵ کۆدەبنەوە. نەدەبوو ئەو هەلەمان لە دەست بچێت. وەلێ ئەو دووانەی کە ڕاستەوخۆ ئاگریان تێبەرداین، واتە کەمالە

شەل و شێخۆ بێپەنجە، لەوێ نەبوون. ئەگەر لەو هێرشەدا شتێك بەسەر خۆمان بهاتایە، ئەوكاتە ئامانجە سەرەكییەكەمان لەكیس دەچوو .

پلانەكەمان گۆڕی. بڕیارمان دا هێرش بكەینە سەر كەمالە شەل و شێخۆ بێپەنجە و، گروپەكەی تر لای پۆلیس ئاشكرا بكەین. لەڕاستیدا دەمانزانی ئەوە هەڵەیە. قین و ڕقی دڵمان ئەوەندە پەنگی خواردبووەوە، نەماندەتوانی لەوە زیاتر چاوەڕوان بین .

پۆلیس ئەوانی گرت. وەلێ تێگەیشتن كە ئێمە هەواڵمان لێ داون. بۆیە بووبووین بە ئامانجێكی سەرەكی بۆیان. هەموو چركەیەك هەستمان بە بۆنی باروت دەكرد لەبەر لووتماندا. نەك ئەوەی لە مردن بترسین، بەڵكو زنۆقمان چووبوو لەوەی تۆڵەی خۆمان نەكەینەوە و بمرین.

ویستمان تەڵەیەكی ژەهراوییان بۆ بنێینەوە. بە یەكێك لە فرۆشیاری ماددە هۆشبەرەكانم وت: " ئەمشەو لە فلانە جێگا دەبم، ئەگەر حەزت كرد تۆش وەرە ". بەئەنقەست وام وت. دەمزانی خێرا ئەو هەواڵە بە كەمالە شەل و شێخۆی بێپەنجە دەگەیەنێت.

شوێنەكە ژێرزەمینی بینایەك بوو. چەپەك و دوورەدەست و تاریك...

دەمانزانی ئەمە دوایین هەلمانە، بۆیە پلانێكی توند و تۆڵمان داڕشت. چەكەكانمان ئامادەكرد. بڕیار وابوو پنار دەرگاكە بكاتەوە. منیش لە پشتی سپێڕێكەوە دەمبێژان. هیچ نەبێت دەمانكوشت و دەكوژراین. لانی كەم ئەمە دڵۆپێك ئاوی دەكرد بەو گڕەدا كە دڵمانی تەنیبوو.

بیرم نایەت لە ژیانمدا بەقەدەر ئەو شەوە لە خوا پاڕابێتمەوە. دەمووت خۆزگە دەهاتن و حەقمان لەوانە دەکردەوە کە ئەو تاڵاوەیان پێ نۆشین .

درەنگانێکی شەو لە دەرگا درا. پنار لە کونی دەرگاکەوە سەیری کرد و ئاماژەی بۆ کردم کە هاتوون.

لە تەنیشت دەرگاکەوە خۆم لە پشتی شتێکەوە داشاردبوو. لەپێشدا کەمال بە شەلەشەل هاتە ژوورەوە، دەمانچە بەدەستیەوە بوو. شێخۆی بێ پەنجەش بەدوایدا. ئەویش چەکی پێ بوو.

بە جوێن و هەرا هەواڵی منیان پرسی. پنار زۆر لەسەرخۆ و ئاسایی وتی:

– چووە بۆ ئیش، لەوانەیە درەنگ بێتەوە. هەرکە پنار هێنانیە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست، دەستم نا بە دەمانچەکەدا. گوللەیەك بەر سەری کەماله شەل کەوت و دەستبەجێ لە شوێنی خۆیدا کەوت. هێشتا شێخۆی بێپەنجە تێنەگەیشتبوو لەوەی چی ڕوودەدات، دوو فیشەکیشم نا بەویشەوە. بەر چەناگە و سنگی کەوت. لە ئەرزەکەدا کەوتبوون .

چەکەکەم دا بە پنار. ئەو چەندین مانگ بوو چاوەڕێی ئەم چرکەساتەی دەکرد. پنار لەجێی خۆی وشك بوویوو. بە سەرسامی و چاوی کراوەوە سەیری گیاندانی ئەوانی دەکرد. وتم:

– بیگرە. تۆش بەشی خۆتیان پێوە بنێ...

تەنها وتی:

- حەواڵەی خوایان دەکەم.

پێش ئەوەی خەڵکی دەوروبەر و پۆلیس بگەنە سەرمان هەڵهاتین . چیتر نەدەژیاین. تەمەنی ئێمەش تەواو بوو بوو. لەمەودوا چییان لەدەست بهاتایە بۆ کوشتنمان درێغییان نەدەکرد. دەبوو پێش ئەوەی ئەوان دەستیان بمانگاتێ و هەمان بەڵای جاری پێشوو بەسەر پناردا بهێننەوە، ئێمە خەمی خۆمان بخۆین. هۆکاری ئەوەی دەمانویست خۆمان بکوژین هەر ئەمەبوو .

# بەشی حەوتەم

## لە کوێوە بۆ کوێ؟

بە دەنگی مەدینەخان لە خەیاڵ ڕاپەڕیم .

- کاک ئومێد، پنارخان، نان ئامادەیە!

چووینە خوارەوە. دیمەنە پچڕپچڕکانی ژیانێکی پڕ ناسۆر و ماتەم، مێشکمی کردبوو بە مەیدانی جەنگێکی بێئامان. پنار قاچە دروستکراوەکەی ئازاری دەدا، بەڵام هەرگیز دەری نەدەخست. دەیووت: "ئیتر لەمە باشتر نابێت."

خوانێکی قەشەنگ ڕازێنرابووەوە. کاک ڕەسوڵ تەماشای پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی دەکرد. لەسەر کورسیەکانمان دانیشتین. کاک ڕەسوڵ بە چاوی تەڕەوە ئاوڕی بۆ داینەوە و، وتی:

- دەزانن، ئەم زاتە زۆر جوان و ئاوازە وتار دەدات.

بینیم چاوی پناریش پڕبووبوو. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:

- دایکیشم زۆری خۆشدەویست.

دالّغەی ڕۆیشت. حەتمەن بە باڵی ئەندێشە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژە پاك و جوانەکانی. ئەو کاتەی کە کچێکی ئیماندار و داپۆشراوبووە...

لە کوێوە بۆ کوێ؟

دیسان نەمدەتوانی دەنگی ناخم کپ بکەم:

– من چۆن ئەو بارە گرانە لە ئەستۆ بگرم؟ چۆن بەم ئازاری ویژدانەوە بژیم؟ چۆن لەم بەرپرسیارێتییە ڕزگارم ببێت؟

بڕوانن چیم بەسەر کچێکی بێتاوان و هەژار هێنا. خوا من بگرێت!

لە لایەك نانمان دەخوارد و لە لایەك تەماشای پرۆگرامەکەمان دەکرد. بەتایبەتی ئەو ڕستانەی سەبارەت بە " ئامانجی مرۆڤ " دەوتران-زۆر کاریان لێ کردم:

– ئەگەر بەدیهێنراوان بە درەختێك بچوێنین، ئەوا مرۆڤ بەرهەمی ئەو درەختەیە. هەروەك چۆن لە درەختدا ئەو هەموو کارە سەرسووڕهێنەرانە ڕوویان لە میوە و بەرەکانی ئەو درەختەیە، بەهەمان شێوەش هەموو دروستکراوانی گەردوون خراونەتە خزمەتی مرۆڤەوە. واتە لەو درەختەدا هەموو خانەکان و توخمە سەرەکییەکانی چەشنی " ئاو و هەوا و خاك و تیشك " و، هەموو ئەو ماددانەی تر کە درەخت پێویستی پێیەتی، پێکەوە ڕوویان کردووەتە میوەکە و بۆ یارمەتیدانی ڕێکەوتوون. دەڵێی دەستی یەکیان گرتووە بۆ پێگەیاندنی ئەو بەرە و خزمەت کردنی. ڕاستتر بڵێین ڕامکراون و خزمەتیان پێدەکرێت. بەهەمان جۆر مرۆڤیش میوەی درەختی بوونەوەرانە. هەموو شتێك ڕووی لەوە و خزمەتی دەکات. هەموو شتەکان

ملیان بۆ کەچ کردووە و لەژێر فەرمانیدان. سوود و ئامانجی هەموو شتێك ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕووی لە مرۆڤە. هەموو شتێك وەك فەرمانبەرێك ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات کە پێی سپێرراوە. هەموو شتەکان ملکەچی خوای باڵادەستن و ئەرکی سەرشانیان بە باشترین شێواز ڕادەپەڕێنن.

واتە لە ڕواڵەتدا مرۆڤ بچووکە، بەڵام ئەو مانایەی کە هەڵیگرتووە هێندە گەورەیە، کردوویەتی بە بەری درەختی بوونەوەران و، جوانترین شاکار و، بەڕێزترین بەدیهێنراو... بەجۆرێك هەموو گەردوونی بۆ ژێربار خراوە. هەریەکێك لە ئێمە دەتوانێت بڵێت خۆر لەبەر من هەڵهات و گەرمی بۆ من دەبەخشێت. مانگ و ئەستێرەکان چرای ڕووناککەرەوەی شەوانمن. سفرەیەك بە ئەندازەی زەوی بۆ من ڕاخراوە. هەموو شتێك تایبەتە بە من. ئەی ئاژەڵان؟ ئەوان وان؟ گەرچی زیندەوەران و ڕووەکەکانیش سفرەی تایبەتییان بۆ ئامادە کراوە، بەڵام بەقەدەر ئەوەی من فراوان و تایبەتی نییە. ئەوان بە چەند ڕزقێکی سنووردار بەخێودەکرێن، وەلێ من لە گشت لایەکەوە نیعمەت و بەخشش و لوتفم بەسەردا دەبارێنرێت. بەهاران گوڵ و گەڵا و میوەی تازە لە جیهانی غەیبەوە بۆم ڕەوانە دەکرێت. بە بیرکردنەوە لە هەموو ئەمانە، ئایا مرۆڤ وا هەست ناکات کە میوانێکی ڕێزلێگیراوە؟

لەڕاستیدا هێز و دەسەڵاتی من ناتوانێت ئەمانە فەراهەم بکات. کەواتە کەسێك هەیە کە دەمناسێت و میهرەبانە لەگەڵم. هەموو پێداویستییەکانی

مـن دەزانێـت و گـرنگیم پـێ دەدات. تەنانـەت لـە هـەمووان زیـاتر منـی خۆشدەوێت. وەك ئەوەی میوانێکی ئازیزی بم، سفرەیەکی پـان و بـەرینی بـۆ ڕاخسـتووم بـۆ تێرکردنـی گـەدە و ژیـری و خـەیاڵ و ئەندێشـە و ڕۆح و هەموو ئەندامە هەستیار و نهێنییەکانی ترم. تەنانـەت خـەیاڵ و ئـارەزوو و داخوازییـەکانم دنیـا تێدەپـەڕێنن و تـا هەتاهـەتایی درێژدەبنـەوە. بـەڵێ، کۆمەڵێك هەست و داخوازیم هەن کـە بـەم دنیایـە تینوویـەتییان ناشـکێت. ئەو کەسەی ئەم هەسـت و نەسـتانەی لـە نـاخی منـدا چـاندووە، بێگومـان دەیەوێت شتێکم پێ بڵێت. پێم دەڵێت:

"ئەو هەسـت و نەسـتانەی لـە تـۆدا چێنراون وەکـو تۆوێـك وان و لـە بەهەشـتدا بـەر دەگـرن. وە تـۆ هەڵبـژێرراویت بـۆ بردنـەوەی بەختـەوەری هەمیشەیی" .

بەڵێ، نموونەیەکت دەوێت بۆ هەموو ئەمانە؟ کەوایە سـەیری منـداڵێك بکە لە سکی دایکیدا. ئەو چاو و گوێ و دەست و قاچەی بـۆ پێـدراوە؟ بـۆ ئەوەی هەر لە سکی دایکیدا بمێنێتەوە؟ گەر وابێت تەنها وێڵاشێکی بـەس بوو کە لە جەستەی دایکیـەوە خـۆراکی بـۆ بگوازێتـەوە. ئـیتر ئـەو هـەموو ئەندامانەی بۆچی بوو؟ کەواتـە لـەو شـوێنە تەسـکەوە گەشـتێك هەیـە بـۆ شوێنێکی فراوانتر .

زۆر ڕاست بوو. گەشتێك هـەبوو. زۆر بـاش تێگەیشـتبووم لـەوەی کـە ئەوە ئێمە نین کـە گەشـتەکە و ڕێگەکـە دیـاری دەکـەین. هێزێـك هـەروەك چۆن نەخشەی بۆ هەموو شتێك کێشابوو، ئـاواش بـەڕێوەی دەبـرد. باشـە

ئەگەر نەخشەکێش نەوبێت و، بکەر نەوبێت و، هەڵسووڕێنەر نەوبێت، ئیتر ئێمە چ تاوانێکمان هەبوو کە ژیانێکی باشی بۆ ئێمە بڕیارنەدابوو؟ بۆچی قەدەری ئێمەی بە خراپ نووسی و ئێمەی تووشی ئەم حاڵە کرد؟

## قەدەر بوو بە پرسیار بۆم

بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ئەو پرسیارەم لەژێر لێوەوە کردبوو. لەو ماوەیەی کۆتاییدا ئەو خووە سەیرەم پەیداکردبوو. لەگەڵ خۆمدا بە دەنگی بەرز دەدوام. کاک ڕەسوڵ زەردەخەنە گرتی و، وتی:

ـ بێگومان بیرکردنەوەت بەم شێوەیە لەدوای ئەو هەموو ڕووداوە نازاربەخش و ئەزموونە تاڵانە، شتێکی سروشتییە. دەزانیت، منیش سەردەمێك بابەتی " قەدەر " بیرمی ئاڵۆز کردبوو. هەموو خراپەیەکم دەخستە ملی قەدەر و گشت چاکەکانم بە هی خۆم لە قەڵەم دەدا. بەڵام کتێبێکم دیتەوە کە لە مەسەلەکەی گەیاندم و بۆچوونی گۆڕیم. نە تەنها لەم بابەتەدا، بەڵکو لە چەندەها بابەتی تری ئاڵۆزدا یارمەتی دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست و دروستی دام. دەتوانم بڵێم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە دیسان جارێکی تر خۆمم دۆزییەوە. هەزاران کێشە لە دڵ و مێشکمدا چارەسەربوو. بەهۆیەوە هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا. ناڕەحەتییە دەروونی و بێتاقەتییەکانم لەناوچوون .

ـ ئەو کتێبانە ناویان چییە؟

ـ پەیامەکانی نوور. ڕاڤەی قورئانی پیرۆزن. بەرهەمەکانی مامۆستا سەعیدی نوورسین. وەرگێڕاون بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان. خەڵکێکی

زۆر لــە هــەموو چــین و توێــژە جیاوازەکــان دەیانخوێننــەوە و ســوودیان لێوەردەگرن.[1]

جــۆش و خرۆشــم تــاوی ســەند. دەمویســت چــی زووە لــەو هــەموو پرسیارە بێزارکەر و چەندبارانەی ناخم ڕزگارم ببێت. وتم:

- باشە، لە کوێ ئەو کتێبانەم دەست دەکەوێت؟

- ئێمە هەمانە. پشت بەخوا بە تێر و تەسەلی پێکەوە دەیخوێنینەوە و دەبینیت کە زۆر سوودی لێ دەبینین. ڕۆژانە بابەتێك هەڵدەبژێرین و هەوڵی

---

١- پەیامەکانی نوور کۆمەڵە پەڕاوێکن کە ژمارەیان لە سەد و سی دانە پەیام تێپەڕ دەبێت و لە دانراوەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا سەعیدی نوورسین. ئەو پەیامانە وەرگێڕراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان و لە سەرتاسەری جیهاندا موسوڵمانان لە گشت و چین و توێژە جیاوازەکان سوودی گەورەی لێ دەبینن. گرنگترین تایبەتکاریی ئەم پەیامانە لەوەدایە کە: تەفسیرێکی خەستوخۆڵی ڕاستییەکانی قورئانی پیرۆزە و، بە (مەوسووعەیەکی ئیمانی)ی بایەخدار دادەنرێن و، بەدەم خواستە ئیمانیەکانی خەڵکی سەردەمەوە دەڕۆن و، ئیمانی حەقیقی لە دڵ و دەروون و بیر و ژیریی مرۆڤی هاوچەرخدا دادەمەزرێنن و، بینای کوفر و ئیلحاد لە بنج و بێخدا هەڵدەتەکێنن و، قەڵای مەحکەمن بۆ ئیمانداران و، گرنگترین چەکی پێشکەوتووی " ئیمان "ن لەم سەردەمەدا، کە نوێترین چەکی فرت و فێڵی کوفر و ئیلحادی تێدا بەکاردەهێنرێت! مامۆستا فارووق ڕەسوڵ یەحیا تا ئێستا لە شێوەی چەند بەرگێکی نایاب و قەشەنگدا نیوە زیاتری پەیامەکانی کردووە بە زمانی شیرینی کوردی و خزمەتێکی گەورەی کردووە بە کتێبخانەی کوردی. لە خوای گەورە داواکارین کە پاداشتی بەخێری بداتەوە و سەرکەوتووی بکات لە وەرگێڕانی ئەو پەیامانەدا کە ماون. (وەرگێڕ)

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدەین کە دنیای ناوەوەیان هەراسان کردووین. ئێوە جارێ پشووبدەن و بێنەوە سەر خۆتان، ئەوی تری ئاسانە...

## باوکم حەیرانی بوو

بۆ ساتێك من و پنار لە یەکمان ڕوانی. بینیم لە جوانترین چاوەکانی دنیاوە فرێسك ڕیزی بەستووە و بە گۆنایدا دێتە خوار.

پێش من بە سەرسووڕمانەوە مەدینەخان لێی پرسی:

- خێرە ئەوە کچم؟ شتێك بووە؟

سەری کز کرد. چاوی سڕی. پاشان بە دەنگێکی نزم کە خەمی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، وتی:

- باوکم حەیرانی ئەو کتێبانەبوو. هەموو کتێبەکانمان لەماڵەوە هەبوو. هەمیشە هانی دەداین بۆ خوێندنەوەیان. من کچی پیاوێکی وام. ناتوانم بۆ چرکەیەکیش خێزانەکەم لە بیرم دەربکەم. ئەوان کەسانێکی پاك و بێگەردبوون و ئامادەبوون لەبەر من گیانی خۆیان بدەن. ئومێدێکی زۆریان بە من بوو. ئەی من چیم کرد؟ من خۆم تووشی چ گوناهێك کرد؟ هیوای خۆم و خێزانەکەمم ڕاکاند. ئەوەی من کردم هەرگیز لە شان و شکۆی ئەو خێزانە نییە. بەتایبەتی بۆ کچێکی خۆرهەڵات هەرگیز جێی قبووڵکردن نییە.

خۆی بۆ نەگیرا، فرمێسک تێکەڵی هەنسکی بوو. بۆ ساتێک کەشی پڕکرد لە خەم و دڵتەنگی. مەدینەخان وەک دایکێکی میهرەبان باوەشی پێداکرد و سەری نا بە سنگیەوە و، وتی:

ـ من ئەو ناوچەیەی ئێوە دەزانم پنارگیان! خەڵکی خۆرهەلات جیاوازن. بۆ ئەوان ڕاستگۆیی و شەرەف و خزم و خێزان پیرۆزن. یەکتری دەپارێزن و لەپێناو یەکتردا خۆیان بەخت دەکەن. بەرامبەر کەسی بێگانەش میوانپەروەر و جوامێرن. میوان لەماڵیاندا خۆی بە پاشا دەزانێت. هەموو جۆرە ڕێز و حورمەتێکی لەڕوودا دەنوێنن. ئەوان بێ یەک و دوو لەپێناو باوەڕ و خێزان و نیشتیمانیاندا گیانیان بەخت دەکەن. پێویستە سوپاسی خوا بکەیت کە کچی خێزانێکی وایت.

دڵتەنگ مەبە!.. تۆ ئەوانت شەرمەزار نەکردووە. بێ ویستی خۆت ژیان دووچاری تەڵە تاریکەکانی خۆی کردیت، بەڵام دڵنیام تۆ بەم دڵە بەهێز و خۆڕاگرەوە هەڵەکانت ڕاست دەکەیتەوە و دەبیت بە مایەی شانازی و سەربەرزی خێزانت.

پنار کچێکی کامڵ و ئیماندار و بەتوانابوو، وەلێ ڕەشەبای ژیان فڕێی دایە جێیەک کە خۆی نەیدەویست. هەموو چرکەساتێک داخی ئەوە دەیسووتاند...

دەبوو پنار لە شوێنێکدابووایە کە شایستەی ئەوبووایە، بەڵام بەداخەوە وا نەبوو. هەنووکە کچێکی گەنج بوو پاش هەوڵی خۆکوشتن.

هۆکاری هەموو ئەمانەش من بووم. نەفرەتم لە خۆم دەکرد و قێزم لە خۆم دەهاتەوە..

پاش ماوەیەك دەورووبەر هێوربووەوە. من دیسان ئەو بابەتەم هێنایەوە بەر باس کە بیرمی داگیرکردبوو:

– کاك ڕەسووڵ، هەمیشە باوەڕم بە خوا هەبووە، بەڵام باوەڕێکی لاواز و بێ کاریگەری بووە. چونکە بەباشی لە چەمکی " خوا " نەگەیشتووم. بۆیە هەموو ژیانم بە سەرپێچیی ئەو بەسەربرد. ئەمڕۆ کە ئاوڕ بۆ ژیانی ڕابردووم دەدەمەوە، بە هەموو بوونم باوەڕم بە بوونی خوایەکی مەزن هەیە. وەلێ ئەمە ناتەواو و خامۆش و بێهێزە. بەتایبەتی بابەتی " قەدەر " هەمیشە کێشەیەکی بیرم بووە. هەرچەندم کردووە لەو مەسەلەیە تێنەگەیشتووم. ئەگەر سەرەتا بەم بابەتە دەست پێبکەین زۆر باش دەبێت. چونکە پێم وایە هەڵەی من لە تێگەیشتنێکی هەڵە لە قەدەرەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەگەر خوا بیویستایە قەدەرێکی باشی بۆ دەنووسین؟ بۆچی ئێمەش ناتوانین وەك خەڵك ژیانێکی خۆش بەسەربەرین؟

## وانەیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە قەدەر

کاك ڕەسوڵ هاوڕێ لەگەڵ زەردەخەنەیەکی شیریندا دەستی بە قسەکرد:

ـ ئومێد گیان! تەنها تۆ نیت، کەسانێکی زۆر لە بابەتی قەدەردا خاوەنی زانیاری هەڵە و ناتەواون. لەبەر ئەمە وادەزانن –حاشا– خوا هێزێکی ستەمکارە و بەندەکانی بەرەو خراپە پاڵ پێوە دەنێت.

ساڵانێکی دوور و درێژ کۆمیونیستەکان و بێباوەڕان هەوڵێکی زۆریان دا و پڕوپاگەندەی زۆریان بڵاوکردەوە تا ئەم بابەتە لای خەڵك لێڵ بکەن و بیشێوێنن. ئامانجیان ئەوەیە بیری گەنجانی موسوڵمان بشڵەژێنن و لە دین و باوەڕ دووریان بخەنەوە. وەکو دەزانیت ئەو کەسانەی کە زۆرترین تاوان و خراپە ئەنجام دەدەن ئەوانەن کە باوەڕیان لاوازە یان ئیمانیان نییە.

بۆ ئەوەی گەنجێك یان مرۆڤێك بخرێتە سەر ڕێیەکی زیانبەخش و هەڵە، سەرەتا لە ڕێگەی وروژاندنی شەهوەتەوە بۆی دەچن. ئەگەر لەمەدا بۆیان نەچێتە سەر، بابەتە ئیمانییەکانی چەشنی قەدەر و ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە و ئەو مەسەلانەی کە جاروبار ئەقڵ تیایاندا دەلەنگێت، دەورووژێنن و پاشان پاڵیان پێوە دەنێن بەرەو کوفر و بێباوەڕی .

کاك ڕەسوڵ زۆر ڕاستی دەکرد. کاتێك یەکەم جار ماددەی هۆشبەریان دایە دەستم، ڕازی نەبووم و وتم گوناحە و تاوانە. کەچی ئەو وەڵامەی دایانەوە بیرکردنەوەمی تێکەڵ و پێکەڵ کرد:

"تۆ هێشتا لەکوێدایت کوڕی باش؟ گوناه چییە؟ ئێمە گیانمان دەخەینە مەترسیەوە و پارە پەیدا دەکەین. ئەگەر خوا هەیە ـ حاشا ـ با ڕێگایەکی باشی بۆ ئێمە دیاری بکردایە. قەدەرێکی باشی بۆ بنووسینایە و، موحتاجی ئەم چوار فلسە نەبووینایە و، ئێمەش ژیانێکی خۆش

بژیبابینایه. ئەوکات پێویستمان بەم کارە خراپانە نەدەما. بەڵام ئێمەی کردووە بە نەدار و بێنەوا. ئێمەش بۆ ئەوەی نەمانشێلن کەسانی تر دەشێلین. تاوان تاوانی ئێمە نییە، هی ئەو کەسەیە کە ئەم قەدەرەی بۆ نووسیوین" .

کاک ڕەسوڵ کتێبی " وتەکان " ی گرت بە دەستیەوە کە یەکێکە لە بەرگەکانی پەیامەکانی نوور و، دەستی کرد بە خوێندنەوەی بابەتی قەدەر.

نموونەکان و ڕوونکردنەوەکان ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێش و تەواوبوون، حەیفی ئەوەم لێ دەهات کە چۆن تا ئەو ڕۆژە بیرم لەو جۆرە بابەتە نەکردووەتەوە. بەڵام تاوان تەنها هی من و کۆمەڵگا و کەسانی خراپ نەبوو. گەورەترین تاوان هی خێزانەکەم بوو. خێزانەکەم تەنها لە چاویلکەی ماددەوە تەماشای دنیای دەکرد. گرنگی نەدا بە بەها مەعنەوی و ئیمانییەکان. ڕۆژێك پرسیاری کێشە تایبەتییەکانمیان لێ نەکردم. پارەیان نایە باخەڵم و دایانم بەدەم لافاوی ژیانەوە. لە کۆتاییدا گەیشتم بە ئێرە .

دەمەتەقێی سەر سفرەکە زۆری خایاند، وەلێ لە ژیانمدا ئەوە یەکەم جاربوو گوێ لە گفتوگۆیەك بگرم کە فێنکی و ئارامی بە ویژدانم ببەخشێت. جاروبار کە سەیری پنارم دەکرد، دەمبینی ئەویش بە دڵ گوێی گرتووە و نموونە و ڕاڤەکان بیرکردنەوەی ئەویشیان ئاسوودە کردووە.

باش لە بابەتی قەدەر تێگەیشتم. ئێمە بەناوی قەدەرەوە چەند ئەفسانەیەکی پڕوپووچ فێربووبووین کە هیچ پەیوەندییەکی بە قەدەرەوە نەبوو.

بۆ یەکەمجار *شتێکی* ڕاست تێگەیشتم

شتێك کە بە دڵنیاییەوە لێی تێگەیشتم ئەمەبوو:

"قەدەر نووسینی ڕەحمەت و داناییە نەك ستەم" !

"زانستی ئەزەلی خوای گەورە بەوەی کە پێشتر دەزانێت ئێمە لە ژیاندا چی دەکەین، ئەمە قەدەری ئێمە پێکدەهێنێت. ئەگینا ئەم زانیارییە پێشینەیە زۆرمان لێ ناکات بۆ ئەنجامدانی. لە تەمەنماندا چەندەها ڕێی جیاواز و هەڵبژاردنی بۆ داناوین. بە زانستی بێسنووری خۆی دەزانێت من کام لەو ڕێیانە هەڵدەبژێرم. ئەمەش ناوی قەدەرە. کەواتە لە کارێکی خراپدا تاوان هی ئەو کەسە نییە کە زانستەکەی هەیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە بە ویستی ئازادی خۆی هەڵیدەبژێرێت. "[1]

بەڕاستی لێکدانەوەیەکی کامڵ و ڕاڤەیەکی نایاب بوو. ئەگەر خێزانەکەم لەم بابەتە و بابەتە ئیمانییەکانی تردا یارمەتی بدامایە، لەوانەیە نەکەوتمایەتە ئەو هەڵانەوە و ڕۆژم بەمڕۆ نەگەیشتایە .

---

١- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بابەتی قەدەر و جوزئی ئیختیاری خوێنەر دەتوانێت سەردانی وتەی بیست و شەش بکات لە کۆمەڵە پەیامی " وتەکان "، هەروەها کتێبی (قەدەر لە ڕووناکی قورئان و سوننەتدا )ی مامۆستا فتح الله گولەن.

ئاه خێزانەکەم ئاه! هەم خۆتان و هەم منتان کرد بەقوربانی تاوان. هەر لەبەر ئەم هۆیەبوو باوك و دایکم هێزی ماددی و مەعنەوییان لەدەستدا و ئێستا لە خانەی بەساڵاچوواندا بەدوای ئاسوودەییدا دەگەڕێن .

دوای نان خواردن کاتێك ڕوومان لە دارستانە سەوزەکەی بەرامبەرمان کردبوو و قوممان لە چاکانمان دەدا، بۆ یەکەم جار هەستم دەکرد مرۆڤم و مامەڵـەی مرۆڤانـەم لەگـەڵ دەکرێـت. کـەش و هـەوای ئـەم ماڵـە وەکـو دەرمانێکی کاریگەر وابوو کە نەمدەزانی ناوی چییە. دەتـووت ئـەوە هـەوا نییـە کـە هەڵیدەمـژم، بـەڵکو خـۆراکی ڕۆحییـە. خـەڵکی دەڵـێن کەسـێك نییەتی چۆن بێت دەوروبەرەکەشی ئەو ڕەنگـە دەگرێـت. کەواتـە ئـەم دوو مرۆڤەی کە بە گشت هەستەکانیان ڕوویان لە خوای گەورە کردووە و داوای چاکەی لێدەکەن، ئەو جێیەی کە ئەوانی لێ دەژین بووبوو بە بەهەشت.

مـن دیسـان داڵغـە بردبوومیـەوە. بـە دەنگـی کـاك ڕەسـوڵ بـەئاگا هاتمەوە. بەردەوام بوو لەسەر وتەکانی:

– ئێوە دەناسم، با کەمێکیش بێت. شتێك لە ڕابـردووی ئێـوە شـارەزام، هەرچەندە ئاگام لە وردەکارییەکانی نییە. پشت بـەخوا لەمـەودوا ئێـوەش ئێمە دەناسن. ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت ئێوە دۆستی تـەنها چـەند ڕۆژێکـی ئێسـتای ئێمـە نـین، بـەڵکو ئـەم دۆسـتایەتییە تەمـەنێك دەخایەنێت. ئەگەر قبووڵی بکەن حەزدەکەین وەکو ڕۆڵەی مەعنەوی ئێمـە وابن.

دوای بیستنی ئەو وتە پڕ لە سۆز و میهرەبانییە من و پنار چاومان چووە سەر یەك و سەرمان داخست. ئەوەش مانای " بەڵێ " بوو. چونکە ئێمەش و ئەوانیش باش دەمانزانی کە هیچ چارەیەکی ترمان نییە...

دوو کەسی بێچارە و تەنیابووین کە تازە بە تازە نەهامەتییەکانی ژیان هێشتبوویان هەناسەیەك هەڵمژین. چواردەورمان پڕبوو لە دوژمن. لەبەر ئەمە پێویستمان بە پەناگەیەك بوو. کە ئەمە حاڵمان بوو، ڕازی نەبوون و ڕەتکردنەوەی دوو مرۆڤی فیداکار و چاکەکار چ مانایەکی هەبوو؟!

کاك ڕەسوڵ بەردەوام بوو:

– ئەگەر ڕێگە بدەن دەمەوێت چەند پرسیارێکتان لێ بکەم سەبارەت بەوەی چۆن لەمماڵەدا لەگەڵتان مامەڵە بکەین و بە چی بانگتان بکەین.

## مارەکردنەکەمان نوێ کردەوە

هەردووکمان بە دوودڵی و مەراقەوە سەرمان هەڵبڕی. بەوردی گوێمان بۆ کاك ڕەسوڵ گرت:

– ئێوە هاوڕێن، دەزگیرانن، یان ژن و مێرد؟

ئەو پرسیارە وەکو بۆمبێك تەقییەوە. بەجارێك تەمەنی عومری ڕابردووی پڕ چەرمەسەری بە بەرچاوماندا تێپەڕی. دیسان نەفرەت و قین وەکو ڕەشەبایەك هات و سەر سنگ و قوڕگی گرتین. خەریك بوو دەبووراینەوە وەك ئەوەی کەسێك شتێکی قورسی بەسەرماندا کێشابێت.

من پێش ئەوەی هیچ تێبگەم پنار لەوە زیاتر خۆی پێڕانەگیرا و دەستی گرت بە دەموچاویەوە و گریا. خۆشترین دانیشتنی دنیا لەناکاو بوو بە تازێباری. کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان زۆر لەم کاردانەوەیەی ئێمە سەریان سووڕما. کاك ڕەسوڵ وتی:

- زۆر داوای لێبوردن دەکەم. دڵنیابن مەبەستێکی خراپم نەبوو.

کاتێك زانیم کاك ڕەسوڵ و خێزانی زۆر دڵتەنگ بوون، نەمویست لەوە زیاتر ئازاریان بدەین:

- ئێوە لێمان ببوورن. ئەوەندە ڕابردوویەکی خراپمان هەیە هەموو وشەیەك، هەموو قسەیەك و پرسیارێك، بەلا و ناخۆشییەکمان بیردەخاتەوە. من پنارم لە خێزانەکەی خواست. ئەوانیش دایان و تەنانەت مارەشم بڕی. بەڵێنمان دا بە باوکی تا زەماوەند و گواستنەوە، نزیکی یەك نەکەوینەوە. هەرواشمان کرد. سروشتی پنار هەرگیز قبووڵی پێچەوانەکەی نەدەکرد. بەڵام بەداخەوە خوێنڕێژان و ستەمکاران ئەمەیان بۆ ئێمە پێ زۆربوو.

لەوە زیاتر نەمتوانی بەردەوام بم. پەستانی خوێن هێرشی کردە سەر کەللەم و ژیریمی لەقکرد. پنار شل بوو و کەوتە باوەشی مەدینەخانەوە. دیاربوو کە دیسان مۆتەکەی ئەو شەوە نەگریسە دڵی گوشیوە و تا ماوە لەبیری ناچێتەوە.

پاش کەمێك کە کەشەکە هێوربووەوە، کاك ڕەسوڵ وتی:

ـ کارەساتی زۆرتان بەسەر هاتووە کە دڵ و جەستەی نەخۆش خستوون. پێویستە لێرە بەدواوە خۆتان کۆبکەنەوە و هەستنە سەر پێی خۆتان. هیچ نەبێت بۆ ڕزگاربوون لەو گوناهانەی دڵی پیس کردوون پێویستتان بەمەیە.

مرۆڤ بە مردن تەنها جەستەی لەناودەبات، بەڵام ئازاری ڕۆح هەر بەردەوامە. ڕاستترین کردەوە ئەوەیە پێش مردن ڕۆح پاك بکرێتەوە لە تاوان. ئێمە تا کۆتایی یارمەتیدەرتان دەبین. ئێوەش دەستی یەك بگرن و هەوڵ بدەن خۆتان لە ڕۆژانی پڕ ئاسۆری ڕابردوو قوتاربکەن.

حەزدەکەم ئەوە بزانن ئێمەش هاووێنەی ئەو ڕووداوە جەرگبڕانەمان بەسەر هاتووە کە ڕووبەڕووی ئێوە بووەتەوە، بەڵام لەوە باش تێگەیشتین کە ڕزگاربوون لەو ڕابردووە بە خۆکوژی نابێت. مردن سادەترین و ئاسانترین ڕێگەیە کە کەسانی لاواز هانای بۆ دەبەن. بەڵام لەڕاستیدا پێویستە ئەو کەسانەی دژایەتی خراپە و تاوانەکان دەکەن لە ژیاندا بمێننەوە و، بەپێوە بوەستن و، لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بەهێزبن و خەبات بکەن دژی خراپەکاری. بەم شێوەیە یارمەتی ئەوانە بدەن کە لە دوایانەوە دێن و نەهێڵن بکەونە هەمان هەڵەوە، بەمەش هەوڵی سڕینەوەی گوناهە پێشینەکانیان بدەن.

بۆیە دەڵێم با لە سەرەتاوە مارەیی دینیتان نوێ بکەینەوە و ئەمە بکەین بە سەرەتایەك و لاپەڕەیەکی تازە. هەرچەندە ئەمە ئاسان نییە، وەلێ دەبێت ئێمە سەرکەوتوو بین .

چۆنمان دەتوانی ڕەخنە لەو قسە ڕاست و دروستانە بگرین؟ بەڵام پێکهێنانی ژیانێکی نوێ و لەبیرکردنی ڕابردوو، تەنها بە مارەکرانێکی تازە، شتێکی تەواو گران و ئەستەم بوو.

کاک ڕەسووڵ کارەکەی هەر لەوێدا بڕاندەوە و بانگی مامۆستایەکی کرد و لە یەکتری مارەکردین.

## پەڕەیەکی نوێمان هەڵدایەوە

ئەو چەند مانگەی سەرەتا دەستپێکێك بوو بۆ ژیانی نوێمان. یارمەتی و هاریکاری لەڕادەبەدەری کاك ڕەسوڵ و خێزانەکەی و، ئەو خۆشەویستی و سۆزەی ئەوان لەڕووماندا نواندیان، بووبوو بە هۆی ئەوەی هێدی هێدی باری سەر شانمان سووك ببێت. ناسینی کەسە نزیکەکانی ئەوانیش ئاسۆیەکی تازەی بەڕووماندا دەکردەوە و، کەشێکی جیاواز و ئارامییەکی ناوازەی بۆ دەستەبەر دەکردین. بەڕاستی ئەم دوو مرۆڤە نموونەییە هەموو هەڵسوکەوتێکیان لە دڵەوە دەکرد و تەنها ئامانجیان ڕەزامەندی خوابوو. بەتایبەتی پەیوەندی خێزانی نێوان کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان و ئەو خۆشەویستی و ڕێزەی لە نێوانیاندابوو، سەبارەت بە ئێمە قوتابخانەیەك بوو. یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی تر گفتوگۆ شیرینەکانی کاك ڕەسوڵ بوو کە وردە وردە دەیویست فێری خوێندنەوەی کتێبی بەسوودمان بکات. ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام پەیامەکانی نوورمان دەخوێندەوە. پاشان کاك ڕەسوڵ هەڵی دەنایین بۆ فێربوون و خوێندنەوەی ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکان و دەیووت: " پێویستە هەموو کەسێك، هەموو گەنجێك و گشت

دایکان و باوکان، بەوردی ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکان بخوێننەوە و وانەی لێ وەربگرن. تا بزانرێت ژیانی ئەوان لە هەموو ڕوویەکەوە پڕە لە پێوەر و پێودانگ بۆ ئێمە. ژیانی ئەوان دەرمانە بۆ دەردەداران و ڕێنیشاندەرە بۆ ڕێ ونکردووان و دڵنەوایی بەخشە بۆ جەفاکێشان و، چارەسەرە بۆ گشت کێشەکان و، ئەوان ڕابەری ڕاستەقینەن بۆ مرۆڤایەتی. یەك کەسی بەویژدان نابینیتەوە کە بە وردی و جددی ژیانی ئەو کەڵەپیاوانە بخوێنێتەوە و نەڵێت: "ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام دۆزیمەوە." کەواتە یەکەم کارێك کە دەیکەین ئەوەیە ژیانی ئەوان دەخوێنینەوە و دەیکەین بە سەرمەشقی خۆمان. ئەوکات دەگەین بەو بەختەوەری و ئاسوودەییەی کە بە حەسرەتەوە بەدوایدا وێڵین.

من و پناریش بە گوڕ و شەوقەوە ئامۆژگارییەکانی کاك ڕەسوڵمان لەگوێ گرت و کەوتینە خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ. بەڕاستی ئەوەی ئێمە لە شوێنی تردا بۆی دەگەڕاین لەوێدا دۆزیمانەوە. سوپاس بۆ خوا بوو بە چارەسەری گشت کێشەکان و مەرهەمی زاممان.

## چۆن ئەو ڕۆژەم لەیاد دەچێت

یەکەمین و گرنگترین بڕیاری خۆمان دا. بەکوڵ پاڕاینەوە لە خوای گەورە کە تا دوایین هەناسە بەردەوامیمان پێببەخشێت.

پنار خۆی داپۆشی و پێکەوە بڕیارمان دا نوێژەکانمان بکەین. بەڕاستی ئەوەندە خۆش و بەلەزەت بوو، گەر بۆ چەند چرکەساتێکی لەو جۆرە، تەمەنێکیش فیدا بکرێت هێشتا هەر کەمە!

ئەم بڕیارە کتوپڕەی ئێمە هێندە کاك ڕەسوڵ و مەدینەخانی دڵخۆش کـرد بڕیاریانـدا ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە سـفرە بڕازێننـەوە و بـەو بۆنەیـەوە پیرۆزباییمان لێ بکەن.

## ئەو گومانانەی زەین گیرۆدە دەکەن

بەربەسـتێکی گـەورە لـە ڕێمانـدا هـەبوو. هەرچـەندم دەکـرد ئـەو گوناهانەی ئەنجاممان دابوون و، ئەو چڵکنییەی ناخمان و، وەسوەسەکانی شەیتان، پێکەوە نەیاندەهێشت ئاهێکی ڕەحـەت هەڵکێشـین. لەبـەر ئەمـە یەکـەم نوێـژ بەخۆداچـوونەوەیەکی زۆر جـددی بـوو. چـونکە گومـان و وەسوەسەی ناو دڵم هـەموو جـۆرە ئاسـتەنگێکی دروسـت دەکـرد لـەپێناو دوورخستنەوەی من لە سوژدەبردن .

پێکـەوە لەگـەڵ پنـاردا دەربـارەی ئـەو وەسوەسـە و خەیاڵاتانـە پرسیارمان کرد کە لە نوێژدا مرۆڤ گیرۆدە دەکەن.

کاك ڕەسوڵ پەیامەکانی نـووری گـرت بەدەسـتیەوە و، ئـەو شـوێنەی خوێندەوە کە تایبەتە بەم پرسیارە. دڵم ئاوی خـواردەوە و ئاسـوودەبووم بەو ڕوونکردنەوە جوان و ناوازەیە.

پاشـان بـەدەم چـا خواردنـەوەوە کـاك ڕەسـوڵ باسـێکی زۆر سەرنجڕاکێشی لەسەر نوێژ خوێندەوە. ئەوەندە جوان بوو بە جارێك تێـرم نەخوارد. دواتر خـۆم سـێ چـوار جـاری تـرم خوێنـدەوە. بـە نموونەیـەکی نایاب نوێژی ڕوون دەکردەوە:

"ئەگەر دەتەوێت ڕادەی بەها و گرنگیی نوێژت بۆ دەربکەوێت و، بزانیت چ دەستکەوتێکی گەورەیە و، چۆن مرۆڤ ئەم دەستکەوتەی بەئاسانی دەستگیر دەبێت ..

هەروەها ئەگەر دەتەوێت گێلی و تێنەگەیشتنی ئەو کەسەت بۆ دەربکەوێت کە ئەم پەرستشە ئەنجام نادات و، بزانیت چەندە مرۆڤێکی زەرەرمەندە..

بەڵێ، ئەگەر حەزدەکەیت ئەمانە بزانیت و بەئەندازەی ( دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار ) لێی دڵنیا ببیت، ئەوا سەرنج لەم چیرۆکە کورتە بدە و لێی وردبەرەوە:

جارێکیان فەرمانڕەوایەکی گەورە دوو خزمەتگوزای خۆی بۆ باخچەیەکی تایبەتی جوان و دڵڕفێن نارد کە دوو مانگ ڕێ دووربوو، یەکی بیست و چوار لیرەی زێڕیشی دانێ تاکو پێی بگەنە مەزراکە و لەوێ نیشتەجێ ببن و، پێی وتن :

( بلیت و پێداویستییەکانی گەشتەکەتان و پێداویستییەکانی ناوماڵ و نیشتەجێبوونتان، بەم پارەیە بکڕن.. دوای ڕۆژە ڕێیەکیش دەگەنە وێستگەیەك کە هەموو هۆکارەکانی گواستنەوەی تێدایە لە ئۆتۆمبیل و، فڕۆکە و، شەمەندەفەر و، پاپۆڕ.. نرخی سواربوونی هەرکام لەمانەش لەوی تر جیایە و بەپێی سەرمایەی ئەوکەسەیە کە سواری دەبێت).

ئەوانیش دوای وەرگرتنی ئەم دەرس و ئامۆژگارییانە، کەوتنەڕێ. یەکێکیان لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی بەختەوەر و شادمان و ژیربوو، بەشێکی

پارەکەی بەجۆرێك فەرمانڕەوا پێی ڕازی بێت، خستە کار و کەسابەتەوە تا گەیشتە وێستگەکە و، سوود و قازانجێکی زۆری لێ دەست کەوت بەچەشنێك کە سەرمایەکەی یەك بۆ هەزار زیادی کرد .

بەڵام ئەوی تریان لەبەر ئەوەی هەرزە و بەدبەخت بوو، تا گەیشتە هەمان جێ، بیست و سێ لیرەی بە قومار و هەڵەخەرجی بەزایەدا و تەنها یەکێکی پێ مایەوە !

لەبەر ئەوە، هاوڕێکەی پێی وت:

کاکی خۆم! ئەم لیرەیەی ئێستا پێت ماوە بلیتی سەفەری پێ بکڕە و بەخۆڕایی لە دەستی مەدە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگا دوور و درێژەدا بە برسێتی و ئاوارەیی نەمێنیتەوە. فەرمانڕەوای گەورەشمان تا بڵێی لێبووردە و جوانمەردە، بەڵکو لە کەموکوڕییەکانت خۆش ببێت و تۆش سواری فڕۆکە بکات و پێکەوە لە ماوەی ڕۆژێکدا بگەینە جێی خۆمان. خۆ ئەگەر بەگوێیشم نەکەیت، ئەوا ناچار دەبیت کە بەپێ بکەویتە ڕێ و بە دوو مانگی ڕەبەق و بەبرسێتی و نامۆیی و تەنیایی ئینجا بیبڕیت و بگەیتە جێ.

جا ئەگەر ئەم هاوڕێیە سەرپێچی نواند و، بەو تاکە لیرەیەی پێی ماوە بلیتەکەی نەکڕی ـ کە وەك کلیلی دەرگای گەنجینەیەك وایە ـ بەڵکو لە پێناوی حەز و چێژێکی سەرپێیی دا بەکاری هێنا، ئایا نەزانترین مرۆڤیش تێناگات کە ئەو کەسە چەندە بەدبەخت و زەرەرمەند و گێژ و گەلحۆیە؟

ئەی ئەو کەسەی کە نوێژ ناکات!

هەروەها ئەی دەروونی خۆیشم کە حەزت لە نوێژ نییە و پێت ناخۆشە!

مەبەست لەو فەرمانڕەوایە: خوای پەروەردگار و بەدیهێنەرمانە..

دوو خزمەتگوزارەکەش: یەکێکیان ئەو کەسەیە کە ڕێی ئایینی گرتووەتە بەر و، زۆر بەپەرۆشی و تاسەوە نوێژەکانی دەکات.. مەبەست لەوی تریشیان ئەو مرۆڤە بێئاگایانەیە کە وازیان لە نوێژکردن هێناوە..

بیست و چوار لیرەکەش، بریتییە لەو بیست و چوار کاتژمێرەی شەو و ڕۆژ کە تەمەنی مرۆڤیان لێ پێکدێت..

باخچە تایبەتی و جوانەکەش بریتییە لە بەهەشتی بەرین..

مەبەست لە وێستگەکەیش گۆڕی مرۆڤە، کە لێیەوە دەڕوات بۆ جیهانێکی تر..

گەشت و سەفەرەکەش، ئەو گەشتەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەستی پێدەکات و بە دەرگای گۆڕدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ئەو دنیای هەمیشەیی و، ئنجا لەوێ کۆتایی بە گەشتەکەی دەهێنێت.

ئەوانەش بەم ڕێگایەدا گوزەردەکەن بەش بەشن، هەر بەشەی بەپێی پایەی کردەوەکانی خۆی پلەی بۆ دانراوە: هەندێك لەو خواپەرستانە وەك هەورەبروسکە ماوەی هەزار ساڵ بە یەك ڕۆژ دەبڕن و، هەندێکی تریان ـ وەك خەیاڵ ـ لە یەك ڕۆژدا ماوەی پەنجا هەزار ساڵ دەبڕن، وەك قورئانی پیرۆز لە دوو ئایەتدا ئاماژەی بەم ڕاستییە داوە..

مەبەست لەو بلیتەش ( نوێژ )ە..

لە ڕاستیدا تەنها یەك كاتژمێر لەو بیست و چوار كاتژمێرە سەروزیادە بۆ نوێژ و دەستنوێژی ماوەی ئەو شەو و ڕۆژە.

ئایا ئەو كەسەی كە بیست و سێ سەعاتی شەو و ڕۆژ بۆ ئەم دنیا زۆر كورت و كەمخایەنە سەرف دەكات و، تاقە كاتژمێرێكی بۆ ژیانی نەبڕاوەی هەمیشەیی تەرخان ناكات، چەندە ستەم لە خۆی و كارێكی دوور لە ژیری دەكات؟!

بەڵێ، ئەگەر خەرج كردنی نیوەی سامان لە قومارێكی وەك "یانسیب" دا، كە هەزار كەس بەشداری تێدا دەكەن، بەلای هەندێكەوە بە كارێكی ژیرانە بژمێررێ، كە ڕێژە و گریمانی بردنەوەشی یەك لە هەزارە، ئەی ئەو كەسەی كە یەك لە بیست و چواری سامانی خۆی لە قازانجێكی گومان لێ نەكراودا و لە دەستكەوتنی گەنجینەیەكی هەمیشەییدا بەشدار ناكات - كە ڕێژەی قازانجی لە سەدا نەوەد و نۆیە - كارەكەی پێچەوانەی ژیری و دژی دانایی نییە؟ ئایا هەركەسێك خۆی بە ژیر و تێگەیشتوو بزانێت لەمە تێناگات؟!

لە هەمان كاتیشدا نوێژكردن، خۆی لە خۆیدا، حەسانەوەیەكی تا بڵێی گەورە بە " گیان " و " دڵ " و " ژیری " ی مرۆڤ دەبەخشێت. جگەلەوەش كارێكی قورس و مایەی بێزاری نییە بۆ " جەستە " ی مرۆڤ. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەو كەسەی نوێژەكانی بەجێ دەهێنێت،

بەهۆی نیازی پاك و خاوێنەوە، هەموو كار و كۆششێكی حەلاڵی تری بۆ دەبێت بە پەرستش و، بە خواپەرستی بۆی دەنووسرێت.

بەم چەشنە، مرۆڤی نوێژكەر دەتوانێت هەموو سەرمایەی تەمەنی بەرەو ئاخیرەت بەرێ بكات و، بە تەمەنە كورت و فانییەكەی دنیای، تەمەنێكی هەمیشەیی لە دوارۆژدا بەدەست بهێنێت ". [١]

## قوتابخانەی ژیانمان تازە دەستی پێدەكرد

كاك ڕەسوڵ دكتۆر و، خێزانەكەیشی مامۆستابوو. بەیانیان زوو هەڵدەستان بۆ نوێژ. پاشان بەوپەڕی خشوعەوە ویردەكانی دوای نوێژیان دەخوێند. ئنجا بەدوایدا كاك ڕەسوڵ تەفسیری قورئانی پیرۆزی بۆ دەخوێندینەوە و ڕاڤەی دەكرد بۆمان. من و پنار ئەوەندە ئالوودەی ئەو وانەی بەیانیانە بووبووین، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بووین .

پاشان كاك ڕەسووڵ و خێزانی دەچوون بۆ سەر كار و ئێمەش لەماڵەوە كتێبەكانمان دەگرت بە دەستمانەوە و وەك ئەوەی خەزێنەیەكمان دۆزیبێتەوە، بەدڵ دەمانخوێندەوە و ناتەواوییەكانمان پێ پڕدەكردەوە. بێگومان نوێژەكانیشمان بەوپەڕی لێبڕانەوە دەكرد. هەموو نوێژێك تام و چێژێكی جیاوازی پێدەبەخشین. بەڵام هەردەم گومانی " بڵێی خوا لێمان

---

١- دەقی كوردی ئەم پارچەیە لە وەرگێڕانەكەی مامۆستا فارووق ڕەسوڵ یەحیاوە وەرگیراوە. بڕوانە: وتەكان، لا ١٧ ـ ٢٠

خۆش ببێت؟ " هاوڕێمان بوو. بەتایبەتی پنار کە هەستیار و دڵناسك بوو، هەمیشە چاوی بەگریان بوو.

ئەو شەوەش دیسان شەوێکی لەڕادەبەدەر قەشەنگ بوو. ئەو کۆڕ و دەرسە هەفتانەیەی کە ڕێکدەخرا و، کەشێکی جوانی مەعنەوی دەسازاند و، دەیبردینە دنیایەکی خەیاڵی کە هەرگیز دەستی ئازار وخەفەتی پێنەگات. ئەو شەوە پیرۆزە تەواو بۆ ئێمە وەك میوانداریيەکی ڕەنگاوڕەنگ وابوو، چونکە ڕۆح و دڵ و دەروونمان باڵی دەگرت و، ژیری و دڵمان ئاوی سازگاری دەنۆشی و، کێشە دەروونی و هزرییەکانمان وەڵامی خۆیان وەردەگرت.

ئەو شەوە کەسانێکی زۆر و هەمەچەشنە هاتبوون بۆ دەرسەکە. ئەو شەوە هیوام گوڵی تازەی گرت و بڕوام بە داهاتوو زیادی کرد. چەندین پرسیار کە مێشکمیان ئاڵۆز و گیرۆدە کردبوو، ئەو شەوە وەڵامی خۆیان دەست کەوت. ئیتر چۆن دەکرێت مرۆڤ لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانەدا دڵی خۆش نەبێت و بەرەو ئاسمانی بەختەوەری پەرواز نەکات؟

جگە لە سوپاس کردن چیمان لە دەست دەهات؟

"خوایە گیان! ئێمە لەم هەوا مەعنەوی و کەشە پڕ ڕاز و نیازە دامەبڕە! ئەو جوانییانەی کە دڵمانت لێ پڕکردووە بە زۆریان مەبینە! ئەگەر ئەم بەختەوەرییەم لە خەودا ببینیایە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. هەرچەند ئێمە شایانی ئەمانە نین، بەڵام ڕەحم و لوتفی تۆش بێئەندازەیە."

ئەو شەوە کە بۆ نووستن چووم بۆ ژوورەکەم بینیم بۆ یەکەم جار چاوەکانی پنار پێدەکەنن. کەواتە پنار لە من زیاتر سوودی وەرگرتووە و چارەی زامی خۆی پێکردووە .

هەموو شتێك کەوتبووە سەر ڕێی خۆی. هەموو ڕۆژ و هەموو ساتێك لە جەژندابووین و ، دەمانوت: "زۆر سوپاس بۆ تۆ خوایەگیان، ئێمەت ڕزگارکرد"!

ئێوارەیەك کاك ڕەسووڵ بەدەم پێکەنینەوە گەڕایەوە:

ـ سەرێکم لە ئاسایش دا. بەپێی ئەم یاسا نوێیەی کە دەرچووە لەو تاوانەتان خۆشبوون کە تێوەی گلاون. بەیانی دەچین ئەو کارە ڕەسمییانەی کە پێویستن دەیکەین. واتە هەنووکە ئێوە بەفەرمی بێتاوانن. بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەبەر دڵنیایی خۆمان، پێناسی تازەتان بۆ دەردەکەین و ماڵەکەشمان دەگوازینەوە. واتە ناوی تازە و ماڵی تازە و ژینگەیەکی تازە... ئەوەی لە دەست ئێمەبێت دەیکەین، ئیتر ئەوەی تری حەواڵەی خوا دەکەین.

کاك ڕەسوڵ و خێزانی وەك چاوی خۆیان ئێمەیان دەپاراست و ئەو ڕێوڕەسمە فەرمییانەی کە پێویستبوون یەك یەك دەیانگرتە بەر. خوای گەورە هەزاران جار لێیان ڕازی بێت.

کاتێك وردە وردە پنار لەڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە باشتر دەبوو، بیری لەوە دەکردەوە چۆن هەموو ئەمانە بە خێزانەکەی ڕابگەیەنێت. پاش ئەو ڕووداوە جەرگبڕانەی ڕابردوو خۆی بە مردوویەك لەقەڵەم دابوو و

هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ خێزانەکەی پچڕیبوو. نەیویست پاش ئەو کارەساتە قێزەونانە بچێتە بەردەم خێزانەکەی و ببێت بەهۆی شەرمەزاری و ڕووزەردییان. وەلێ پاش ئەوەی ژیان هێدی هێدی باری ڕاست بووەوە، بە مێشکی هێمن و لەسەرخۆ دیسان بیری لێکردەوە. بەجۆرێك لەو دواییانەدا زوو زوو ئەم بابەتانەی لەگەڵ دەکردمەوە .

شەوێکیان لەوانەیە بەو خەیاڵەوە نووستبێت، بۆیە بەیانی کە هەستاین بۆ نوێژ دیسان سەری قسەی کردەوە:

– چی بکەین؟ هەواڵیان بۆ بنێرین و بڵێین کچەکەت مردووە و دەستی لێ بشۆ، یان ڕێگایەکی تر بدۆزینەوە؟

لەڕاستیدا بەناچاری ئەوەی پێشنیازکرد و خۆشی بەدڵی نەبوو. چونکە بۆ هەمیشەیی خێزانەکەی تووشی ئازار و تازیەباری دەکرد. وەلێ بەپێچەوانەوە هەواڵی " دەژی، بەڵام تووشی ڕێی خراپ هاتووە " زیاتر ئەوانی خەمبار دەکرد.

من کێشەیەکی لەم جۆرەم نەبوو، چونکە هیچ پەیوەندییەکم بە خێزانمەوە نەمابوو. کەسیشم نەبوو بەدوامدا بگەڕێت. تاقە باوکێکم هەبوو ئەویش لە خانەیەکی ساردوسڕی بەساڵاچووواندا کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی بەسەردەبرد. هەر ساڵانێکی زۆر لەمەوبەریشەوە پەیوەندیم پێیەوە نەمابوو.

بە یارمەتی کاك ڕەسوڵ ڕێگەچارەیەکمان بۆ ئەم کێشەیە دۆزییەوە کە ماوەیەك بوو بیری پناری خەریك کردبوو. وتی:

– هەردوو هەواڵی "مردن" یان "ژیانێکی خراپ" خێزانەکەت ئازاردەدات. پێویستە بە هەر نرخێك بووە بچیتەوە بەردەرگای خێزانت. بۆ نموونە پاساوی نەخۆشی بهێنەرەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا نەتتوانیوە سەردانیان بکەیت. ئێمەش لەلای خۆمانەوە یارمەتیتان دەدەین. بڕۆنەوە بۆ شاری خۆتان، تەنانەت ئەگەر گونجاوبوو زەماوەندێك سازبکەن. دواتر دەتوانن بۆ کارکردن بگەڕێنەوە بۆ ئێرە. ئێمە ئامادەین لەگەڵ خێزانت قسەبکەین و تێیانبگەیەنین. پاشان کە گەڕانەوە پێکەوە نەخشەیەك بۆ ژیانی داهاتووتان دادەڕێژین. خەمتان نەبێت، خوای گەورە پشتی هەموو نیەتێکی باش دەگرێت و یارمەتی هەموو بەندەیەکی ڕاستگۆ و دڵسۆز دەدات. هەرگیز لە نیوەی ڕێدا بەجێتان ناهێڵێت.

## گەشتێکی پڕ غەم

بە هاریکاری ئەم دوو مرۆڤە فیداکارە بێوێنەیە چووین بۆ خزمەتی دایك و باوکی پنار. ئەم گەشتە بۆ هەردووکمان ئەو خەم و ژانەبوو کە مرۆڤ لە ساتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاوانەکانیدا هەستی پێدەکات. بە ترس و لەرز و شەرمەوە ڕۆیشتین. بەتایبەتی پنار بە ساغی لە شاری خۆی دەرچووبوو، بەڵام وا ئێستا بە قاچێکی بڕاوەوە دەگەڕێتەوە و چەند پەنجەیەکی دەستی ڕاستیشی نییە. ئەمەش تابلۆیەکی ئازاربەخش بوو. خوا لە کاك ڕەسوڵ و خێزانی و کاك ئەحمەد ڕازی بێت، لەو ڕۆژە تەنگانەدا بە تەنیا جێیان نەهێشتین. ئەوانیش لەو گەشتەدا هاوڕێیەتییان کردین.

ئیتر ناوی من ڕەسووڵ و ناوی پناریش مەدینەبوو. نەماندەتوانی ناوی تر هەڵبژێرین. هەلگرتنی ناوی ئەم دوو کەسەی کە وەك باوك و دایکی ڕاستەقینە باوەشی سۆز و میهرەبانییان بۆ کردینەوە، شەرەفێکی گەورەبوو. ئیتر لەمەوداو من ڕەسوڵی بچووك و پناریش مەدینەی گچکەبوو.

ئەم جوانی و خۆشییانە وەك خەونێك دەهاتنە پێش چاومان و هەمیشە ترسێك لە دڵماندا خۆی مەڵاس دابوو. دەلەرزاین و دەترساین لەوەی هەموو ساتێك دەگونجێت ئەو خەوە تەواوببێت و ئەو دنیایەش ئاوەژوو ببێتەوە.

# بەشی هەشتەم

## تاقیکردنەوەکانمان دوایی نەدەهات

زۆر بە کەمی دەچووینە دەرەوە. بۆ ئەوەی بەرچاو نەکەوین لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبووایە ماڵەوەمان جێنەدەهێشت. بەڵام ڕۆژێکیان ناچاربووم لەگەڵ کاك ڕەسوڵ بڕۆم چونکە خانوویەکی تازەمان گرتبوو و دەبوو منیش ئامادەبم. چووین بۆ ئەو گەڕەکەی ماڵەکەی لێبوو. پێویستبوو ئەنجومەنی گەڕەك بدۆزینەوە. پێیان وتین مزگەوتی گەڕەك نۆژەن دەکرێتەوە و ئەنجومەنیش لەوێ خەریکی کارە. چووین بۆ مزگەوتەکە و پرسیاری ئەنجومەنمان لە کرێکارێك کرد. ئەویش پەنجەی بۆ پیاوێکی کەڵەگەت ڕاکێشا کە کڵاوێکی سپیی پاکی لەسەردابوو و، وتی:

- ئەو دەزانێت، لە ئەو بپرسن.

لەو پیاوە نزیك بووینەوە. بە دەستی بلۆکی دەگواستەوە. پێمان وت:

- بەشوێن ئەنجومەندا دەگەڕێین، دەزانیت لەکوێیە؟

پیاوەکە بلۆکەکەی دەستی دانا و بەوردی لێی ڕوانیم. دەتووت لەو چاوانەوە تەزوویەکی سەیر و سەمەرە دەهاتە ناو جەستەمەوە. لەژێر لێوەوە وتم: " ئای خوایەگیان! ئەمە دەبێت خۆی بێت! بەڵێ، ئەو."...

هاوارم کرد:

- بابە! بابە ئەوە تۆیت؟

باوەشم پێداکرد، وەك یەکێك کە دوای چەندین ساڵ سەروەتێکی بەنرخی ونبووی دۆزیوەتەوە .

لەپێشدا دوودڵ بوو. پاشان دەتووت تازە لە خەو ڕاپەڕیوە. لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بڵێت، چونکە لە کاتێکدا منی دیتبووەوە کە هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد .

- کوڕم!.. ئومێد گیان! ئەوە تۆ دەژیت؟

باوك و کوڕ توند باوەشمان کرد بەیەکدا، وەك ئەوەی بمانەوێت بە چرکەساتێك خەمی چەند ساڵەی دووری لەبیربەرینەوە .

هەرچەندە نە ئەو باوکایەتی بۆ من کرد و نە منیش کوڕێکی باش بووم بۆ ئەو، بەڵام دیسانیش من قەرزی باوکایەتی ئەوم لە ئەستۆدابوو.

کاك ڕەسوڵ بە سەرسامییەوە لەم دیمەنەی دەڕوانی و، قۆڵی هەردووکمانی گرت و، بردینی بۆ شوێنێکی ئارامتر. لە چایخانەیەك لەو نزیکانە دانیشتین. چامان دەخواردەوە و لاپەڕەی دەفتەری کۆنمان هەڵدەدایەوە و، یەك یەك ڕووداوە ئازاربەخشەکانی ڕابردوومان چاو پیادا دەخشاندەوە. من پێویست بوو تابلۆیەکی جوانی ژیانی خێزانی خۆم و

پنار بۆ باوکم وێنابکەم. باوکیشم باسی سەرگوزەشتەی خۆی کرد. ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێو، پڕ لە هەڵکشان و داکشان... وتی:

ـ ئێستا لە خانەی بەساڵاچووان دەمێنمەوە. سوپاس بۆ خوا خزمەتگوزارێکی ئەو خانەیە بوو بە فریادڕەسم. سوپاس بۆ خوا سەرلەنوێ خۆمم دۆزییەوە و ئیمانم هێنا. نازانم چۆن قەرەبووی تەمەنێك دەکرێتەوە کە بە تاوان بەڕێ کرابێت. ناشزانم ئەم پەشیمانییە چ سوودێکی دەبێت. ژیانم بە شێوەیەکی سەیر بوو بە قوربانی نەفس و شەیتان و کەسانی دووڕوو کە لە شەیتان خراپترن و، بەخۆڕایی لە دەستم چوو. بۆیە نە خێرێکم بۆ خۆم بوو، نە بۆ خێزانەکەم. خێزانی دەوڵەمەند و ناودارمان وەك سەهۆڵ توایەوە و چەشنی ئاویش بوو بە هەڵم...

ڕۆژانم لە خانەی بەساڵاچوواندا بەسەردەبەم. هەوڵ دەدەم هیچ نەبێت لەم چەند ڕۆژەی کۆتایی تەمەنمدا بەندایەتی بەجێبهێنم. هەفتەی سێ ڕۆژ دێم بۆ ئێرە و لەگەڵ کرێکارەکان کار دەکەم. پارەیەکی زۆر کەمم دەدەنێ. هەر بەشی کرێی پاسەکەم دەکات .

بە دوور و درێژی لەگەڵ باوکم دەردەدڵمان کرد. هەردووکمان زۆر خۆشحاڵ بووین. تۆبەکردن و ئەوەی ئەو دەستی کردووە بەنوێژکردن، منی زۆر دڵخۆش کرد، هەروەها شێوازی ژیانی منیش ئەوی خۆشحاڵ کرد.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو. بەڵام ئیتر ئەمە ژیانە، هیچ شتێکی تا سەر نەبوو. هێشتا تاقیکردنەوەی سەختی ژیان تەواو نەبووبوو. بەچیدا بمزانیایە ئەو ڕۆژەی کە بەو جوانییە دەستی پێکرد بە تراژیدیا کۆتایی

دێـت؟ وەڵێ چـۆن تراژیدیایـەك؟ لەوانەیـە تـا ئـەمڕۆ ئـەوە سـەختترین و ناخۆشترین ڕوودراوبێت کە بەسەرم هاتووە.

ڕێك لەو کاتەدا کە هەستاین بۆ ڕۆیشتن، دوو پیاوی چەك بەدەست لـە دەرگای چایخانەکەوە دەرکەوتن. بـەدەم جـوێن و هـات و هـاوارەوە ڕووی هەموومانیان لـە دیوارەکـە کـرد و گیرفانیـان پشـکنین. پاشـان یـەکێکیان وتی:

– ئومێد تۆیت، ها؟ واتزانی دەتوانی لە ئێمە هەڵبێیت و ڕزگارت ببێـت؟ خۆت چاك دەزانیت ئێمە چاودێری هەناسەکێشانیشت دەکەین .

- نەخێر، مـن ئومێـد نـیم، نـاوم ڕەسـوڵە. ئـەگـەر دەتانـەوێت سـەیری پێناسەکەم بکەن.

- ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت پێناس تەنها پارچەیەك کاغـەزە، بـەنیازیت بـەوە بمانخەڵـەتێنیت؟ ئێمـە دەزانـین لـە کـوێ و چـۆنیش ئـەو پێناسـەت وەرگرتووە.

بـاوکم چـەند جارێـك پاڕایـەوە و، چـووە بـەردەمیان و، ویسـتی بمپارێزێت:

- مەکەن بۆ خاتری خوا! ئەو چی لە ئێوە کردووە؟

یـەکێکیان بـە قۆنـاغی دەمانچـەکەی کێشـای بەسـەری باوکمـدا و قیڕاندی:

- لاچۆ لەبەر چاوم پیرەمێردا

باوکم تەختی زەوی بوو. پێش ئەوەی من بگەمە لای باوکم و هەڵیبستێنم دەنگی فیشەك هات. لە سەر و لە پشتمدا هەستم بە ئازارێکی سووتێنەر کرد. بۆ ساتێك چاوم ڕێشکە و پێشکەی کرد، بۆ ئەوەی نەکەوم دەستم بۆ ڕاست و چەپ درێژکرد. ئیتر دوای ئەوەم بیرنایەت.

## دیسان نەخۆشخانە

دیسان چاوم لە نەخۆشخانە کردەوە. بریا نەمکردایەتەوە. خۆزگە هەر لەوێدا تەمەنم تەواوببووایە. خۆزگە خوای گەورە لەم دنیایە دەیبردمەوە و لەم ئازارانە ڕزگارم دەبوو، بەڵام ئەوە ئاسان نەبوو. دیاربوو پێویستە ڕەنجی زیاتر بکێشم و ڕۆژانی سەختتر ببینم.

ڕەشۆی گەردوون بەدەستی ئەوەوەیە و هەموو کارێکی دانایی تێدایە. لەنێو ئازاری لەسنووربەدەردا بیرم لەمە دەکردەوە و دەمویست ڕاڤەیەکی گونجاو بۆ ڕووداوەکان بکەم .

یەکێك لە گوللەکان بەر کەللەم کەوتووە، بەڵام زیانی بە مێشکم نەگەیاندووە. بە نەشتەرگەری دەریان هێنا. وەلێ ئەوی تریان کاری خۆی کردووە...

کاتێك هاتمەوە هۆشی خۆم بینیم لە خوار کەمەرمەوە هەست بە هیچ ناکەم. وەختێك تێگەیشتم ئەوە مانای چییە، دنیام دیسان ڕووخا و، هیواکانم با بردنی و، ژیانم سەرەوژێر بووەوە .

گوللەی دووەم بەر دڕکەپەتکم کەتبوو. لە ناوك بەرەو خوار ئیفلیج بووم .

نەمدەتوانی بڵێم: " خوایە ئەمەت بۆچی پێدام؟ ". مافی ئەوەشم نەبوو بڵێم: " من بۆچی شایانی ئەمەبووم؟"

چونکە تێگەیشتم کە گۆزە هەر لە ڕێی کانی دەڕژێت...

ئەو هەموو گوناهە ناشیرینەی تێوەی گلام و، ئەو هەموو گەنجە داماوەی بە ماددەی هۆشبەر ژەهراویم کردن و، ئەو هەموو لانەیەی من بووم بە هۆکاری تێکچوونیان، بێگومان دەیگەیاندم بەم سەرەنجامە. ئاهی ستەملێکراو عەرشی خوا دەهەژێنێت. بە چاوی خۆم ئەوەم بینی.

لە کاتێکدا کە وردە وردە هاتبوومەوە سەر خۆم و خەریك بوو هیوایەکم بۆ دوارۆژ تێدا دەبووژایەوە، ئەم کارەساتە نەگریسە هات و سەرجەم خەیاڵەکانمی وەراند. ئیتر لێرە بەدواوە بەرگرییەکی بێهیوایانەم دەکرد.

ئەی مەدینەی بچووك؟ ئاە، هاوسەرە داماوەکەم! چەند بێبەخت و هەژارە. ڕۆژێك نەمتوانی ژیانێکی خۆشی بۆ فەراهەم بهێنم و، جارێك پێبکەنێ. ئێستا دەبوو حاڵی ئەو چۆن بێت؟ چۆن بەرگەی نەخۆشییەکی دەگرت کە تا کۆتایی ژیانی مەحکومی عەرەبانەیە؟ چۆن تەمەنی لاوێتی خۆی دەکرد بە فیدای من؟ سەرەڕای ئەوەی خۆشی قاچێکی نییە...

هەموو شتێك تێکەڵ و پێکەڵ بووبوو، هەموو شتێك لێڵ و سەرەوژێربوو. بەتایبەتی کاتێك هەواڵی مەرگی باوکمیان پێدام ئەوەندەی تر ژیانم وێران بوو.

باوکم کە بەدرێژایی تەمەنی سۆز و خۆشەویستی لەڕوودا نەنواندبووم، لەوانەیە ویستبێتی بە پارێزگاریکردن لە من حەقی ئەوە بکاتەوە. لە کاتی تەقەکەدا خۆی داوەتە بەر من و بە دەستی ئەو ناپیاوانە گیانی دەرچووە. ئەمەش حیکمەتێکی تر و نهێنییەکی تری کارەکانی خوای گەورە بوو. هیچ نەبێت ئەو چەند ڕۆژەی کۆتایی تەمەنی بە بەندایەتی بەسەربردبوو. کەس لە خوا نائومێد نابێت. ئیشەللا ڕزگاری بووە .

پاش چارەسەری نەخۆشخانە بە یارمەتی کاك ڕەسوڵ و خێزانی هێنایانمەوە بۆ ماڵە تازەکەم.

## فیداکارییەکانی مەدینەی بچووك

مەدینەی بچووك ڕۆژ تا ئێوارە بەزۆور سەرمەوەبوو. چەشنی پەرستیارێکی هێمن و دڵسۆز هەموو جۆرە خزمەتێکی دەکردم. بەڵام ئەمە زۆر منی بێتاقەت کردبوو.

مەدینەی بچووك کە شەوان تا بەیانی لەتاو ئازاری گورچیلەکانی خەو نەدەچووە چاوی، بۆ ئەوەی من خەفەت نەخۆم لە منی دەشاردەوە و نەیدەهێشت هەستی پێبکەم. وەلێ من ئەوەم دەزانی و خەریك بوو شێتی دەکردم. ڕۆژێك خۆم پێ نەگیرا و مەدینەی بچووکم لە بەرامبەرم دانیشاند و ئەم بابەتەم کردەوە. لە چاوە پڕ سۆز و خەمەکەیم ڕوانی و، وتم:

- نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم. ئەگەر لەگەڵ تۆدا ئەم باسە نەکەمەوە دڵم ئاو ناخواتەوە .

لەناکاو پەڵەهەور بەری نیگا جوان و شیرینەکانی گرت و بێتاقەت بوو.
بەپەلە وتی:

– شتێك هەیە و من نایزانم؟

– بەڵێ، کێشەیەکم هەیە نایزانیت و حەزدەکەم بیزانیت. هەموو ڕۆژێك زیاتر دەبێت و ئازارم دەدات.

زۆر سەری سووڕما. ڕوخساری ئەسمەری سوور داهاتبوو.

بەردەوام بووم:

– سەیرکە مەدینە، لەگەڵ مندا ژیانێکی زۆر گرانت هەڵبژارد کە هیچ کچێکی لاو بەرگەی ناگرێت، یان ڕەنگە ناچاربوبیت هەڵیبژێریت. ئەم ژیانە بێتام و بێڕەنگە هەموو خەیاڵەکانتی ڕووخاند و چاوەڕوانیەکانتی دارماند. وازت لەو خوێندنە هێنا کە زۆر حەزت لێ دەکرد و، گیرۆدەی کەسێکی وەك من بوویت کە سەرتاپای لە تاوان و خراپەدا نوقم بووە و، بوویت بە هاوبەشی ئەشکەنجە و ئازاری. وەکو خۆشت دەیبینیت ئیتر من هەموو شتێکم تەواوبووە و هیچ هیوایەکم نەماوە. کەسێکم هەتا ماوم لەسەر جێگەم. تۆش بەزۆور سەرمەوە بە بەردەوامی ئەزیەت دەبینیت و خزمەتم دەکەیت، بێ ئەوەی گوێ بدەیت بەوەی قاچێکت دەستکردە و گورچیلەکانت سستن. ئەم دەردە نهێنیەکەمە و، زۆر سەغڵەتم دەکات و، بڕستی لێ بڕیوم .

نیگا بێچارەکانی مەدینەی بچووك چووە سەر فرمێسکەکانم کە هەرچەندم دەکرد بۆم نەدەگیران. بە دەستەسڕەکەی دەستی دەموچاوی سڕیم.

بەردەوام بووم:

– ژیانی من تەواو. لە ملیۆنێکدا یەك گریمانی چاکبوونەوەم نییە. لە گۆشەی نەخۆشخانەیەکدا یان لە خانەی بەساڵاچوواندا ئەم جەستەیەم هەڵدەگرم. چەند ڕۆژم مابێت لە ژیاندا بەرگەی ئازار و ژانی دەگرم .

پێش ئەوەی قسەکەم تەواوبکەم چاوەکانی مەدینە کرانەوە و خەریك بوو لە جێی خۆیان دەردەهاتن. قسەکەی پێ بڕیم و بە سەرسامی و شپرزەیی هەستایە سەرپێ:

– ڕەسووڵ، تۆ دەتەوێت بڵێیت چی؟

– دەمەوێت بڵێم کە تۆ شایانی ئەم ژیانە نیت. تۆ پێویستت بە ژیانێکی زۆر جوانە. شوێنی تۆ ئەم سزاخانەیە نییە، بەڵکو دەبێت لە بەهەشتێکی ئاسوودەدا بیت. لەمڕۆ بەدواوە ناتوانم ئەوە قبووڵ بکەم خزمەتی تەرمی زیندووی من بکەیت. من مردووم، ئیتر تۆش ئەمە قبووڵ بکە. دەمەوێت تۆ ڕزگارت ببێت. بڕۆرەوە بۆ لای خێزانت. ناهێڵم لەوە زیاتر تەمەنی گەنجیت بەفیڕۆ بدەیت. ئەگەر تۆزقاڵێك منت خۆش دەوێت بەگوێم بکە. من ئەگەر تۆ لە ژیانێکی ئاسوودە و جواندا ببینم ئینجا بەختەوەر دەبم.

هێشتا قسەکانم بە کۆتا نەگەیشتبوون، کە مەدینەی بچووك تەقییەوە و، دەتووت دەستێکی نادیار توند قوڕگی دەگوشێت. وتی:

– لەوە زیاتر بەرگەی وڕێنە و قسە پڕوپوچەکانت ناگرم، ڕەسوڵ. تۆ دڵنیایت کە خەو نابینیت یان شێت نەبوویت؟ یان لەوانەیە ئەم کارەساتە ئەزێتی سەرتی دابێت و وردە وردە کاریگەری دەربکەوێت؟ من وا بیری لێدەکەمەوە کە شۆخی بکەیت و تەواو.

– نەخێر. شۆخی و گاڵتە ناکەم. چی لە دڵمدا بوو ڕاستگۆیانە وتم.

ڕوخساری شیرینی ڕەش داهات و چاوەکانی خەمیان لێ نیشت. وتی:

– کەوایە تۆش باش گوێم لێ بگرە ڕەسووڵ. منیش قسەی خۆمم هەیە بۆ وتن. لای ئێمە خێزان و شەرەف و کەسێتی و پەیمان، لە پێش هەموو شتێکەوەیە. ئێمە یەکجار کەسێکمان خۆش دەوێت و، یەکجار عاشق دەبین و، یەکجاریش گفت دەدەین. ئیتر کار لەوێدا تەواو دەبێت. تا مردن بەشداربوون لە ژیانێکی هاوبەشدا بۆ ئێمە شەرەفە .

حەزدەکەم باش ئەوە بزانیت کە هەزار ئەوەندەی ئێستا نەخۆش بوویتایە، دیسان ئامادەبووم لە ناخی دڵمەوە خزمەتت بکەم و لەگەڵتدا بم. چونکە خۆشەویستی ئێمە بۆ گۆشت و ئێسقان نییە. من نە عاشقێکم پاشگەز دەبمەوە و نە خیانەت لە خۆشەویستی دەکەم. داواکارم لەو خوا دانا و میهرەبانەی ئەم نەخۆشییەی بە تۆ داوە، گوناه و تاوانەکانم بە خزمەتکردنی تۆ بشۆرێتەوە. گوناهەکانی تۆش ئەم نەخۆشییە لەگەڵ خۆی دەیبات. واتە ئەم نەخۆشییەی تۆ گەورەترین تاقیکردنەوەی ئێمەیە. ئیشەڵڵا ئەم تاقیکردنەوەیەش دەبێتە هۆی لابردنی خراپەکانمان و ڕێگای ڕزگاریمان. لە ڕەحمەتی ئەو زاتە چاوەڕوانین ئەو ئاسوودەیی و

خۆشـییەی کـە لـەم دنیـا دۆزەخئاسـایەدا بـۆی دەگـەڕێین، لـە جیهـانی هەمیشەییدا پێمان ببەخشێت .

نەمزانی چی بڵێم. مەدینە میهرەبـانی خـوایی بـوو بـۆ مـن. گـرنگترین خاسـیەتی کچـی خۆرهـەڵاتیش هـەر ئەمـەبوو: مـەرد، فیـداکار، ڕاسـتگۆ، دلێر...

بڵێی لەم دنیایەدا دانەیەکی تری وەك ئەو هەبێت؟ خێزانەکـەی چـەند جـوان پێیـان گەیانـدبوو! خۆزگـە یـەك لـە ملیـۆنی ئـەو جـوانی و پـاکی و سەرڕاستییەی لەودا هەیـە لـە منـدا بووایـە و تووشـی ئـەو تاوانـە پیسـانە نەهاتمایە. لەپێناو کچی خۆرهەڵاتدا نەك گیانێك، هـەزاران گیـانم هەبووایـە ئامادەبووم هەمووی بەخت بکەم .

باوەشمان کرد بە یەکدا و تێر گریاین. بیرمـان لـە ڕۆژانـی ناخۆشـتر و تاقیکردنەوەی سەختتر کردەوە و، سوپاسی خوای خۆمان کرد.

## وانەیەکی دەرمان ئاسا

پاش هێوربوونەوەی هەستەکانمان، مەدینە ( پەیامی حەشر ) ی گرت بە دەستیەوە کە بـاس لـە ژیـان و زیندووبوونـەوەی دوای مـەرگ دەکـات. دەستی کرد بە خوێندنەوە. منیش هەرچەند بە خەیاڵیش بێت، باڵم گرت و بەرەو ئەو جیهانە فڕیم و، بۆ ساتێك ئازارەکانم لەبیرچووەوە.

"لە گەشتێکدا دوو کەس پێکەوە بۆ وڵاتێکی گەلێ قەشەنگ و تـابڵێی جوان و ڕەنگینی وەك بەهەشت ڕۆیشتن (مەبەسـت لـەم تەشـبیهە دنیایـە) کـە گەیشـتنە ئـەوێ، سـەرنجیان دا خـەڵکی ئـەو وڵاتـە دەرگـای دوکـان و

خانووەکانیان بە کراوەیی جێهێشتووە و، بایەخ بە چاودێری و پاراستنی خانوبەرە و دوکانەکانیان نادەن و، پارە و پوول و سامانەکانیان بێ هیچ پاسەوانێك و بە ئاشکراو لەبەر چاو و دەستی خەڵکیدا داناوە!

کە ئەمەیان دی، یەکێکیان ـ بە هاندانی دەروونی بەدخوازی خۆی ـ ئەمەی بە هەل زانی و، پەلاماری ئەو کەرەسە و شمەك و پارە و سامانانەی ئەوێی دا و، تاوێ تالانی دەکردن و تاوێکی تر چیی بەردەست بکەوتایە بەدزی دەیبردن.. بەم جۆرە، هەر چەشنە ستەم و خراپەکارییەکی پێ کرا و لێی وەشایەوە درێغیی لێ نەکرد و، دانیشتووانی وڵاتیش بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا!

هاورێکەی پێی وت:

ـ ( ئەوە چی دەکەیت؟.. بێ گومان تۆ هەر ئاوا ئەم کارانەت بەسەردا تێناپەڕێت و لە ئەنجامدا سزای ئەم ڕەفتارانەت دەچێژیت و، منیش ـ لەگەڵ خۆتدا ـ دووچاری چەندین بەلا و گیروگرفت دەکەیت. ئەم سامانانەی دەیانبینیت، هی دەوڵەتن و، دانیشتووانی وڵاتیش بە خاوخێزانەوە تێکڕا بوون بە سەرباز و کارمەندی دەوڵەت و، بە پۆشاکی میللی (مەدەنی)یەوە لە کار و فەرمانبەرییەکانیاندا خراونەتە کار، هەر لەبەر ئەوەشە کە بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدایت. ئنجا ئەوەش بزانە کە یاسا و ڕێسای ئێرە گەلێ توند و تیژە و، لە هەموو لایەکدا تەلەفۆن و چاودێر و هەواڵدەر و پیاوانی پادشا بڵاوبوونەتەوە. دەسا هەر ئێستا خێراکە و بەپەلە برۆ داوای لێبووردن بکە .)

بەڵام هاوڕێ گێژ و گەلحۆکەی، ئینکاری و سەرسەختی نواند و، وتی:

ـ ( ئـەم سـامانانەی دەیانبینیـت هـەرگیز هـی دەوڵـەت نـین، بـەڵکو بێخاوەن و گشتی و هەرەمەکین و، هەموو کەسێك دەتوانێت بـە ئـارەزووی خۆی دەستیان بۆ ببات. ئەوەتا من هیچ شتێك نابینم ڕێی سوود وەرگرتنم لەم شتە جوان و ڕەنگینانەی بەردەمم لێ بگرێت. ئەوەش بزانە کە جگە لە شتێك بەچاو ببینم بـاوەڕم بـە هیچی تـر نییـە )! پاشـان کەوتـە قسـەی پڕوپوچی وڕێنەئاسا و فەلسەفەلێدانی ئەم بۆچوونەی خۆی!

ئا لێرەدا گفتوگۆکەی نێوانیان پـتر پـەرەی سـەند و کەوتـە دۆخێکـی توند و گەرمەوە و، بابای گێلی گەلحۆ لە هاوەڵەکەی زیـاتر هاتـە پـێش و، لێی پرسی:

ـ ( ئایا پێم ناڵێیت پادشا کێیە؟.. من نایناسم!)

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە:

ـ ( تۆ گومانت لەو ڕاستیەدا نییە کە: گوندی بێ کوێخا و.. دەرزی بێ وەستا و خاوەن و.. پیتی بێ نووسەر نییە و نابێت. ئەی ئایا چۆن ئـەوە بە خۆت ڕەوا دەبینیت کە پێت وابێت ئەم وڵاتـە ڕێکوپێـك و ڕەنگینـە بـێ پادشا و فەرمانڕەوابێت؟ یان چۆن ئەم هەموو سەروەت و سامانە بـەنرخ و بەهادارانـە بـێ خـاوەن دەبـن؟ کـە ئەوەنـدە زۆر و زەبەنـدە و بـەردەوامن دەڵێی لـە جیهـانی پـەنهانی غەیبـەوە شـەمەندەفەرێکی پـڕ لـە ئازووقـە و ڕۆزی بـەنرخ دەم بـە دەم دێـت و بارەکـەی لێـرەدا ڕۆدەکـات و پاشـان دەگەڕێتـەوە و دەڕوات؟ ئایـا نابینیـت لـە هـەموو لایـەکی ئـەم وڵاتـەدا

ئاگاداری و بەیاننامەکانی پادشا بڵاوکراونەتەوە و، ئاڵاکانی لە هەموو گۆشەیەکدا دەشەکێنەوە و، تەمغە و مۆری تایبەتیی خۆی لەسەر ئەو هەموو کاڵا و سەروەت و سامانانە نەخشێنراوە؟ ئیتر چۆن بە بێ خاوەنیان دادەنێیت؟.. )[1]

ئەو خوێندنەوەیە ئاسوودەیی و ئارامی بە دڵم بەخشی. هەنووکە نوێژی دوانیوەڕۆم بە جۆش و خرۆشێکی تر و هیوایەکی نوێوە دەکرد .

ڕۆژەکانمان بە ڕاهاتن لەگەڵ ئەم ژیانە نوێیەدا بەسەردەچوو. ئیتر مرۆڤ وایە، خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ قورسترین و گرانترین باردا. یان ڕاستتر بڵێین خوای گەورە ئەوەندە ئازار بە بەندەیەکی دەبەخشێت کە بتوانێت هەڵیبگرێت. ئەوەی ئێمەش وەهابوو. هەستان و ڕۆیشتنم لەبیرچووەوە، لەسەر عەرەبانەکەم کتێبی زۆرم دەخوێندەوە و سوپاسی خوام دەکرد .

---

١- دەقی کوردی ئەم پارچەیە لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا فاررووق ڕەسوڵ یەحیاوە وەرگێراوە. بڕوانە: وتەکان، لا ٥٩ ـ ٦١

# بەشی نۆیەم

## ئیدی خەریك بوو نەتوانێ بەرگە بگرێت

نەخۆشیەکەی مەدینە بەخێرایی پەرەی دەسەند. هەرچەندە هەوڵێکی زۆری دەدا کە ئازارەکانی بخاتەوە ناو خۆی و بۆ منی دەرنەخات، بەڵام دەمزانی کە نەخۆشیەکەی گەیشتووەتە پلەیەکی ترسناك و هەڕەشە لە ژیانی دەکات. چیتر گورچیلەکانی کاریان نەدەکرد .

نەمدەویست بیر لە کۆتایی ئەو نەخۆشییە ترسناکە بکەمەوە... هەزاران جار ئامادەبووم تامی مەرگ بکەم، بەس شتێك بەسەر مەدینەکەمدا نەیەت. لەپێناوی ئەودا ئەگەر سەدان گیانم هەبووایە ئامادەبووم بیبەخشم. تەنانەت بیرکردنەوە لە ژیانێکی بێ ئەو، ئەشکەنجە بوو. ئەو هەموو شتێکی من بوو. لەگەڵ ئەودابوون خۆراك و ئاوبوو بۆ من. ئەگینا دەمێکبوو لەم جیهانە کۆچم کردبوو. ئەگەر هێشتا دەژیم و هەناسە دەکێشم، ئەوە بەهۆی نیازی پاك و بێگەردی مەدینە و ئەو پەیوەندییە بەتینەی بوو کە لەگەڵ خوای خۆیدا هەیبوو .

شەوێکیان تا بەیانی لەتاو ئازار ناڵاندی. بۆ چرکەیەك خەو نەچووە چاوی. لێم پرسی:

ـ نەخۆشیت؟ گورچیلەکانت ئێش دەکەن؟

ـ نەخێر، تەنها خەیاڵی ڕۆژانی ڕابردوو خەوی لێ زڕاندم و نەیهێشت بنووم .

لە دڵی خۆمدا دەموت: " ئاە، تۆ بۆ ئەوەندە باشیت؟ بۆچی ئەوەندە دڵپاك و تێگەیشتوویت؟ نازانم بۆ بوویت بە نسیبی کەسێکی بێنرخی وەك من، لەکاتێکدا کە شایانی باشترین ژیان و هاوسەر و خێزانیت؟"

ئەمە نهێنییەکی نادیاربوو. تێگەیشتن لەم ڕووداوە بە چاوی ژیری کارێکی ئەستەم بوو. بێگومان خوای گەورە کاروبارەکانی پڕبوون لە دانایی. هەست و ژیری و لۆجیك دەستەوسان بوون لە شیکارکردنی ئەم مەتەڵەدا .

بەیانی کە بۆ قاوەڵتی چووینە خوارەوە مەدینەی بچووك پەرێشان و ماندوو و بێتاقەت بوو. ئاوساویی دەموچاوی و ڕەنگی زەردی، هەموو شتێکی ئاشکرا دەکرد .

کاك ڕەسوڵ هەر بە ڕوانینێك تێگەیشت. خۆی پسۆڕی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی میز و میزەڕۆبوو. تێگەیشتبوو کە چارەسەر بە دەرمان سوودێکی نییە. وتی:

ـ ئەمڕۆ پێکەوە دەچین بۆ نەخۆشخانە و پشکنینێکی گشتیت بۆ دەکەین. ئەو نیشانانەی کە هەتە وامان لێ دەکات بارودۆخەکە بەجددی وەربگرین .

ئەسمەرە جوانەکەم سەرەڕای نەخۆشییە تاقەتپڕووکێنەکەی کەچی دەترسا ئێمە ئەزێت بدات، وتی:

ـ من زۆر باشم. لەوانەیە نەخۆش دەربکەوم. بەڵام هیچ ئازارم نییە .

نەیدەویست ببێت بە ئەرك بەسەر شانی کەسەوە، ئەگەرچی گیان و ژیان و لاوێتی خۆی کردبوو بە قوربانی. دەیزانی کە ئێمە ئیتر لەوەدا نەماوین چارەسەر فریامان بکەوێت. تەنها بارێك و زیادەیەك بووین. یارمەتی و بەدەمەوە هاتنی کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان لە هەموو کاروبارێکماندا و تەرخانکردنی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتکردنی ئێمە، تووشی شەرمەزارییەکی زۆری دەکردین و نەماندەتوانی بچووکترین کێشەی دڵمان لای ئەوان بکەینەوە. واتە مەدینەکەم بەخێرایی هەنگاوی دەنا بەرەو مەرگ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەزێتی کەس نەدات بچووکترین سکاڵای لە حاڵی خۆی نەدەکرد. هەر لەبەر ئەمەبوو کە مەدینەکەم وتی " باشم " و ئازارەکانی لە ناخیدا دەخواردەوە و، ژیانی دەخستە مەترسییەوە و، نەیدەویست ببێت بە ئەرك بەسەر کەسەوە.

کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان بەزۆر مەدینەکەمیان ڕازی کرد. ئەو بەیانییە لەگەڵ کاك ڕەسوڵدا چوونە دەرەوە. منیش تا ئێوارە ئارام و

قەرارم نەبوو. پاڕامەوە و لاڵامەوە لە خوای گەورە کە چارەسەری هەبێت و مەدینەکەمم لێ نەسێنێت .

دەمزانی کە من لەم دنیایەدا زیادەم. دەشمزانی تا من لە ژیاندابم مەدینە زیاتر ئازار دەکێشێت. چونکە من دەمێکبوو لەوە دەرچووبووم کە هاوڕێیەك یان هاوسەرێك یان مێردێکبم. واتە تا من لە ژیاندا بوومایە مەدینە هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵنەدەمژی و ناخۆشییەکان کۆتاییان نەدەهات. بەڵام ئەوەم چۆنی بکردایە؟ چیتر نەمدەتوانی خۆم بکوژم. چونکە خۆکوژی گەورەترین تاوان بوو. تەنها ڕێگایەك هەبوو: لە خوای گەورە بپاڕێمەوە کە چی زووە ئەو گیانەی داویەتی لێم بسەنێتەوە...

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە ئەم نزایەم کرد. بەڵام بۆ یەکێك کە تاقیکردنەوەی ژیانی تەواو نەبووبێت ئەوە سوودێکی نییە. پێویست بوو ئەو ئازارە بکێشم کە لە چارەم نووسرابوو. ئەو فرمێسکانەی کە دەبوو بیانڕێژم دەبوو بڕژێن. دەژیام لەگەڵ ڕەنج و مەینەتیەکاندا و لەسەر عەرەبانەکەم چاوەڕێی هاتنی فریشتەی مەرگم دەکرد. لەوانەیە ئەمە گرانترین چاوەڕوانی بێت...

## ئەنجامێکی پڕ نەهامەتی

کاتێك ئێوارە هاتنەوە بۆ ماڵەوە ویستم لە ڕوخسارباندا ئەوە بخوێنمەوە کە چی ڕوویداوە. لە نیگای کاك ڕەسوڵ و مەدینەخاندا نیشانەکانی ئازارێکی شاراوە بەدی دەکرا. مەدینەکەمیش بۆ ئەوەی من

خەفەت نەخۆم نەیدەهێشت زەردەخەنەی هەمیشەیی لە ڕووی جوانی ون بێت .

دەمزانی. ئەگەر حاڵی زۆر خراپیش بێت ئەو هیچ دەرناخات. چونکە نەمدەتوانی چاوەڕوانی بکەم، خۆم پێنەگیرا و پرسیارم کرد:

– چی بوو؟

دەتووت هەرکەسە و دەیەوێت وەڵامەکە بخاتە ئەستۆی ئەوەی تر. کەس نەیدەویست خۆی بکات بە خاوەنی. کاك ڕەسوڵ دەیزانی کە بەحەسرەتەوە چاوەڕێی وەڵامم. وتی:

– نیگەران مەبە. زانستی پزیشکی پێشکەوتووە لەم ڕۆژانەدا. خوا هیچ دەردێکی بێ دەرمان دروست نەکردووە .

وەڵامێکی دڵنیایی بەخش نەبوو. بۆنی نائومێدی لێ دەهات، وەك ئەوەی بڵێت: " چی بکەین هیچمان لە دەست نایەت ." وتم:

– زۆر خراپە؟

دیسان بۆ ساتێك بێدەنگی باڵی کێشا. پاش کەمێك کاك ڕەسووڵ ئەو کۆتاییە غەمگینەی درکاند کە دەبوو بوترایە.

ـ پشکنینێکی زۆریان بۆ مەدینەخان کرد. ئەنجامەکانمان لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێ دکتۆرەکانمدا هەڵسەنگاند. تەنانەت ناردم بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ڕاپرسیکردن بە دکتۆری ئەوێش .

ڕستەکان درێژدەبوونەوە و منیش لەگەڵیدا ترس و نیگەرانیم پتر دەبوو. ئازاری ناخم خەریکبوو هەناسەمی دەبڕی. خۆم پێنەگیرا:

- ئەنجامەکان چۆنن کاك ڕەسوڵ؟

کاك ڕەسوڵ نیگا بێڕەنگەکانی لە بۆشایی بڕی وەك ئەوەی داوای یارمەتی بکات. بە تۆنێکی بێچارانەوە بێ ئەوەی بابەتەکە لەوە زیاتر درێژبکاتەوە، ترسناکی دۆخەکەی لە ڕستەیەکدا کورت کردەوە:

- بەداخەوە گورچیلەکانی لەکارکەوتوون. هەموو ساتێك لەوانەیە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە .

ڕووخام. سەرم گێژی خوارد و دیوارەکان بەرەو ڕووم هاتن. هەموو شتێك ڕەنگ و تامی خۆی لەدەست دا. لە دنیای خۆمدا توامەوە و نەمام.

وەختێك کاك ڕەسوڵ بینی زۆر بێتاقەت بووم، وتی:

- بوەستە بزانم، ئەمە مانای کۆتایی هەموو شتێك نییە. دەرگای شیفای خوای گەورە تا کۆتا هەناسە کراوەیە. هێشتا چەند شتێك ماوە بیکەین.

وەك کەسێك لە سەرەمەرگدا سەرلەنوێ ژیانی بەبەردا کرابێتەوە، بەپەلە پرسیم:

- چی؟

- چاندنی گورچیلە...

- لێرە دەکرێت؟

- زۆر ئاسان نییە. بەڵام هەموو ڕێیەك دەگرینە بەر. گەر پێویست بکات ئێمە گورچیلەیەکی دەدەینێ و بە دانەیەك دەژین .

فیداکاری تا ئەو ڕادەیە؟!

ئەو فیداکارییە زۆر کاری لێکردم. سەرم لەو میهرەبانییە بێسنوورە سووڕما.

بەخشینی گورچیەکانمان، ها؟

خێرا قیڕاندم:

- ئەوەی منی بدەنێ!

لەوە زیاتر خۆم پێنەگیرا و سەرم داخست. هەنسك قوڕگی گرتم .

ئەگەر مەدینەکەم گورچیلەی لەکارکەوتبێت، ئەوانەی من بۆ چ ڕۆژێك باشن؟ بیدەنێ، هەردووکی بدەنێ، با ئەو ڕزگاری ببێت .

مەدینەکەم بە گوێمیدا چرپاند:

- خەم مەخۆ، خوا کەریمە. ئیشەڵلا موحتاجی گورچیلەی کەس نابین !

لە هۆڵەکەدا لە دەوری یەك خڕبووینەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتێکی گرنگ. نەخۆشی بێئامانی مەدینە دڵی هەموانی تاودابوو. ڕوخسارمان غەمگین و دڵمان تەنگ بوو .

کاك ڕەسوڵ وتی:

- بەیانی مەدینەخان لە نەخۆشخانە دەخەوێنین. ئیتر ئەو پێویستی بەوەیە ڕابکێشێت و خۆی ماندوو نەکات. لەمەولا هەموو ساتێك لەژێر چاودێری پزیشکدا دەبێت. سەرەتا بەدوای گورچیلەیەکی گونجاودا دەگەڕێین بۆ کچەکەمان. هەموو سەنتەرەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات

بەسەردەکەینەوە. ئەگەر دەستمان نەکەوت ئەوکات سەرەی گورچیلەکانی ئێمە دێت.

نەخۆشییەکەی زۆر گران بوو. ئیتر مەدینە لە نەخۆشخانە لەسەر پێخەف چاوەڕێی هەواڵی گورچیلەیەکی گونجاوی دەکرد و منیش لە ماڵەوە لەسەر عەرەبانەیەك چاوەڕێی هەواڵی مەدینەم دەکرد. واتە ڕۆژانی زۆر سەخت یەخەیان گرتبووین.

نازانم دەبێت چ ناوێك لە کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان بنرێت؟ دوو گەنج لەسەر شەقام خۆیان دەنێنە ژێر ئوتومبێلەکەیان، ئەوان خۆیان دەکەن بە خاوەنیان و وەکو ڕۆڵەی خۆیان تەماشایان دەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئامادەن گورچیلەکانی خۆیانیان پێ ببەخشن!

دیسان خەیاڵ بردمیەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: " خۆزگە هەموو کەسێك وەك ئێوە باش دەبوو. کەواتە ئەوەی کە هێشتا شاخەکان بەپێوەن و، درەختەکان بالا دەکەن و، زەوی ڕۆناچێت و، دەریاکان وشك نابن، بێگومان بەهۆی کەسانی دروست و فیداکاری وەك ئێوەوەیە. ئەگینا بۆچی خوای گەورە دنیا ئاوەدان بکاتەوە بۆ کەسانی خراپ و ترسناك و دووڕوو و، نیعمەتیان بەسەردا ببارێنێت؟

کەواتە ئەگەر ڕەوشتی قورئانی لە سینەی بەندەکاندا نەمێنێت، چیتر خوای گەورە لەخۆڕایی ئەم دنیایە ناژیەنێت. دەیکێشێت بە کۆمەڵی ئەستێرەیەکی تردا و قیامەت بەرپا دەکات. لەبەر خاتری کەسانی پاك و

باش بوو کە هێشتا ژیان ماوە و، ئێمەش لە سایەی خزمەتی فیداکارانە و دڵسۆزانەی کاك ڕەسوڵ و مەدینەخاندا دەژیاین .

لەبەر خاتری مەدینەکەم هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر درا. کاك ڕەسوڵ هەموو سەنتەرە تەندروستیەکانی ئاگادارکردبووەوە و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی خستبووە ئامادەباشییەوە. ئەم کاروبارە ڕۆژانی خایاند و چەند مانگێك تێپەڕی. هەموو شەوێك بە هیوایەکی نوێوە دەنووستین، هەموو بەیانیەك بە ئومێدێکی تازەوە هەڵدەستاین. وەلێ ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتین هەموومانی پساند. بەداخەوە گورچیلەیەکی گونجاو نەدۆزرابووەوە.

تا دەهات حاڵی مەدینەکەم خراپتر دەبوو. بەهۆی مەکینەیەکەوە بەردەوامی بە ژیان دەدا.

## یارمەتی وەهام نەدیبوو

وەکو دوایین ترووسکایی پشکنین بۆ هەریەك لە گورچیلەکانی من و کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان کرا. هەموو تاقیکارییەکان گونجاویی گورچیلەی مەدینەخانیان نیشان دەدا. لەکۆتاییدا بڕیار لەسەر ئەو درا. بەڵام نە من و نە مەدینە بچووکەکەم بەوە ڕازی نەبووین. نەماندەویست لەبەر ئێمە مەدینەخان بە نیو مرۆڤی بمێنێتەوە. خەفەتم دەخوارد و دەمووت: " خۆزگە ئەوانەی منی بۆ دەبوو و هەردووکیانم دەدایە. بەس من شانسی وام لەکوێ بوو!.. لە ژیانمدا بە کەڵکی چ کارێکی باش هاتبووم و تا ئەمە دووهەم بێت؟"

مەدینەخان بۆ ئەوەی کەمێك ئەو خەم و خەفەتـەم لێ کـەم بکاتـەوە، هات بۆ لام. وەکو دایکێکی میهرەبان و بەسۆز، وتی:

- هیچ خەمت نەبێت. من بە خۆشحاڵییەوە گورچیلەم دەدەم. ئێوەش دەزانن کە کوڕەکەم بەهۆی سستی گورچیلەوە کۆچی دوایی کـردووە. مـن دەزانم ئەو ئازارە مانای چییە. شوێنێك نەما سەرمانی پێدا نەکەین، بـەڵام هیچمان دەست نەکەوت. کاتێك سەری لـە کۆشمـدابوو و گیـانی دەکێشـا، ئامادەبووم گورچیلەکانم و هەموو ژیانم لەپێناویدا بدەم. وەلێ نـەبوو. ئـەو ئاگرە ئێستاش ناخم دەسووتێنێت.

ئەمێستا خوای گەورە دەرگایەکی وای کردووەتەوە. ئەو گورچیلەیەی کە دەمویست بیـدەم بـە کوڕەکـەم و نـەگونجا، هەنووکـە دەیبەخشـم بـە یـەکێك کـە هێنـدەی کچـی خـۆمم خۆشـدەوێت و نـاوی منـی هـەڵگرتووە. تەنانەت ئەمە وەکو سوپاسگوزارییەك دەبینم. چەند خۆشـە کەسـێکی تـر هەڵگری گورچیلەی من بێت و ببێـت بـەهۆی ژیـانی! مەدینـە گیـان کـە تـا ئێستا وەك کچی مەعنەویم چاوم لێ دەکرد، لەمەولا دەبێت بە کچی ئەسڵی خـۆم و پارچـەیەك لـە گۆشـت و خـوێنی مـن هەڵـدەگرێت. خـوای گـەورە منداڵێکی لێ سەندمەوە، وەلێ دووانی بۆ ناردم.

نازانم دەبێت چی بوترێت سـەبارەت بـەم دڵـەی کـە بەقـەد دەریاکـان بەرینە؟ بەم مرۆڤانەی کە وەك کانی خۆشەویستییان لێ هەڵدەقوڵا؟ نـازانم چۆن سوپاسی ئەو چاکەکاری و لەخۆبوردەییەی ئەوان بکەین؟ چیمان لـە دەست دێت جگە لە سوپاسگوزاری بۆ خوای میهرەبان؟ کاتێك هەموو ئەم

نیعمەتانـە دەبەخشـێت بـە ئێمەیـەك کـە فڕێدرابووینـە سـەر کوچـە و شەقامەکان!

"خوای گـەورە ! چـۆن دەکرێـت سـەری سـوژدە بـۆ قـەدەری پـڕ لـە دانایی و حیکمەتی ناسك و نهێنیی وردت کـەچ نەکـەین؟ چـی تـر دەکرێـت جگە لە کەوتنە سەر ئەژنۆ و پاڕانەوە لە تۆ؟ چ وشەیەکی تر شایانی وتنە جگە لە ناوهێنانی تۆ؟

ئەو فرمێسـکانەی کـە لـە چـاومەوە ڕیزیـان دەبەسـت، دڵۆپـی شـادی بوون. خۆشی دۆزینەوەی دەرمان بوو لەنێو خودی نەخۆشیدا .

قەدەری خوا لە دواساتدا بـە قەڵـەمی قـودرەت ڕووداوەکـەی گـۆڕی و ژێرییەکانی سەرسام کرد و، دڵانـی سوپاسـگوزار و هۆکارەکـانی سـەرووژێر کرد.

## ڕووداوە پڕ نهێنییەکە

ئەو ڕۆژەی کە بڕیاربوو نەشتەرگەرییەکی تێدا بکرێت، هەواڵێکی کـاك ڕەسوڵ تەواو سەرسامی کردم. ئایا نموونەیەکی تری وەك ئەمە هەیە؟ یان شتێکی تری لەم بابەتە بینـراوە؟ کـەس بیسـتوویەتی؟ دیـارە کـە ئیمـانی بەهێز و دامەزراوی مەدینەکەم و، خۆڕاگری و سوپاسگوزاری بێوێنەی، بوو بە هۆی کرانەوەی دەرگای فراوانی ڕەحمەت.

خوای گەورە وانەیەکی شەفەقەت و میهرەبانی بـەو بەندەیـەی وتـەوە کـە ئـەوی زۆر خـۆش دەوێـت. بـەجۆرێك هـەر کاتێـك ئـەم ڕووداوەم بیربکەوێتەوە تەزوو بە جەستەمدا دێت .

ئـەو بەیانییـە هـەموو ئامادەکارییـەکان کرابـوون. لـە یـەک کاتـدا مەدینەکەم و مەدینـەخان ئامـادەی نەشـتەرگەری گواسـتنەوەی گورچـیلە کرابوون.

مەدینـەی بچـووک ئامێرەکـان لـە جەسـتەی کراونەتـەوە و چـاوەڕێی نەشتەرگەری بووە. وتوویەتی کە پێویستی بە سەرئاوە. سسـتەرەکە لـەم داوایە زۆر سەری سووڕماوە و، وتوویەتی:

ـ گورچیلەکانی تۆ کار ناکەن. بە یارمـەتی ئامێرەکـان میـز دەکـەیت. چۆن دەکرێت تۆ پێویستت بە چوونە سەرئاو بێت؟

خێرا دکتۆرەکان لەژوور سەریدا کۆبوونەتـەوە. بەپەلـە گورچـیلەکانی پشـــکنراون و تاقیکردنـــەوەیان بـــۆ ئـــەنجام دراوە. دەرکـــەوتووە کـــە هەردووکیان ئاساین و هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییان نییە!

لـە هەمبـەر ئـەم ڕووداوە نائاسـاییەوە هـەموو پزیشـکەکان سـەریان سووڕماوە و لە نەشتەرگەرییەکە پەشیمان بوونەتـەوە. ئـەم حاڵەتـەی کـە ژیری مرۆڤ دووچاری سەرسامی دەکات، منیشی شۆک کرد. بەجۆرێ چـەند کاتژمێرێك نەهاتمەوە سەر خۆم. دەترسام هەڵەیەك کرابێت یـان هەواڵەکـە ڕاست نەبێت. بەڵام کاتێك مەدینەکەمم بە ساغ و سەلامەتی لە بەرامبەرمدا دیتەوە بوو بە جەژنم.

ئەم خانمە ئەسمەرە جوانە فریشتەئاسایە، دەرکەوت کە زۆر بـەڕێزتر و مـــەزنترە وەك لـــەوەی مـــن گومـــانم بردبـــوو. چـــەندەها ڕۆژ ســـوژدەی

سوپاسگوزاریمان دەبرد بۆ ئەو خوایەی کە بەو ڕووداوە پڕ نهێنییە دڵی خۆش کردین .

مەدینەکەم وەکو حۆری بەهەشت بە خشوعەوە دیوی ناوەوەی ئەو ڕووداوە پڕ لە ڕاز و ئەفسوونەی بۆ گێڕاینەوە:

ـ ناتوانم هیچ شتێك لە ئێوە بشارمەوە. حەزدەکەم ئەوە بزانن کە ئەو کەسەی شایانی ئەم ڕێزلێنانە خواییەیە من نیم، بەڵکو دایە مەدینەمە کە ویستی گورچیلەی بە من ببەخشێت. لەبەر خاتری ئیخلاسی خاوێن و دڵسۆزی بێخەوشی ئەوبوو کە خەوای گەورە ئاوڕی میهرەبانی لێ داینەوە .

شەوی پێش نەشتەرگەرییەکە تەنها شتێك کە لە خەیاڵمدابوو ئەوەبوو کە مەدینەخان پاش بەخشینی گورچیلەیەکی بە من، ژیانی بە تاقە دانەیەکەوە بەسەر دەبات. بۆیە تا بەیانی دوعام دەکرد و دەموت: " خوایەگیان، گیانم بکێشە و با مەدینەخان ئازار نەچێژێت" !

چاوم چووە خەو و خۆم لە ژووری نەشتەرگەریدا دییەوە. چواردەورم پڕبوو لە پزیشکانی سپی پۆش. بەڵام هەموویان سیمایان نوورانی و ڕیشیان هەبوو. مێزەری پاکی سپی لە سەریاندابوو. لە دڵی خۆمدا وتم: " ئای لەوە ! خۆ لەم وڵاتەدا کارمەندی دەوڵەت بۆی نییە ڕیش بهێڵێتەوە و مێزەر لەسەر بکات. یان ئەمان نەیانبیستووە، یان ئەو یاسایە هەڵگیراوە و من ئاگام لێی نییە" .

پاشان کەسێکی باڵامناوەندی ڕیش سپی کە مێزەری سەوز و جبەی سەوزی پۆشیبوو هاتە ژوورەوە. دیاربوو مامۆستای ئەوانی ترە، هەربۆیە

خێرا بەرپێزەوە رێیان بۆ کردەوە. راست بۆ لای من هات. لە ناخی دڵیەوە و بە دەنگێکی گەرم و شیرین، وتی:

– خوا شیفات بدات کچم. ئێمە پزیشکی مەعنەوی تۆین. کارمان ئەوەیە بە ئیزنی خوا یارمەتی دۆستانی خوا و، موسوڵمانانی لێقەوماو و، ستەملێکراوان بدەین. تۆ ستەمێکی گەورەت لێ کرا و لای خوای گەورە بە ستەملێکراو ئەژمارکرایت. لەبەر ئەوە خوای گەورە رێی نەدا خۆت بکوژیت. وابەستەیی و ملکەچیت بۆ خوای میهرەبان بوو بەهۆی کردنەوەی ئەم دەرگایە .

مەترسە هیچ ئازارت ناگات. تا تۆ فاتیحەیەك و سێ ئیخلاس دەخوێنیت ئێمە نەشتەرگەرییەکەت بۆ تەواو دەکەین .

دەی بسم الله...

لە سەرسامیدا نیشتمە سەر ئاو و سەرم سووڕما لە رێزلێنان و میهرەبانی خوایی. ناخم پڕبوو لە ئارامی و ئاسوودەیی نەك ئازار. دەتوت ئەو دەستانە بەر هەر شوێنێکم دەکەوتن ئازارەکەیان نەدەهێشت و ئاویان دەکرد بە بڵێسەی گورچیلەکانمدا کە چەندین مانگ بوو ژیانیان لێ تاڵ کردبووم. لەو چرکەساتەدا لە ناخی ویژدانمدا هەستم بە رەحمەت و شەفەقەتی خوایی کرد کاتێك سەرلەنوێ ژیانم پێدەداتەوە .

ئیتر نازانم ئەو ساتە چۆن هات و چۆن گوزەشت. دەتووت کاتژمێرەکان بێدەنگ بوون و، کات خامۆش بووە و، دنیا وەستاوە. تەنها شتێك کە لەو دەمەدا هەستم پێدەکرد، ئەو ئاسوودەییەبوو کە خوا لە دڵی

هاویشتبووم. بەجۆرێك بۆ یەکەم جار بەڕوونی گوێم لە لێدانەکانی دڵ بوو کە دەیانوت " الله، الله! "

پاشان ئەو زاتە سەوزپۆشە، وتی:

- دەی کەفارەتت بێت کچم.

پەرداخێك ئاوی پێدام و، وتی:

- دەی ئەم ئاوە شیفایەش بخۆرەوە.

بە پەنجە لەرزۆکەکانم بەحاڵ پەرداخەکەم بۆ گیرا و پاش (بسم الله) خواردمەوە. دەتوت ئەوە ئاو نییە کە دەیخۆمەوە، بەڵکو دەرمانێکی کاریگەرە و بەر هەر جێیەکم بکەوێت ژیانی تێدا دەبووژێنێتەوە .

کاتێك خۆیان بۆ ڕۆیشتن پێچایەوە، من بە شەرمەوە لە مامۆستاکەیانم پرسی:

- ئێوە کێن؟ ئەگەر لێم بپرسن بڵێم چی؟

زاتە سەوزپۆشەکە ئاوڕی دایەوە و، وتی:

- گرنگ نییە من و هاوڕێکانم کێین کچم. گرنگ ئەوەیە تۆ شایانی ئەم ڕێزلێنانە بوویت. پیرۆزباییت لێدەکەم.

- توخوا خۆتانم لێ مەشارنەوە. دەمەوێت ئەو زاتانە بناسم کە ئەم یارمەتییەم دەدەن. هیچ نەبێت دەمەوێت بە دوعا کەموکوڕەکانم ئەم قەرزە مەعنەوییە بدەمەوە.

ئەو زاتە موبارەکە بەهەیبەتە سەری ڕاوەشاند و، وتی:

– له داهـاتوودا تێدهگـهیت ئێمـه کێین، بـهڵام ئێسـتا نـا. ئهگـهر خـوای گهوره ئیزن بدات...

لهناکاو حهزرهتی عبدالقادری گـهیلانی هـات بـه خهیاڵمـدا. بـیری ئـهو دهستگیرۆییه مهعنهوییهم کهوتهوه که به مۆڵهتی خـوای گـهوره یارمـهتی تهنگهتاوان دهدات. لهبهرئهوهی له پهیامهکانی نووردا ئهم جۆره کاروبـاره سهرسـووڕهێنهرانهی حـهزرهتی گـهیلانیم خوێنـدبووهوه، ئهوهنـدهی تـر گومانهکهم بههێزبوو. بۆیـه خێـرا ڕاسـت بوومـهوه و ویسـتم دهسـتی مـاچ بکهم. وهك ئهوهی دهروونم بخوێنێتهوه دهستی بهرز کردهوه و، وتی:

– نهخێر. من وای دادهنێم که دهستی منت ماچ کـردووه. بـهڵام شـوێنی من مهکهوه. تۆ ئهو سهرچاوهیهت دۆزیوهتهوه که سوودی لێ وهردهگریت. بیانخوێنــهرهوه و هــهوڵ بــده خــهڵکیش بیانخوێنێتــهوه. ڕێنیشــاندهر و ئیمامی ئهم چهرخه ئهوانن.

## نهیاندهتوانی بڕوا بهمه بکهن

لهپڕێکدا بهئاگا هاتمهوه. له نهخۆشـخانه لهسـهر پێخهفهکـهم بـووم و هــهموو گیــانم ئــاوبوو. دڵـم بهتونـدی لێـی دهدا و دهتـوورت دهیـهوێت لـه قهفهزی سنگم دهربپهڕێت. هێشتا له ههوڵی لێکدانهوهی خهونهکهمـدابووم، کهچی ئهو ئاوهی خواردبوومهوه فشاری بۆ هێنام و ههستم کـرد پێویسـتم به سهرئاوه.

لـــه دڵــی خۆمـــدا وتم: " ئـــای خوایـــه گیـــان! مـــن گورچـــیلەکانم لەکارکـەوتوون و چـەندەها ڕۆژە نـاتوانم میـز بکـەم. لەڕێگـەی شـۆردنی گورچیلەوە دەتوانم ئاوی زیادەی لەشم فڕێ بدەم" .

خێرا دەستم نـا بـە زەنگەکـەدا. بـەپرتاو پەرستارەکە هـات بـۆ لام. کاتێـك وتم پێویسـتم بـە سـەرئاوە، سـەری سـوڕما. منـیش خـۆم سـەرم سووڕمابوو. هەرچەندە هیچ سەیر نەبوو بۆ خوایـەك کـە ئاگـای لـە هـەموو نەخۆشییەکان و چارەسەرەکان هەیە.

خوای گەورە لەبەر خاتری من نا، بەڵکو لەبەر خاتری مەدینەخان ئەم چاکە گەورەیەی لەگەڵ نواندین. چونکە ئەو وەك فریشتە پـاك و بێگـەرد و فیـداکارە... لـە هـەزاران قوتابییـەوە دوعـای خێـری بـۆ دێـت. ژیـانی بـۆ وتنەوەی وانەی ئیمانی و قورئان تەرخان کردووە. خوا دەزانێت، لەوانەیـە سەدان و هەزاران خوێندکاری تریش موحتاجی یارمەتیدانی دایـە مەدینـەم بن. خوای گەورە لەبەر ئەم پەیامە پـیرۆزە نەیهێشـت مەدینـەخان نیـوەی بمێنێتەوە و ئازار بکێشێت.

ئەم باس و خواسە لە جیهانێکەوە بـۆ جیهـانێکی تـری بـردین. تاوێـك دڵمـان پـەروازی دەکـرد و تاوێـك کـانی چـاومان دەتـەقی. ئـەم وتانـەی مەدینەکەم ئارامییان گەڕاندەوە بۆ ناخم. دەستم بەرزکردەوە و سوپاسـی زۆری خوای گەورەم کرد.

## مەدینەی کچکە دەست بەتاڵ دانەدەنیشت

ئەم ڕووداوە زۆر کاری لێ کردین. بەڵام کاریگەری ڕاستەقینە لەسەر مەدینەکەم بوو. چەندین مانگ لەو کەش و هەوا ئەفسووناوییە نەهاتە دەر. هەمیشە پەرستشی دەکرد و خۆی تەرخان کرد بۆ قورئان خوێندنەوە و موتالاکردنی پەیامەکانی نوور کە تەفسیری قورئانن. یارمەتی مەدینەخانی دەدا لە خزمەتی ئافرەتان و وانە ئیمانیەکاندا. ئیتر ئەو بووبوو بە پاڵەوانی ئیمان. لە هەموو فرسەتێکدا خۆشی خۆی دەردەبڕی و، دەیوت: "خوای گەورە مەزنترین چاکەی لەگەڵ کردین و بەم ڕاستییە جوانانەی ناساندین" .

هەفتانە سێ وانەی ئیمانی بە کچانی تازەپێگەیشتوو دەوتەوە. دوو ڕۆژیش بەشداری ئەو وانەیەی دەکرد کە مەدینەخان بە کچانی زانکۆی دەوتەوە. لەم نێوەندەشدا منی لەبیرنەدەچوو و ڕۆژانە چەند سورەت و دوعایەکی پێ لەبەردەکردم. بەلای کەمەوە لە هەفتەیەکدا کتێبێکی تەواو دەکرد.

مەدینەکەم کەوتە پلان دانان بۆ داهاتووش. خۆی لە خۆیدا کچێکی زیرەك و بەتوانای وەك ئەو نەیدەتوانی لە ماڵەوە دەستبەتاڵ دابنیشێت .

## تێڕوانینەکانی کاك ڕەسوڵ

ئەو ئێوارەیە لەسەر سفرەی نان خواردن، بە وتەکانیدا دەردەکەوت کە کاك ڕەسوڵ چ پیاوێکی بەشەوقە لە خزمەتدا.

ـ خوای گەورە ئەم خزمەتی ئیمان و قورئانەی پێ لوتف کردین. ئەمە گەورەترین ڕێزلێنانی خواییە. بۆیە پێویستە ئێمە بە کارکردن و خزمەت کردن سوپاسگوزاری دەربڕین. لە چواردەورماندا هەزاران لاو لە ڕێگای هەڵە و دەریای تاواندا خەریکن ژیانی خۆیان وێران دەکەن. ئێمە پێویستە یارمەتی ئەمانە بدەین و دەستیان بگرین. ئەگەر ئێمە ئەم ڕاستییە جوانانە نەگەیەنین بەو کەسانەی کە پێویستیانە، لە حزووری خوای گەورەدا یەخەمان دەگرن. ئەم کارە بەرپرسیارێتییەکی مەزنە. بەپێچەوانەوە وەك ئەوەیە پزیشکێك خاوەنی دەرمانێکی کاریگەربێت و تەمەڵی بکات لە بەدەمەوەچوونی نەخۆشەکانیدا. بێگومان ئەم پزیشکە لەسەر یەك بە یەکی ئەو نەخۆشانە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت. ئێمەش حاڵمان وایە. لەم ڕۆژگارەدا پەیامەکانی نوورمان لە بەردەستدایە کە تەفسیرێکی مەعنەوی و هاوچەرخی قورئانی پیرۆزە. گەورەتین ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە سەرەتا خۆمان باش لێیان تێبگەین و هەرسیان بکەین، پاشان بیانگەیەنین بەو کەسانەی کە پێویستیانە. ئەگەر خوانەخواستە گەنجانی ئەم سەردەمە بە بێ ئیمانی بمرن و لە قیامەتدا بڵێن: " ئێمە کەس ئەم حەقیقەتانەی تێنەگەیاندین و کەس بۆی باس نەکردین.". بۆ ئەوەی بەرپرسیار نەبین لە بێباوەڕی ئەوان، پێویستە شەو و ڕۆژمان بخەینە سەر یەك.

پێویستە لەم سەردەمەدا ئامانجمان ڕزگارکردنی گەنجانی موحتاج و، کەسانی بێباوەڕ و، ستەملێکراوان بێت. ڕەنگە ئا بەم شێوەیە بتوانین

شوكری ئەم حەقیقەتە ئیمانییانە بكەین كە خوای گەورە پێی بەخشیوین. ئەگینا بەسەربردنی ڕۆژەكانمان تەنها بە نوێژكردن لە بەرپرسیارێتی بەندایەتی قوتارمان ناكات. گەورەترین ئەركی بەندە ئەوەیە هاوڕێ لەگەڵ نوێژەكانیدا ببێت بە هۆكار بۆ كاری چاك و كەسانی باش پەروەردە بكات. ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و فیداكاری هەیە. ئەگەر دەمانەوێت كۆمەڵگا چاك بكەین، سەرەتا دەبێت لە خۆمانەوە دەست پێبكەین و پاشان هەوڵی ڕێنمایی كردنی دەوروبەرمان بدەین. لەبەر ئەمە پێویستە نموونەیی بژین و ببین بە سەرمەشق بۆ كەسانی تر. بە مانایەكی تر ڕاستییەكان تەنها بە وتن دەرنەبڕین، بەڵكو بە هەڵسوكەوتیشمان پیشانی بدەین. خۆی لە خۆیدا ئەمە كاریگەرترین شێوازی فێركردنە.

پێویستە بە هیچ جۆرێك ئەوەمان لەبیرنەچێتەوە كە لە دادگای دوارۆژدا لەسەر چۆنێتی بەسەربردنی ژیانمان لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەكرێت. ئەی دواتر؟ یان بەختەوەری هەمیشەیی، یاخود بەدبەختی هەتاهەتایی... ناكرێت لە دنیادا بە كامی دڵی خۆمان بژین و لەوێش داوای بەهەشت بكەین. ئەمە مەحاڵە! بەهەشت پێویستی بە كۆشش و ناڕەحەتی و ئێش و فیداكاری و تەمەنێك چلەكێشی هەیە.

بۆیە پێویستە ڕێكوپێك و بەپرۆگرام بژین. دەبێت پلانی ڕۆژانەمان هەبێت و پەیڕەوی بین. تەنها بەم شێوەیە دەتوانین خۆمان نوێ بكەینەوە. ئەگینا تووشی تەمەڵی دەبین و دەپووكێینەوە.

## پێویستی پلان و بەرنامە لە ژیاندا

پێش ئەوەی کاک ڕەسوڵ بگات بە کۆتایی وتە بەنرخەکانی هەڵمدایە و، وتم:

- باشە، ئەو پلانە ڕۆژانەیە پێویستە چۆن بێت؟ چۆنی دەتوانین شتێك ئامادە بکەین کە بە باشی پەروەردەمان بکات؟

مەدینە سەیری کردم. بە چاوەکانی ویستی بڵێت: " ئەو گوتارە خۆشەت بۆ پێبڕی؟."

کاک ڕەسوڵ وەك ئەوەی هیچ نەبوبێت هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی منی دا:

- پلان بە گوێرەی توانا و لێهاتنی کەسەکە و تەمەن و ئەو کارەی کە دەیکات دەگۆڕێت. وەڵێ هەموو پرۆگرامێك سێ یاسای نەگۆڕی هەیە:

١- نووستی بە پرۆگرام و دیاری کراوبێت.

٢- دووربوون لە هاوڕێی زیانبەخش و شوێنی خراپ.

٣- باوەڕبوون بە سەرکەوتن.

هەرکەسێك ئەمانە بکات بە بنەڕەت دەتوانێت پەیڕەوێکی نموونەیی بۆ خۆی دابڕێژێت. گرنگترین بەشی پلانی ڕۆژانە لەخۆپرسینەوەی ڕۆژانەیە. هەر مرۆڤێك بیەوێت پەیڕەوی لە پرۆگرامێك بکات پێویستە شەوان کاتێك سەر دەنێتە سەر سەرین، بە کردارەکانی ئەو ڕۆژەیدا بچێتەوە و، بەجددی چاو بخشێنێت بە ئەنجام و بەرهەمەکانیدا. دەبێت ویژدانی سەرگەرمی ئەم چەشنە پرسیارانەبێت: " ئەمڕۆ من چ کارێکم

کردووه له قازانجی خۆم و کۆمەڵگەکەم؟ له چ خوویەکی خراپ خۆم پاراستووە؟ چ هەڵسوکەوتێکی خراپی خۆمم چاك کردووە؟"

ئەگەر هەڵەیەك یان ڕەوشتێکی چەوتی لە دەست قەوما، پێویستە لە ناخی خۆیدا هەست بە ئازار بکات و لە حزووری خوای گەورەدا بەڵێن بدات کە جارێکی تر دووبارەی ناکاتەوە. لەبەر ئەمە پێویستە هەموو شەوێك ئەم پرسیارە لە خۆی بکات: " ئەگەر تەمەنم تا بەیانی بڕنەکات و هەڵنەسمەوە، ئایا تا چەندێك ئامادەم بۆ لێپرسینەوە؟ ". ئەگەر زایەڵەی ویژدان دەنگی " ئامادە نیت! " ی لێ بەرزببێتەوە، پێویستە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە کە فرسەتی بدات تا ئەو کاتەی ئامادە دەبێت. چونکە هەزاران کەس شەو دەنوون و بەیانی هەڵناسن، یاخود بەیانی ڕۆژ دەکەنەوە و ناگەنە ئێوارە.

ئەگەر کەسێك لە لەخۆپرسینەوەی ڕۆژانەدا ڕووسووربێت، مانای وایە ئامادەیە بۆ لێپێچینەوەی مەزنیش .

پاش گوێ گرتن لەو وتە بەسوودانە، من و مەدینەکەم کەوتینە خەمی دانانی پرۆگرامێکی ڕۆژانە. بەتایبەتی کاتێك ئەو پرسیاری ئامادەبوونەم لە نەفسی خۆم کرد، هەزاران سەدا وەك ئەوەی کۆرسێك بن پێکەوە هاواریان کرد: " نەخێر! هێشتا زۆر زووە! ". کەوایە ئامادە نەبووم بۆ ئەو مردنەی کە هەموو چرکەیەك دەگونجا دەرگاکەی لە ڕوومدا بکرێتەوە. باشە، لەکاتێکدا ئەمەم دەزانی، بۆچی هەوڵی قەرەبووی خراپەکانم نەکەمەوە؟

## خەياڵەكەی مەدينە

مەدينەش پرسياری خۆی هەبوو:

ـ حەزدەكەم بابەتێك لەگەڵ ئێوەشدا بكەمەوە كە ماوەيەكە من و ڕەسوڵی بچووكی سەرقاڵ كردووە: هەزاران جار سوپاس بۆ ئەو خوايەی كە كەسانی باشی وەك ئێوەی كردووە بە دايك و باوكی مەعنەويمان. ديسان هەزاران ستايش بۆ ئەو خوايەی كە ڕاستييەكانی ئيمانی پێبەخشين و لە تاريكييەكان ڕزگاری كردين. كاتێك خزمەت و هەوڵ و كۆششی ئێوەمان بينی تێگەيشتين كە پێويستە گەورەترين ئامانجی مرۆڤ خزمەتی ئيمان و قورئان بێت. كەسانێكی زۆری موحتاج و بێتاوان و خەڵەتێنراو هەيە كە پێويستيان بەم حەقيقەتانە هەيە. ئەركی ئێمە ئەوەيە بەوانی بگەيەنين. هەرچەندە كۆششكردن و ڕەزای خوا كرۆكی مەسەلەكەيە، بەڵام ئاستی خوێندەواری و بڕوانامە و باری كۆمەڵايەتيش كاريگەری خۆيان هەيە .

ماوەيەكی زۆرە بەم خەياڵەوە دەژيم:

دەمەوێت سەر لەنوێ بەشداری تاقيكردنەوەی وەرگيران لە زانكۆ بكەم و ديسان كۆلێژ بخوێنمەوە. ئەگەر بتوانين حەزدەكەم لەگەڵ ڕەسوڵی بچووكدا پێكەوە ئەو كارە بكەين. ئيشەڵڵا بەو بڕوانامەيەمانەوە دەتوانين خزمەتێكی ئيمانيی باشتری كۆمەڵگا بكەين و بەو شێوەيە خەڵك زياتر گوێمان لێ دەگرن .

لەوانەیە ئەمە بەلای ئێوەوە خەیاڵی بێت، بەڵام من بەدڵ ئەم داوایە لە خوا دەکەم. هەست دەکەم خوای گەورە لەو ڕێیەوە دەرگایەکمان لێ دەکاتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵە و تاوانە پێشینەکانمان .

بۆ ساتێك بێدەنگی باڵی کێشا. نە کاك ڕەسوڵ و نە مەدینەخان هەڵوێستێکیان هەبوو. خۆی لە خۆیدا ئەمە ڕەوشتی ئەوان بوو. سەرەتا بەجوانی گوێ دەگرن، پاشان گریمانەکان ڕیزدەکەن. کاك ڕەسوڵ سەرنجی لە من دا و، وتی:

- تۆ چی دەڵێیت ڕەسوڵ گیان؟

- مەدینەی بچووك خەیاڵێك پەروەردە ناکات باوەڕی پێی نەبێت. وزە و هەوڵ و فیداکاری لە ئەودا بە پلەیەکە دەرەقەتی هەموو ئاستەنگەکان دێت و دەیگەیەنێت بە گشت ئامانجێك. من بەم حاڵەمەوە کەڵکی خوێندنم پێوە نەماوە. کتێب بخوێنمەوە و بەشداری دەرسە ئیمانییەکان بکەم ئەوە بۆ من گەورەترین قازانجە. ئەمە وەکو خوێندنی زانکۆ وایە سەبارەت بە من. بەڵام هاریکاری و دوعاکانم لەگەڵ مەدینەی بچووك دەبێت. هەرگیز حەزناکەم لەناو چوار دیواردا خۆی زیندانی بکات و توانا و لێهاتووییەکانی کوێر بینەوە. پێویستە توانا و بەهرەکانی مەدینە بەفیڕۆ نەچن. لەم ڕووەوە چی لە دەستمان بێت دەبێت بیکەین .

کاك ڕەسوڵ و مەدینەخانیش هاوڕای من بوون:

- پیرۆزبایی ئەو نییەتە پاك و هیوایەتە لە مەدینەی کچمان دەکەین و لە ناخی دڵمانەوە نزای سەرکەوتنی بۆ دەکەین. بێگومان هەموو هۆیەك

دەگرینەبەر بۆ فەراهەم کردنی ئەم بیرۆکە پیرۆزە. چونکە لەم سەردەمەدا و لە خزمەتی ئیمان و قورئاندا دەکرێت بڕوانامە و پلەوپایە و ناونیشان بکرێن بە هۆکار بۆ ڕزگارکردنی ئیمانی کەسانی تر. سەدان فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) چەشنی: " زانست بەدەست بهێنە، ئەگەر لە وڵاتی چینیش بێت. " ، " کەسێك دوێنێ و ئەمڕۆی لە یەك بچێت دۆڕاوە. " ، " فێری زانست ببن لە بێشکەوە تا گۆڕ "، بەرەو ئەم ڕاستییە ئاڕاستەمان دەکات .

بەڕاستی بە دڵ و بە گیان پیرۆزبایی لە مەدینەی کچمان دەکەین و داوا لە خوا دەکەین شەوق و حەزی بەردەوام بکات.

مەدینەخان باوەشی بە مەدینەی گچکەدا کرد و، وتی:

- تا تۆ خاوەنی ئەم دڵە پاکەبیت دڵنیابە خوای گەورە دەرگای سەرکەوتنت لە ڕوودا دەکاتەوە. ئێمەش شانازیت پێوە دەکەین ئیشەڵا!

بەزوویی خۆت بۆ تاقیکردنەوەکە ئامادە بکە کچم. ناو نووسین زۆری نەماوە. پشت بە خوا سەرکەوتوو دەبیت .

کاتێك مەدینەکەم ئەو پشتگیرییەی ئێمەی دیت خۆی یەکلایی کردەوە بۆ خوێندن. هەموو شتێك بە تیۆری ئاسان بوو، وەلێ کاتێك دەهاتە سەر جێبەجێکردن کارەکە زۆر گران دەبوو. دیسان ڕۆژانی سەخت لە پێشمان بوو.

به هەموو شتێك ڕازی بووم. دەموت هەموو شتێكم فیدای ئەو كچەبێت كە ژیانی بۆ من تەرخان كردووە. چی لەوە خۆشتربوو بۆ من كە ئەو بە بەختەوەری و سەركەوتوویی ببینم؟

بەڵام هێشتا كێشەیەكی تر هەبوو كە دەبوو چارەسەمان بكردایە. ئەو شەوە پێكەوە لەگەڵ مەدینەدا قسەمان لێ كرد.

هەنووكە ئێمە خێزانێك بووین. نەدەكرا لەوە زیاتر لەگەڵ ئەوان بمێنینەوە و ببین بە بار بەسەریانەوە. جگەلەوەش سەبارەت بە خوێندنی مەدینەش پێویستمان بە چەند ئامادەكارییەكی ماددی هەبوو. ئنجا لەبەر ئەوەی خێزانی مەدینە وایان دەزانی كچەكەیان خوێندنی تەواو كردووە و كار دەكات، پێویستبوو جاروبار هەندێك پارەیان بۆ بنێرێت. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە دەبوو كارێك بدۆزینەوە بۆ پارە پەیداكردن، وەلێ چۆن؟

## ڕێگە چارەیەك

كاتێك ئێمە بە قووڵی بیرمان لەم بابەتە دەكردەوە، پێشنیارێكی جوانمان لە دۆستێكی نزیكەوە وەرگرت:

– هەوڵ بدەن كاتە بۆشەكانیماڵەوەتان بە دروستكردنی بابەتی دیاری بەسەربەرن. ئەوەندە قازانجی دەبێت بەشی پێداویستییەكانی ئێوە بكات. یان دەتوانن بیر لە فرۆشتنی ئاو و شیرینی و گوڵ و كتێب و شتی لەو جۆرە بكەنەوە لە پاركێكی گونجاودا. ئەو چەشنە شتانە هەمیشە مشتەری بەردەوامیان هەیە. بەتایبەتی كتێب... چونكە هەم شتێكتان دەست دەكەوێت و هەم دەبن بە هۆی سوود وەرگرتنی كەسانی تر لەو

کتێبە بەنرخانە. ئێوە مادەم کەمنەندامیشن سەرنجی خەڵك ڕادەکێشن و ئەوەی پێویستی بە شتێك بێت لای ئێوە دەیکڕێت .

ئەم پێشنیارەمان زۆر بەلاوە باش بوو. هەم لە بێتاقەتی دانیشتن لە ماڵەوە ڕزگارمان دەبوو، هەم سوودێکمان بە خەڵك دەگەیاند و، شتێکیشمان بۆ خۆمان پەیدادەکرد.

کاتێك ئەم بابەتەمان لای کاك ڕەسوڵ و خێزانی کردەوە زۆریان پێ ناخۆش بوو:

- ئێوە ڕۆڵەی ئێمەن. زۆرمان پێخۆشە تا خوا مۆڵەتی تەمەن بدات لەگەڵ ئێوە پێکەوە بژین. هەرگیز لەم ماڵەدا غەریبە و بار و زیادە نین. بەلام بۆ ئەوەی ویژدانتان ئاسوودەبێت و حەزبکەن پارەی گیرفانتان خۆتان پەیدای بکەن، ئێمە هەموو جۆرە یارمەتییەکتان دەدەین. بەلام قەت ناهێڵین لەم ماڵە بچنە دەرەوە .

سەرەتا هەموو شتێك وەك ئەوە چووە پێش کە نەخشەمان بۆ کێشابوو. کاك ڕەسوڵ لەگەڵ کەسانی لێپرسراو قسەی کرد و گۆشەیەکی لە پارکەکەی پشت ماڵی خۆمان بۆ دابین کردم. هەموو ڕۆژێك مەدینەکەم پاڵی بە خۆم و عەرەبانە و سندووقەکەمەوە دەنا و، منیش ئاو و شیرینی و کتێبم دەفرۆشت. بەلام ڕاهاتن بەو کارە هەروا ئاسان نەبوو. دیسانیش کارکردن و یارمەتیدانی ماڵەوە ئەگەرچی کەمیش بێت ئاسوودەی دەکردم. مەدینەش زۆر تێدەکۆشا و خۆی بۆ تاقیکردنەوەی وەرگیران لە زانکۆ ئامادە دەکرد .

## دەتوت دونیا بووەتە موڵکی ئێمە

لەکۆتاییـــدا ڕۆژی تاقیکردنـــەوە هاتـــە پـــێش. پـــاش هـــەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری چەند مانگی، ئەو بەیانییەی کە پێکەوە دەچووین بۆ ئەو جێیەی تاقیکردنەوەکەی لێ دەکرا، بەکوڵ و بەدڵ دوعامان دەکرد:

ـ خوایەگیان! ئێمە هەموو هۆکارەکانمان بەکارهێنا و دوعای کردەیـی خۆمان کرد. ئەوەی لەسەر ئێمەبوو کردمان و خۆمان مانـدوو کـرد. ئێسـتا داوای باشترینت لێ دەکەین بۆ دنیا و قیامەتمان. ئەگـەر خێـری تێـدا نییە ئاستەنگی بخە پێش و بەنسیبمانی مەکە.

مەدینە ڕۆیشت، بەڵام من دڵەتەپێم لەو زیـاتربوو. دەتـووت ئێسـتا نـا ئێسـتا دڵـم دێتـە دەرەوە. خولەکـەکانی تاقیکردنـەوە تێنەدەپـەڕین. دەترسام و جێم بەخۆم نەدەگرت لە ماڵەوە .

لەبەر دەرگا مەدینەی گچکەم بەڕێ کـرد . تـا هاتـەوە لـە جێـی خـۆم نەبزوام. ڕاستتر بڵێین دڕدۆنگی و جۆش و خرۆش کلیلیان دا لە چـوارپەلم و نـەمتوانی بجووڵێمـەوە. ئـەو ڕۆژە کـاك ڕەسـوڵ و خێزانـی بـۆ کارێـك ناچاربوون بچن بۆ دەرەوەی شار و من لە ماڵەوە بە تەنیا مابوومەوە.

نازانم چەند جار دوعای (الجوشن الکبیر)م خوێندەوە و دوعاکانی ناویم چەند بار دووپات کردەوە.[1] هەزاران جار لە خوای میهرەبان پاڕامەوە .

دەتووت چەندەها سەدەی پێچوو تا ئەو ساتەی کە مەدینە هاتەوە و دەرگاکەی کردەوە .

خێرا سەرنجم لە چاوە جوانەکانی مەدینەکەم دا کە هەرگیز زەردەخەنەیان لێ نەدەتۆرا. ویستم نیگاکانی بخوێنمەوە، چونکە هەموو چاو داخستنێکی ئەو پەیامێکی تایبەتی تێدابوو .

بەڵێ، پێدەکەنی. خۆشی ناخی دەپرژایە دەرەوە. حاڵی بە جۆرێك بوو وەك ئەوەی بڵێت: " سوپاس بۆ خوا ئەم کارەش تەواو ". وەستان و پێکەنینی شەرمنانە و نیگاکانی، بەقەدەر ناواخنی چەندەها کتێب مژدەیان دەدا. دیسان هەردووکمان گریاین و پڕ بە دڵ سوپاسی خوامان کرد .

---

١- " جەوشەن " واتە: ئەو زرێ یەی کە لە جەنگدا لەسەر سنگەوە دەپۆشرێت. بەڵام لێرەدا مەبەست ئەو موناجاتە ڕەنگینەی پێغەمبەرە ( درودی خوای لەسەربێت ) کە بە ڕیوایەتی ئیمام " زەینولعابیدین " - خوا لێی ڕازی بێت - دەماودەم ڕیوایەت کراوە و، لاآنەوە و موناجاتێکە بە سیفاتە مەزن و ناوە جوانەکانی خوای گەورە و، لە نێوان هەموو برگەیەکیدا ئەم دەستەواژەیە دووپات دەبێتەوە: ( سبحانك لا اله الا انت الغوث الغوث اجرنا من النار.. خلصنا من النار.. نجنا من النار).

ئەمە لە هەموو مژدەیەك خۆشتربوو. مەدینە بچۆلانەكەم پاش ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتییە، هەوڵی زۆری دا و خۆی ماندوو كرد. ئەمەش بوو بە هۆی كرانەوەی دەرگای ڕەحمەت و بەخشندەیی خوای گەورە. بە چاوی خۆمان ڕاستی وتە بەنرخەكەی كاك ڕەسوڵمان بینی: " ئێوە پلانی ڕۆژانە دابنێن و لێی لامەدەن. بە دڵ داوای شتێك بكەن و بە ژیریشتان جوڵەبكەن، هەرگیز خوای گەورە بەندەیەكی لەم جۆرە مایەپووچ و دەستخەڕۆ ناكات."

ئەو ڕۆژەی كە ئەنجامی تاقیكردنەوەكەمان وەرگرتەوە سەدان جار سوژدەی شوكرمان برد. كاك ڕەسوڵ و خێزانی لە ئێمە زیاتر پێیان خۆش بوو. كاك ڕەسوڵ پێدەكەنی و، دەیوت: " كەواتە دەبین بە هاوپیشە، ها؟."

ئەنجام: كۆلێژی پزیشكی...

## تەنها مابووینەوە

دەمانزانی كە لە سەرەتای ڕێگایەكی دوور و درێژ و پڕ لە شەكەتیداین. دەشمانزانی كە بەریەستی گران لەڕێماندایە و بە زەحمەت دەبڕێن. بەلام لە سایەی لێبڕان و ویست و كۆششی مەدینەوە، دەشمانزانی كە پشت بە خوا سەركەوتوو دەبین. چونكە سەركەوتن بۆ ئەو كەسانەبوو كە بڕوای پێدەكەن. ئەم باوەڕەش بە زیادەوە لە مەدینەدا هەبوو.

لەکاتێکدا ئەم جوانییانە دڵیان لێوانلێو دەکردین لە خۆشی، ئاگامان لە دیمەنە سەخت و تاڵەکانی ژیان نەبوو. تیشکێك لە دەروونماندا هەڵهاتبوو، وەلێ بە چیدا بمانزانیایە کە یەك لەدوای یەك تاریکییەکان هێرش دەهێنن و ڕۆژمان دەکەن بە دەیجوور؟ ڕێك وەك حاڵی ئەو ئاسکەی کە بێئاگایانە دەلەڕەوێت و خەبەری لەو شێرە دڕندەیە نییە کە خۆی بۆ مەڵاس داوە...

کاك ڕەسوڵ و مەدینەخان داوایان لێ کرابوو کە بە مەبەستی خزمەت کردنی ئیمان و قورئان بچن بۆ وڵاتی یابان. بڕیاربوو چەند ساڵێك لەوێ بمێننەوە. ئەم دوو مرۆڤە فیداکارەی کە سینەیان هێندەی دەریاکان فراوان و هیوایان بەقەدەر ئاسمانەکان بەرینبوو، زێد و ماڵ و حاڵی خۆیان جێدەهێشت و کۆچیان دەکرد لەپێناو خزمەتکردنی ئەو ئیسلامەی کە بەخێراییەکی سەرسووڕهێن لەو وڵاتەدا تەشەنەی دەکرد. دەچوون لەوێ لە ڕێگەی خوێندن و خوێندەوارییەوە ئەو ئیسلامەی کە هەموو میللەتان لە باوەش دەگرێت، پێشکەش بە گەنجانی جددی و کارزان و عەودالانی ڕاستی و حەق بکەن. لە هەمووشی گرنگتر بە ژیان و هەڵسوکەوتیان دەریان دەخست کە ئیسلام دینی چەك و بۆمب و خوێن نییە و، دوور و نزیك پەیوەندی بە تیرۆر و ئاژاوەوە نییە. شەو و ڕۆژیان دەخستە سەریەك لەپێناو ئەم ئامانجەدا.

پێویست بوو لەبەر خاتری ئەم پەیام و بیرۆکە مەزنە وڵات بەجێبهێڵن. ئێمەش هەوڵمان دەدا خۆمان لەگەڵ نەبوونی ئەواندا ڕابهێنین و لەسەر پێی خۆمان بوەستین. بێگومان ئەمە سەخت دەبوو بۆ ئێمە.

ماڵەکەیان بۆ ئێمە جێهێشت. چەندین جار دۆست و هاوڕێکانیان ئاگادارکردەوە کە ئاگایان لە ئێمە بێت .

ماڵئاوایی و جیابوونەوە زۆر گران بوو. چەندین کاتژمێر هەردوو لامان فرمێسکمان ڕشت. بەتایبەتی فرمێسك و هەنسکەکانی مەدینەخان دڵمانی کرد بە ئاو:

– ڕۆڵەکانم، مناڵەکانم! ئێوەمان لە دڵماندا هەڵگرتووە و لەگەڵ خۆمان دەتانبەین. ئەگەر بەرگەی ئەم جودابییەم نەگرت، بزانن کە لە دەرگای گۆڕەکەمدا چاوەڕێتان دەکەم. لە خوای گەورە داواکارم لەگەڵ ئێوەدا بەختەوەری هەمیشەییمان پێبپەخشێت. ئەگینا بێ ئێوە، ئێمە هەرگیز هەست بە ئارامی و ئاسوودەگی ناکەین.

بەڕاستی ئەمە خۆشەویستی و میهرەبانییەکی بێوێنەبوو! ئەم ئافرەتە فریشتەئاسایە هەروەك چۆن دنیای بەخت کرد لەپێناو ئێمەدا، بەهەمان جۆر ئامادەبوو دواڕۆژیشی فیدا بکات.

بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بەم نهێنییە و پەی بردن بەم ڕازە، پێویستە دڵ لێوان لێوبێت لە خۆشەویستی خوایی. چەشنی حەزرەتی ئەبوبەکر کە دەفەرموێت: "خوایە گیان جەستەی من لە دۆزەخدا هێندە گەورە بکە، جێی موسوڵمانێکی تری تێدا نەبێتەوە". یان سەعیدی نوورسی کە

دەفەرموێت: "گەر ئیمانی میللەتەکەم پارێزراوبێت، ئامادەم لە بڵێسەی دۆزەخدا بسووتێم. چونکە کاتێک جەستەم دەسووتێت، دڵ و ویژدانم دەبێت بە گوڵ و گوڵستان..."

ئیتر تەنها بووین لە بەرامبەر هەموو مەترسی و گشت تەڵە فریودەرەکاندا. پیاوێکی ئیفلیج کە قەدەری بەستراوەتەوە بە عەرەبانەیەکەوە، لەگەڵ ژنێکی بێکەسی کەمئەندامدا...

## ماف و دادپەروەری ئاوا دەبێت؟

بڕیاربوو ئەو ڕۆژە خوێندنی زانکۆی مەدینە دەست پێبکات. بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە لە ماڵ چووە دەرەوە. یەکەم ڕۆژی ماراسۆنێکی دوور و درێژبوو. نازانم بۆچی، وەلێ دڵم تەنگ بوو کاتێك ماڵئاواییم لێ کرد.

هێشتا چەند سەعاتێکی نەبردبوو کە بە ڕوخساری تاڵ و دەموچاوی هەڵبزڕکاوەوە گەڕایەوە. ئەگەر ئەوە ڕووداوێکی ئاسایی بووایە هەرگیز نەیدەهێشت من هەستی پێبکەم. مادەم وایە، کەواتە شتێکی زۆر گرنگ ڕووی داوە .

زۆر ترسام. بە ماندوویی خۆی لەسەر قەنەفەکەی تەنیشتم هاوی. دەستی گرت بە ڕوویەوە و کەوتە گریان. وتم:

- بۆ خاتری خوا، چی بووە بیڵێ؟

- چی خەونم هەبوو دەربارەی خوێندن و زانکۆ هەمووی تەواو. ئەو هەمووە خۆم بۆ ئامادەکرد، بەڵام نەبوو ئیتر! نەبوو!

- توخوا چی بووە؟ پێم بڵێ تکات لێ دەکەم!

ـ چی بڵێم؟ وەریان نەگرتم!

بۆ ساتێك سەرم گێژی خوارد و، هەناسەم تەنگ بوو و، تەزووی سارد بە گیانمدا هات. پرسیم:

ـ سەبەب؟

بەدەم گریانەوە وتی:

ـ لەبەر ئەوەی سەرپۆشم کردووە...

ئەو دوو وشەیە وەك بۆمبێك لە سەری مندا تەقینەوە. بەجارێك بیرمیان پارچە پارچە کرد. نەمزانی چی بڵێم. بەتەواوەتی خەیاڵ و ئاواتەکانم شکان. دەتوت لەپڕێکدا ئەو ژوورەی کە تێیدابووین بوو بە چاڵێك لە ئاگر و مەدینەش تێیدا پەلەقاژەیەتی. بینینی گریان و ناڵەی ئەو ئازارێك بوو بەشی ئەوەی دەکرد ڕۆحم لە لاشەم جوێ بکاتەوە. ئەوەندە لە خۆمدا ونبووم کە لە هەمبەر نرکە و نووزەی ئەوەوە نەمدەتوانی وشەیەك بڵێم. هاواری دەکرد و، دەیوت:

ـ من بە داپۆشینی قژم زەرەرم بۆ کێ هەیە؟ بالاپۆشی من فەرمانێکە لای خواوە بۆم هاتووە. هەرگیز نیشانە و پەیامێکی سیاسی نییە. بۆچی ئەم دوو شتە جیاوازە تێکەڵاو دەکەن؟ بۆچی بەرگێکی سیاسی بە بەری سەرپۆشێکی سادە و ساکار دەبڕن؟ قەت ناتوانم لەم لۆجیکە تێبگەم. بۆچی بالاپۆشی سەرپێچی بێت لە نیشتمان و نەتەوە؟ بۆچی نایانەوێت لەمە تێبگەن؟

سەرپۆش کردن، خۆجیاکردنەوە و جوداخوازیش نییە. لە نێوان نزیکترین هاوڕێکانمدا هەیانە بالآپۆش نین. هیچ کێشەیەکیشمان لەگەڵ یەکتردا نییە .

ئەمڕۆ بە بەرچاوی خۆمەوە کچێکیان کردە ژوورەوە جلی کورت و تەسکی پۆشیبوو، کەچی ڕێگرییان کرد لە من و ئەوانەی وەك من وابوون. باشە، جلوبەرگی ئەو کچە لەگەڵ چ کلتور و چ داب و نەریتێکمان گونجاوە، یان خزمەت بە کام ئامانج لە ئامانجەکانی سیستەمی خوێندن دەکات و، جلەکانی من پێچەوانەیە و زیان دەدات؟! جلوبەرگی من جلی پێشینان و ئەو مرۆڤانەیە کە شانازییان پێوە دەکەین... نازانم چۆن لەمە تێبگەم؟

ئەمە بە زۆر دوژمنایەتی خستە ناو خەڵك و كۆمەڵگەیە، بە ئامانجی ئەوەی خەڵکی بکرێن بە دەستە و تاقمی جیاوازەوە پاشان بدرێن بە یەکدا .

ئاخر بۆچی ئەم هەڵەیەمان بەرامبەر دەکەن؟ بۆچی ئەوەندە لەو سەرپۆشە دەترسن؟ ئەگەر یەکێك هەبێت بالآپۆشی بۆ مەبەستی خراپ بەکاربهێنێت، دەوڵەت دەزگای زانیاری کۆکردنەوە و پاراستنی ئاسایشی هەیە، بفەرموون ئاشکرایان بکەن، ئێمەش یارمەتیدەریان دەبین. بەڵام واز لەو کەسانە بهێنن کە ئیمانی ناو دڵیان فەرمانی خۆداپۆشینی بۆ دەرکردوون و لەپێناو ئارامی دەروونی خۆیان و بەهای کلتووریدا بالآپۆشن.

ئەوەندە کاری لە مەدینە کردبوو نە هاوار و فەریادی دەنیشتەوە و نە کوڵی دڵی هێوردەبووەوە. بیرم نایەت هیچ ڕووداوێك هێندە شێلابێتی. تەنانەت ئەو کاتانەی کە پێکەوە دەیانبردین بۆ ئەوەی بمانکوژن، ئەوەندە نەڕووخابوو.

چەندین ڕۆژ بەم کارەساتە تاساین. چەندین ڕۆژ باسمان کرد و بیرمان لە ڕێگەچارەیەك کردەوە. بەڵام نەبوو و نەبوو. مەدینەی هەژاریش بوو بە قوربانی ستەمێکی قێزەون وەك هەزاران کچی بێتاوانی تر. دڵ پڕ خەفەت و چاو بە گریان ...

## ناچاربوو واز لە خوێندن بهێنێت

مەدینە ئەوەندە پارێزکار و پابەندبوو بە خوای خۆیەوە ڕازی نەبوو بەوەی سەری ڕووت بکات یان بە قژی دەستکرد قژی بشارێتەوە. دەمانزانی کە هەندێك بە ناچاری لە نێوان دوو شەڕدا دەبوو ئەوەیان هەڵبژێرن کە ئەهوەنترە و، ناچاربوون بۆ ئەوەی داهاتوویان نەفەوتێت و، لە دوارۆژدا ببن بە مایەی خێری گەورەتر، باروکە لە قژیان ببەستن. مەدینە بەمەش ڕازی نەبوو. من ویستم قەناعەتی پێبکەم. چەندین جار پێم وت کە بەناچاری ساڵانی زانکۆ باروکە لەسەرکات و دواتر دەتوانێت لە نەخۆشخانەی ئەهلیدا خۆی دابپۆشێت. لەم ڕێیەوە دەتوانێت ببێت بە هۆکار بۆ چەندەها خێری گەورەتر. بەڵام ئەو سووربوو لەسەر بڕیارەکەی و، وتی:

- نەخێر. لەوانەیە ئەوە بۆ هەندێك ڕێگەچارەبێت. لەوانەیە بۆ هەندێك بەڕاستی ناچارین و هەڵبژاردنێکی تریان نەبێت. من هیچ جۆرە ناکۆکییەکم لەگەڵ ئەوانەدا نییە. خۆی لە خۆیدا ئەگەر ڕێی تریان هەبووایە قژیان ڕووت نەدەکرد. وەلێ من ناتوانم ئەوە بکەم. دوای ئەو هەموو نیعمەت و ڕێزلێنانە تایبەتییە خواییانە ناتوانم زیان لە هەست و نەستم بدەم. پشتگیری ئەوانە دەکەم کە ناچارن لە نێوان دوو شەڕدا ئەهوەنەکەیان هەڵبژێرن و هەمیشە دوعایان بۆ دەکەم. خوا پشت و پەنایان بێت. بەڵام من هەرگیز ناتوانم ئەوە بکەم.

بڕیاری یەکجاری دابوو.

جۆش و خرۆش و دڵتەپێی و ترسی تاقیکردنەوە کە بەدرێژایی ساڵێك هەموو ڕۆژێك و هەموو شەوێك، هەموو سەعاتێك و تەنانەت هەموو ساتێك ژیانی لە مەدینە تاڵ کردبوو، بەکۆتا گەیشت. هەموو خولیا و ئاواتەکانیشی سەبارەت بە خوێندن گەیشتن بە پایان. بەڵام هێشتا تاقیکردنەوەی سەختی ژیانی ئێمە و بگرە و بەردەکانی تەواو نەبووبوون. بەجۆرێك یەکێکیان تەواو نەدەبوو کە ئەوی دی دەستی پێدەکرد.

ڕۆژێکیان لەگەڵ مەدینەدا وەك ڕۆژانی تر چووین بۆ پارك بۆ جێگای هەمیشەیی خۆمان. منی جێهێشت و خۆی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای چەند کچێك کە وانەی ئیمانی پێدەوتنەوە. منیش کەوتمە سەر ئەو کارەی کە هەموو ڕۆژێك دەمکرد. هەوڵم دەدا کتێب بەو کەسانە بفرۆشم کە هاتوچۆی پارکەکەیان دەکرد، بەتایبەتی گەنجان.

# بەشی دەیەم

## ڕابردووم بەرۆکی بەرنەدەدام

کابرایەکی باڵامناوەندی لێم نزیك بووەوە و، وتی:

ـ خوا قوەتت بدات ئامۆزا!

وتم سوپاس و لەو ساتەدا چاومان بەیەکدا هەڵتەقی.

لە ڕوخساریدا نهێنییەك هەبوو کە لێی تێنەدەگەیشتم. هەستم بە هەوڵێکی شەیتانانە دەکرد بۆیە ترسێکی سەیر خۆی خزاندە دڵم. بە لاقرتێوە وتی:

ـ ئەم کتێبانەی دەیفرۆشیت هەمووی دینین برالە. کتێبی عەشق و مەشقت نییە؟ ئەم سووکایەتییەم زۆر پێناخۆشبوو. کابرا نیەتی کتێب کڕین نەبوو، بەڵکو بەئاشکرا دەیویست پێم ڕابوێرێت. بەڵام من دیسانیش ویستم خۆڕاگریم. وتم: برای بەڕێزم، لەوانەیە تۆ پێش خوێندنەوەی کتێبەکان بڕیارت دابێت. لەم کتێبانەدا خۆشەویستی و پەیوەندی خێزانی

و ڕووداوەکـان هـەموویان ڕاسـتەقینەن. دڵنیـام ئەگـەر بیخوێنیتـەوە زۆر بەدڵت دەبن.

لێم نزیك بووەوە و، وتی:

ـ ئاوا؟

یەك دوو خولەك لە بەردەممدا خۆی خڵەفاند. پاشان بەهێواشی چووە دواوەم و لەپڕ ئازارێکی تیژم لە پشتمدا هەست پێکرد. پـێش ئـەوەی بـە خۆم و عەرەبانەکەمەوە ئاوڕ بۆ دواوە بدەمەوە، بەلای چاو بینیم پیاوەکە هەڵهات. بەڵام ئازارەکە لە ساتێکی کەمدا بـە گشـت لاشـەمدا بڵاوبـووەوە. هەموو گیانم وشك بوو. ئەو بڵێسەیەی لە پشتم بەرزدەبووەوە گەیشـت بـە مێشـکم. هۆشـم وەسـتا و لــە چـەند چرکەیەکدا تلێربوومـەوە بـۆ نـاو تاریکییـەکی نادیـار. لـە دوایـین سـاتدا بـیرم دێـت لـە دڵـی خۆمـدا وتم: "لەوانەیە ئەمە مردن بێت، با شایەتومان بێـنم". ئـیتر دوای ئـەوە هیچـی ترم بیرنایەت.

دیسان چاوم لە نەخۆشخانە کردەوە. کەسـانێکی زۆری نەناسـراو لـە دەوروبـەرم بـوون. هـەمووی بـە مەراقـەوە چـاویان لـیٚ دەکـردم، وەلیٚ مەدینەکەم لەناویاندا نەبوو. هەوڵم دەدا بزانم داخۆ دنیایە یان دوارۆژ.

پزیشکێکی لاو هات بۆ لام و، وتی:

ـ کەفارەتت بێت کاکە. ماشەڵڵا باش ڕزگارت بووە. پێویست بە تـرس ناکات. بە سەرسووڕمانەوە پرسیم:

ـ چیم بەسەر هاتووە؟ کیٚ هێناومی بۆ ئێرە؟

لامەوە دانیشت و دەستی نایە سەر شانم:

- سەیرکە کاکە، لە ژیاندا پیاو دۆستی هەیە و دوژمنیش. دیارە تۆ بەم حاڵەشتەوە هێشتا دوژمنت هەیە. سەری داخست، نەیزانی چۆن بەردەوام بێت. پاشان پچڕ پچڕ دەستی کرد بە قسە:

- دوو گەنج تۆیان بە بوورراوەیی لە ناو پارکێکدا دۆزیوەتەوە. کاتێك هێنایانیت حاڵت مەترسیداربوو، وەلێ جەستەت خۆی ڕاگرت. پاشان بەشێوەیەك کە ئێمە چاوەڕێمان نەدەکرد چاوەکانت هەڵهێنا.

- باشە چی بەسەر من هاتووە؟

- ئێمەش دەمانەوێت ئەوە بزانین. ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە ژەهرێکی کاریگەریان کردووەتە جەستەتەوە. لە خواییەوە دڵت باش بەرگەی گرتووە. بەگشتی ئەو جۆرە ژەهرانە زوو مرۆڤ دەکوژن.

- بەڵێ. بە شریقەیەك ژەهریان لێدام. بیرم دێت پشتم وەك بسووتێتەوە وابوو.

- ڕاستە، زانیویشیانە بیدەن لە کوێ. بەهەرحاڵ، خوا شیفات بدات. سەرەتا ئێمەت ترساند، وەلێ دواتر موعجیزەیەکمان بە چاوی خۆمان بینی. دیارە خوای گەورە تۆی جارێکیتر بەخشیوەتەوە بە خۆشەویستانت...

## بوو بووم بە پارچە گۆشتێکی زیندوو

هێندە بەئاسانی ئەو کارەساتەم بەسەردا تێنەپەڕی. خۆم لە خۆمدا کەمئەندام بووم و لە ناوکم بەرەوخوار ئیفلیج بوو. بە کاریگەری ژەهرەکە

قۆڵی ڕاستیشم وشك بووبوو. قۆڵی چەپیشم بەزۆر جووڵە پێدەکرد. واتە تەرمێکی زیندووی یەك قۆڵ بووم. تەنانەت بەم حاڵەشمەوە چڕنووکی خوێناوی ڕابردوو یەخەی بەرنەدەدام. دوعام دەکرد و، دەموت: " ئەی خوای میهرەبان! کەواتە گوناهەکانم ئەوەندە زۆر و گران و چەپەڵن کە ئەم هەموو بەڵا و کارەساتە یەك لەدوای یەکانە ناتوانن بمشۆنەوە و پاکم بکەنەوە. کەوایە تاقیکردنەوەی ژیان زۆر لەوە سەختتر و گرانترە وەك لەوەی چاوەڕێم دەکرد ."

بە تەلەفون مەدینەیان ئاگادارکردەوە. کاتێك منی لە پارکەکەدا نەدیوەتەوە کەوتووەتە پەلەقاژە. خێرا هات بۆ لام و وەك هەمیشە لە ترسی ئەوەی من شتێکم لێ هاتبێت گیانی وەك شەقشەقە دەلەرزی.

بەڕاستی من ژیانی هاوبەشم لەگەڵ کچێکی بێوینە پێکهێنابوو کە لە دنیادا هاوشێوەی نەبوو. جارێکی تریش ئەمەم بەجوانی بۆ ڕوونبووەوە. سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕێم لە کچێکی خۆرهەڵاتی کەوت کە بێجگە لە ئیمان و خۆشەویستی هیچی تری لە دڵدا نەبوو. من لە دڵی ئەودا ژیانێکی هەمیشەییم دیتبووەوە کە وەکو دەرمانێکی جادوویی هەموو ژیانی شیرین دەکرد.

تەمەنێکی پڕ ئازار و ئەشکەنجە، بەقوربانیبوونی لاوێتی لەڕێی هەڵە و چەوتدا، خەم و خەفەتی نەدەدامێ. کاتێك من لە تەنیشتمەوە کەسێکی وا هەیە کە خۆشیدەوێم، ئیتر چ مافی سکاڵا و ناڕازیبوونم هەیە؟ لە ڕێی

سەخت و تەماویی و ناخۆشیی ژیاندا، ئەوبوو تەنها سەرمایە و سەرچاوەی هیوا و دەوڵەمەندیم.

داوام دەکرد کە خوای گەورە لە تەمەنی من هەڵبگرێت و بیخاتە سەر تەمەنی ئەو. ئەو ئازارەی بۆ ئەو دێت بە نسیبی من بێت و ئەو دوعایانەی بۆ ئەوی دەکەم خوا لێمی قبوڵ بکات.

هێشتا لە کاریگەری ئەم ڕووداوەی بەسەرمان هات ڕزگارمان نەبووبوو، کاتێك سەرلەنوێ ڕەشەبای ژیان لە شوێنێکی ترەوە هەڵی کرد و شڕ و شیتاڵی هەڵگرتین. وەلێ ئەم جارە زۆر جیاواز هەڵیکرد. ڕووداوێکی نهێنی و ڕازئامێزبوو کە ژیریمان لە شیکارکردنیدا دەستەوسان بوو.

ئای خوایە گیان!

ئەو ڕۆژە وەك هەموو ڕۆژێکی تر مەدینە منی لە پارکەکە دانا. خۆیشی بە مەبەستی کڕینی خواردن پەڕیەوە ئەوبەری شەقامەکە.

پاش چەند چرکەیەك دەنگی توندی ئیستۆپ هات و بەدوایدا قیژە و هات وهاوار...

کسپەیەك بە دڵمدا هات. بەترس و سەرسامییەوە چاوم لە پەنجا مەتر ئەولاتر بڕیبوو. قەرەباڵغی، ڕاکەڕاك و ئەمبولانس... لەبەر قەرەباڵغی نەمدەزانی چی ڕووی داوە، وەلێ دیاربوو کە سەیارە لە یەکێکی داوە .

پۆلیس خێرا بەو ناوەدا بڵاوبووەوە .

چونکە مەدینە هێشتا نەهاتبووەوە نەمدەزانی چی ڕووی داوە .

بەداخەوە زۆری نەبرد ئەو هەواڵە جەرگبڕە گەیشت. گەیشت و دنیای کەمئەندامی منی شێواند.

کەوایە کسپەی دڵ و بڵێسەی ناخم لە خۆڕایی نەبووە.

ئەو کەسەی سەیارە لێی داوە هەناسەی ژیان و تاقە ئومێدم: مەدینەکەم بووە.. کاتێك هەواڵەکەیان پێگەیاندم هەستم کرد ڕۆحم لە جەستەم جوێ دەبێتەوە. سوێند بەخوا ئەگەر بیانوتایە: "وەرە، بۆ سێدارەت دەبەین"، ئەم هەواڵە لە چاو ئەو خەبەرەی پێیان دام هیچ نەبوو. ئەگەر شتێك بەسەر ئەو بێت تەنها مانای ئەوە نییە کە من دەمرم، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەحروم بوونی سەدان گەنج بوو کە موحتاجی خزمەت و میهرەبانی و خۆشەویستی ئەون و، وانەی ئیمانی و قورئانییان لا دەخوێنند. کاتێك بیرم لەمە دەکردەوە وشك دەبووم و لە خەفەتدا لێوەکانم دەگەست. ئەو دەمەی مەدینەکەم چاوەڕێی پەڕینەوەی کردووە لە ترافیك لایتدا، منداڵێکی پێنج ساڵان بۆ سەیرکردنی ئەملاولا پەڕیوەتەوە. مەدینەش بۆ ڕزگارکردنی شوێنی کەوتووە. قۆڵی منداڵەی گرتووە، وەلێ سەیارەیەکی خێرا تایەکانی پێشەوە و دواوەی لای ڕاستی، قاچە ساغەکەی شێلاوە ... خێزانی منداڵەکە بەپەلە هاتوونەتە سەری. خێرا فڕاندوویانە بۆ نەخۆشخانە. بەدوایدا منیشیان برد .

مەدینەکەم دوو مانگ لە نەخۆشخانە کەوت و دوو نەشتەرگەری بۆ کرا. پاشان گەڕاینەوە بۆماڵەوە، وەلێ هەردووکمان پێویستمان بە چاودێری هەبوو. سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هەموو دەرگاکان بەڕووی

بەندەکانیدا داناخات. هەمیشە دەرگایەکی هیوا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە و هەردەم ڕێیەك نیشانی بەندەکانی دەدات. ئەوەی ئێمەش هەروابوو. ئەو کاتەی ئێمە وامانزانی زستان باڵی بەسەرماندا کێشاوە، لە دوورەوە تروسکایی بەهارێکی نوێ بینرا.

ئەم ڕووداوە نیشانی داین کە هەموو نەخۆشی و کارەساتێك ڕوویەکی ناشیرینی دیاری هەیە، بەڵام ڕوویەکی نادیاری شیرینیشی هەیە...

خوای گەورە لە هەندێك بەڵادا خۆشی و لە هەندێك خۆشیدا بەڵای حەشارداوە. لەم ڕووداوەدا کە ژیانمانی سەروژێرکرد هەردوو ڕووی جوان و ناشیرینمان بینی. چەشنی ئەو کارە قورسانەی کە دیاری بەنرخیان لە بەرامبەردا دەدرێت، یان وەکو سەرکەوتن لە دوای تاقیکردنەوەی سەخت و ماندووکەر.

خێزانی ئەو منداڵەی کە مەدینەکەم ڕزگاری کرد بۆ ساتێك بە تەنها جێیان نەهێشتین. بۆمان دەرکەوت کە خوای گەورە بە قەڵەمی قەدەر نەخشاندوویەتی کە ئەم ڕووداوە ببێت بەهۆی یەکترناسین و پەیوەستبوونی دڵمان پێکەوە .

ئەو خێزانە دانیشتووی هەندەران بوون و بۆ پشوویەك گەڕابوونەوە بۆ وڵات... دوای پازدە ساڵ هاوسەرگیری و پاش چارەسەرێکی دوور و درێژ کوڕێکیان بووە. بۆیە منداڵێکی زۆر خۆشەویست و نازداربووە بەلایانەوە. لەبەر ئەمە ئەوەندە منەتبار و قەرزاری مەدینەبوون بۆ ساتێك بەجێیان نەهێشتین .

# بەشی یازدەهەم

## کۆتایی نەهامەتی

هاتن بۆ ماڵمان بۆ سەردان و گوێیان لە سەربوردەی ژیانمان گرت و زۆر کاری لێکردن. ئایسون خان لە سایەی هاوڕێیەتی و وانەکانی مەدینەکەمدا بەگەرموگوڕی دەستی کرد بە نوێژکردن. لەگەڵ مەدینەدا ئەوەندە یەکتریان خۆشدەویست و پەیوەست بووبوون لەیەکتر جیانەدەبوونەوە. کاک هاروونیش زۆر پیاوێکی باش بوو. کەسێکی دەوڵەمەند و دارا بوو. جگە لەوەش بازرگانێك بوو لە دەرەوەی وڵاتەوە کەلوپەلی بازرگانی دەهێنا.

ئەو خێزانە نەیاندەویست وازمان لێبهێنن. ویستیان بمانبەن بۆ هەندەران بە مەبەستی چارەسەرکردنی من و خوێندنی زانکۆی مەدینە. پاش گفتوگۆیەکی زۆر ڕازی بووین، بەڵام بەو شەرتەی کە دواتر وردە وردە پارەکەیان بدەینەوە.

ئـەوان گەڕانـەوە بـۆ دەرەوەی وڵات. کاروبـارە فەرمییـەکان چـەند مانگێکی پێچوو. پـاش ئـەوە ئێمـەش چـووین. بـەم شـێوەیە لاپەڕەیـەکی نوێی ژیـان لەڕوومانـدا کرایـەوە، بـەجۆرێك کـە بـە خەیاڵمانـدا نـەهاتبوو و حسابمان بۆ نەکردبوو. ئەمەش لەدوای ڕووداوێکی ناخۆش.

من لە چارەسەری خۆم زیاتر حەزمـدەکرد مەدینـە بخوێنێـت. بـاوەڕم وابوو بە هەوڵ و خۆڕاگرییەکەی دەتوانێت سەرکەوتووبێت .

ئەو خێزانە باشە بە هەموو جۆرێك خزمەتیان دەکردین. یەکـەم هـۆی ئەمـە ئـەوەبوو کـە مەدینـە منداڵەکـەیانی ڕزگـارکردبوو، دووهـەم هـۆش ئـەوەبوو کـە دیسـان بـەهۆی مەدینـەوە ئاڕاسـتەی ژیانیـان گۆڕابـوو بـۆ ژیانێکی مەعنەوی جوان و ڕەنگین.

مەدینـە بـۆ بـەهێزکردنی زمـانی بیـانی سـاڵێك کۆرسـی ئامادەکـاری خوێند. پاشان دەستی کرد بە خوێنـدن. ئەگـەر هـەموو شـتێك وەك خـۆی بچووایەتە پێش، بڕیار وابوو لە بواری ڕاگەیاندنـدا بخوێنێـت. چارەسـەریی منـیش بـەردەوام بـوو، وەلێ چـاوەڕوانی گـۆڕانێکی زۆری لـێ نـەدەکرا. نەمدەتوانی قۆڵ و دەستی ڕاستم بجووڵێنم. دەبـوو ڕابـێم بـەوەی کـە بـە یەك دەستەوە بژیم.

## ژیانی تاراوگەی مەدینەم

مەدینە لە لایەك بە هـەموو توانـای دەیخوێنـد و لـە لایـەکی تریشـەوە بوویـوو بـە نموونەیـەکی جـوان بـۆ موسـوڵمانێتی و بـاوەڕداری. شـەممان وانـەی قورئـان و پەیامـەکانی نـووری دەوتـەوە و یـەك شـەممانیش وانـەی

گەشەپێدانی مرۆیی و چۆنێتی سەرکەوتنی بە کچانی لاو دەگوتەوە.
خزمەتی ئیمانی مەدینە زۆر فراوان بوو، سەدان کەسی تینوو بە ڕاستییەکانی ئیمان و قورئان لەدەوری گردبوونەوە. مەدینەش بۆ ئەوەی بزانێت ماندووبوون چییە، تادەهات هەوڵی زیاتری دەدا.

حاڵی ئەو هاونیشتیمانیانەی کە لە دەرەوەی وڵات لەدایك بووبوون و گەورەبوون، بەڕاستی شایانی ئەوەبوو مرۆڤ دڵی بۆیان بسووتێت. گەورەترین حەسرەتی دایکان و باوکانی ئەوێ ئەوەبوو کە ڕۆڵەکانیان ژیانێك دەژین دوور لە دین و زمان و وڵات و کلتووری خۆیان. شتێك نەبوو بەناوی ئارامی و ئاسوودەیی لەنێو خێزاندا، چونکە منداڵەکان وەکو بیانییەکان پەروەردە دەبوون و بە تێپەڕبوونی کات دوور دەکەوتنەوە. لەبەر ئەمە خزمەتی ئیمانی مەدینە ببووبوو بە مایەی هیوا بۆ چەندین دایك و باوك. لە ماوەیەکی کورتی وەکو چەند مانگێکدا نزیکەی سەدان کچ لە دەوری مەدینەکەم خڕبووبوونەوە و جیهانێکی تازەی ئیمانی و مەعنەوییان دۆزیبووەوە .

## وتەی گاورێك

دوو ئافرەتی گاور کە پیشەیان مامۆستایەتی بوو، پەرۆش بوون بزانن چۆن کچانی موسوڵمان دەتوانن ژیانێکی ڕێکوپێك و سەقامگیر بژین. مەدینەیان ناسیبوو و دۆستایەتییان لەگەڵ بەستبوو. زۆری نەبرد مژدەی موسوڵمانبوونی ئەم دوو خانمە هەموومانی دڵخۆش کرد. یەکێکیان وتەیەکی وت کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە:

ـ مەدینەخان، ئێوە دەزانن قورئانی پیرۆز و تەفسیرەکەی کە لەبەر دەستتانداندان، چەند گرنگ و کاریگەرن؟ مادەم ئەم پەڕاوانە ئەوەندە بەسوودن، بۆچی بە دنیای ڕاناگەیەنن و بیر لە ڕزگارکردنی ملیۆنان گەنج ناکەنەوە کە ژیانیان لە باری دەروونی شێواودا دەگوزەرێنن؟ بۆچی حکومەتەکانی ئێوە بیر لە وەها کارێك ناکەنەوە؟ ئەگەر ئەو کتێبانە لە دەستی حکومەتی ئێمەدابووایە وەریاندەگێڕایە سەر هەموو زمانەکانی دنیا و لە قوتابخانەکاندا بە وانە دەیانوتەوە. کەچی ئێوە بە پەنجا شەست کچەوە خۆتان خەریك کردووە. نەك تەنها مشتێك مرۆڤ، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی پێویستی بەم ڕاستییانە هەیە... ئەگەر ئێوە نەیانگەیەنن بە هەموو کەسێك، چۆن وەڵامی خوا دەدەنەوە؟

## میوانیەکی مەعنەوی

ڕۆژێکی یەك شەممەبوو. مەدینە لەگەڵ کچاندا وانەی چۆنێتی سەرکەوتن و پەرەپێدانی مرۆیی هەبوو. من لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێم لە وتەکانی بوو و سوودی زۆرم لێ وەرگرت. وانەکە بە شێوەی گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام بوو. ئەم کچانەی کە دوور لە نیشتمان پەروەردە بووبوون هێندە گرنگییان بەم کەش و هەوا مەعنەوییە دەدا، بەدڵ و بە گیان گوێیان دەگرت. یەکێك لە کچەکان ئەم پرسیارەی کرد:

ـ مەدینەخان، تۆ هەمیشە باسی گرنگی کتێب خوێندنەوە دەکەیت، بەڵام من بە دڵ حەزی لێناکەم. ئەو کتێبەش کە بە زۆر دەستی پێدەکەم

ناتوانم تەواوی بکەم. دەبێت چی بکرێت بۆ خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێك و بەردەوام؟

ئەم پرسیارە تەنها گرفتی ئەو کچە نەبوو. لەم سەردەمەدا کە کلتوری مۆدێرن باڵادەستە، بەداخەوە گەورەترین کێشەی زۆربەی گەنجان ئەمەیە. چونکە کەمترین شتێك کە بیکەین کتێب خوێندنەوەیە .

مەدینە دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە:

ـ توبا گیان، تەنها تۆ نیت کە ئەم کێشەیەت هەیە. ئەمڕۆ کەسانێکی زۆر سکاڵا لە دەست ئەمە دەکەن. هەندێکیش دەڵێن لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیانەوێت دەست پێبکەن، بەڵام هەرچەند دەکەن سەرکەوتوو نابن، یان ناتوانن ئەوە تەواوبکەن کە دەستیان داوەتێ. واتە خووی خوێندنەوەی بەردەوام لەلایان دروست نابێت.

کاتێك یەکێك دەیەوێت بخوێنێتەوە و ناتوانێت، ئەمە لە سنووردارێی بەهرە و تواناکانیەوە نییە، بەڵکو لە نەزانینی چۆنێتی بەکارهێنانیانەوەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە خوێندنەوە خۆراکی گیانە. چەند زیاتر و ڕێکوپێکتر کتێب بخوێنرێتەوە، مرۆڤ ئەوەندە هەلی ناسین و دۆزینەوەی خۆی دەبێت.

پەرەپێدانی خوێندنەوە وەك هەر بەهرەیەکی تر پێویستی بە ئارامگری و بەردەوامی هەیە. خوێنەر بە لەبەرچاوگرتنی چەند بنەمایەك و هەوڵی چڕوپڕ، دەتوانێت ئەم توانایەی بەرەوپێش ببات بۆ ئەوەی پێویستی بە کەسانی تربێت.

خوێندنـەوەی شـپرزەو هەرەمـەکی ئـەو تینوێتییـەمان بـە زانسـت ناشکێنێت، بۆیـە هـەروەك هـەموو بوارەکـانی تـری ژیـان بـۆ خوێندنـەوەو تێگەیشـتن پێویسـتمان بـە پـلان و پرۆگـرام دەبێـت. بـۆ بـەخووکردنی خوێندنـەوەو وەرگرتنـی باشـترین زانیـاری لـەو بابەتـەی دەیخوێنینـەوە دەبێت کۆمەڵێ یاساو پرەنسیب لەبەرچاو بگیرێن و جێبەجێ بکرێن.

بۆئەوەی خوێندنەوە ببێتە بەشێك لـە ئاکارمـان و لەسـەری بـەردەوام بین پێویسـتە هەنـدێ خـاڵ رەچـاو بکرێـت. ئێـوە بـەمجۆرە لـە بابەتەکـە بڕوانن:

ئادەی بەراوردێك بکەن لەنێوان رۆڵە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئـەو کەسانەی لەم سەردەمەدا کەم دەخوێننـەوەو ئەوانـەی زۆر دەخوێننـەوە.

بـیر لەوشتە پـۆزەتیڤ و باشـانە بکەنـەوە کـە خوێندنـەوە وەك ئیمتیـاز بەئێوەی دەبەخشێت. فەرامۆشی مەکەن کە کتێب خوێندنـەوە زۆر کێشـە چارەسـەر دەکـات، ئاسـودەیی سـایکۆلۆجی و دەروونیمـان بـۆ دێنێـت، دەبێتـە نـزیکترین و راسـتگۆترین هـاوڕێ و دۆسـت، ناهێڵێـت چـرکەو خولەکانی تەمەنمان بەهەدەر بڕوات.

لە پەرتووکێکەوە دەست بە موتالا بکـەن کـە بابـەت و ناوەرۆکەکـەی سـەرنجتان رادەکێشـێت، بـا حـەزو ئـارەزووی خوێندنـەوەتان زینـدوو ببێتەوە.

کتێب خوێندنەوە ببەستنەوە بە پـلان و بەرنامەیەکـەوە. بـۆ نموونـە رۆژانە ئەوەندە پەڕە لە فلانە کاتژمێردا، یاخود لە کۆتـایی هەفتـەدا، بـەو

جۆرەو... هتد. جگە لەوەش بۆ خۆتان لە پلانەکەدا ئامانجێکی وەك "لەهەفتەیەکدا یاخود لە مانگێکدا ئەوەندە کتێب دەخوێنمەوە" بۆ خۆتان دیاری بکەن.

هەموو تاکێکی کۆمەڵگاو بەتایبەتیش خوێندکار پێویستە نەریتی کتێبخوێندنەوە لەخۆیدا جێگیر بکات. چونکە لەم سەردەمەدا کە زانست و تەکنەلۆجیا زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، مەحاڵە ڕێگایەکی تر هەبێت بۆ سەرکەوتن.

## پرسیارەکان زۆر جوانتر بوون

کچێك بەناوی یاسەمین پرسیارێکی زۆر جوانتری کرد.

– دادە مەدینە، کێشەی من جیاوازترە. من زوو تووڕە دەبم. دایکم و باوکم و هاوڕێکانم زوو دەڕەنجێنم. کاردانەوەکانم ڕەق و پەلەن. لەپاشانیش ناڕەحەت دەبم بەو کارەم. بۆ ئەمە دەبێت چی بکەم؟!

– یاسەمین، هەموومان دەزانین تووڕەیی هەڵسوکەوتێکە کە مایەی "ناڕەحەتی دەروونی"یە بۆ خاوەنەکەی و ئەو کەسانەشی کە لە پەیوەندی دان لەگەڵی.

کەسی ئاسایی، لە کات و شوێنی خۆیدا توڕە دەبێت. بێگومان ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك مرۆڤ کە توڕە دەبن بەسەر خۆیاندا زاڵ نابن و دەست ناپارێزن. بەمەیش کۆنترۆڵی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەو کەسانەی کە لە منداڵییاندا نەژیاون و لەژێر فشاری ویستی دایك و باوك لەخێزانەکەیانداو مامۆستاو کۆمەڵگەشدا

گەورەبوون، لە داهاتوودا هەڵەشەو کێشاوی دەردەچن. لەبەرامبەر کەسانی تردا کەم بەرگەدەگرن و هەڵسوکەوتی نەشیاو دەنوێنن. ئەو کەسانەیش کە لەژێر فەرمانی پەستێنەری کەسانی گەورەتردا ئاڕاستە دەکرێن، دەبنە مایەی ناڕەحەتیو بێزاری بۆ ئەوانی تریش.

هەندێك جار ئەو کلتورەی پێوەی وابەستەین، زۆرمان لێدەکات بۆ ڕق دەربڕین و توڕەبوون. لە هەندێك کاتدا ناچاردەبین باوەڕمان بە توڕەبوون هەبێت، بێگومان بە تێپەڕبوونی کات ئەم هەڵسوکەوتە ڕقاویانە لەدەروونماندا درزی گەورە دروست دەکەن، ئیتر خەریك دەبین بەوەی لەخۆمان دووربکەوینەوە. لەدوای ئەمەوە لە خۆمان دڵنیانابین، ناچار بە ژیانێکی گۆشەگیرو خۆپارێز یاخود پێچەوانەکەی پەلاماردەر و هەڵەشە دەبین.

لەوانەیە زۆر تووڕەبوون هێمایەك بێت بۆ دەستپێکی کێشەو بەڵای تر لەژیانماندا و بەردەوامی بدات بە هەڵسوکەوتی ڕقاویی ڕابردووەوە و زیاتر فێری توڕەبوونمان بکات.

هەمووومان ئەوە دەزانین کە ڕق لێ بوونەوە هیچ کات لە وەستان و باری ئاساییدا نایەت. هەرچۆن بێت دەبێت هۆکارێك هەبێت، کە ئەو توڕەییە دروستبکات.

پێویستە ئەوە لەبیرنەکەین تووڕەبوون هەستێکە وەکو هەموو هەستەکانی تر دەتوانرێت لەژێر کۆنترۆڵدا بێت. وتەیەکی جوان هەیە کە

دەڵێت: "ئەو کەسەی بتوانێت بەر بە تورەیی یەك خولەکیی لەژێر فشاردا بگرێت، دەتوانێت پێش بە نارەحەتی یەك رۆژی بگرێت".

تەنانەت تورەبوونی ساتێکی کەم، رەنگە ببێتە هۆکاری تەمەنێك لە ئازارکێشان.

میکانیزمی پەرەسەندنی تورەبوون بەم جۆرەیە:

لەژێر مێشکەوە گورزەیەك لە خانەی تورەیی هەیە بە ناوی (هایپۆثەلەمەس). هایپۆثەلەمەس مەرکەزی ئاراستەکردنی هەستەکانمانە. ئەرکەکەشی ناردنی هەستەکانە بۆ بەشی پێشەوەی مێشك، بۆ گەرانەوەی کاردانەوە لەلایەن مێشکەوە. هایپۆثەلەمەس مەرکەزی هەستەکان و مێشکیش مەرکەزی بریاردانە.

ئەگەر هاتوو کەسێك سووکایەتی پێ کردین و ئێمەیش توورە بووین ئەوا سەرەتا ئاگاداری بە هایپۆثەلەمەس دەگات. ئەگەر لەکاتی تورەییەکەدا لەو شوێنەو لەوبارەدا بمێنینەوە، رەنگە سەرەنجامەکەی خراپ بێت و تورەییەکەمان توندتر ببێت. ئەگەر ئەوەی دەمانەوێت لەو چرکەیەدا بیکەین و بیڵێین بۆ چەند چرکەیەك دوای بخەین، ئەوا بەتەواوی پەیامەکە لە هایپۆثەلەمەسەوە بە مەرکەزی مێشك دەگات. ئەگەر ئەو سوکایەتییەی رووبەرووومان بوەتەوە لە مەرکەزی مێشکدا لێکی بدەینەوە، ئەوا بریاری دروستی لەسەر دەدرێت و کێشەکە چارەسەر دەبێت.

کەواتە کەسانی توورە هەوڵ دەدەن کێشەکان لەمێشکیاندا نا، بەڵکو لە هایپۆثەلەمەسدا چارەسەر بکەن.

بەرلەوەی کاردانەوەی ڕەق بەرامبەر کەسێك بنوێنین، ئەگەر سورەتی (الإخلاص) سێجار بخوێنین، یاخود بۆ ماوەیەك تا ژمارە بیست بژمێرین، ئەوا توڕەییەکە کەم دەبێتەوەو توندی کاردانەوەکەشمان دادەمرکێتەوە.

ئەو کەسانەی لەم کاتانەدا دەتوانن بەسەر خۆیاندا زاڵ بن، لە کەشتیەوانێك دەچن لەناو دەریایەکی شەپۆلاوی و پڕگەردەلوولدا . دەبێت لەبیریشمان نەچێت کە کەشتیوانی باش بەسەر شەپۆلەکانی دەریادا زاڵ دەبێت.

لەکاتی تووڕەبوونماندا پێویستە هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە، کەسی بەرامبەر لەبەرچی ئەو سوکایەتیە یاخود ئەو هەڵسوکەوتە ڕەقەی نواند. گومانی تێدا نییە کە دەرمانی تووڕەیی، ئارامگرییە. پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە ئارامگرتن بەر بە تووڕەیی دەگرێت، توڕەبوون جگە لە زیان هیچ سوودێك ناگەیەنێت و، لەوانەیە ئەو توڕەبوونە لەجێی حەقێك بڕیار بە ناحەقییەك بدات. تەنانەت لەوکاتەی زۆرت بۆ دەهێنرێت و ناچار بە تووڕەبوون دەکرێیت، پێویستە باشترین ڕێگەی ئارام بوونەوە بگریت بە وتنی: "تۆ دەدەمە دەست خوای گەورە".

## ئەم گفتوگۆیە، بۆ من بوو

خانمێکی تر بەناوی موزەییەن، دیسان کەوتە باسی کێشەیەك کە لە دەردی ئێمە دەدوا:

– دادە، کێشەی من بیرئالۆزییمە. شت زوو لەبیردەکەم. عەقڵی خۆم بۆ کۆناکرێتەوە، مێشکم پەرتەوازەیە. لەبەرئەوە جارجارە لەگەڵ دایکم

بۆڵەمان دەبێت. چارەسەری ئەمە چییە؟! ئەگەر یارمەتی من بدەیت، ژیانم دەگۆڕێت. منیش دوعاتان بۆ دەکەم.

مەدینە لە وەڵامی ئەمەدا بە شۆخییەك دەستی بە قسەکردن کرد: " واتە ئەگەر یارمەتیت نەدەم، دوعام بۆ ناکەیت! "

لەدوای زەردەخەنەیەکی نەرم، هاتەسەر باسەکە:

– مێشك بەنرخترین هۆکاری بوونی مرۆڤە. هەموو زانیاری و واتاکانی مرۆڤ لەوێدا کۆدەکرێتەوەو دەپارێزرێت.

مێشك و بیر لە تەواوترین ئەو دیارییانەیە کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیووە. ئەمە دیارییەکی وایە کە "ئەگەر نەبێت، ئیتر ئەو مرۆڤە هیچی نییە".

گرنگی ئەم دیارییەش لەکاتی دەرکەوتنی کێشەکانی فەرامۆشی و کەمزەیندا، باشتر هەست پێدەکەین.

چەند هۆکارێکی فیزیکی و دەروونی هەیە بۆ کەمزەینیو فەرامۆشی.

پێویست ناکات باس لەوە بکەین مێشك و بیر بۆ مرۆڤ چ مانایەکیان هەیە. بەڵکو کێشەی بنەڕەتی مەسەلەی : "چۆن مێشك بەهێز دەکرێت و چۆن پێش بە لەبیرچوونەوە بگیرێت؟"ە.

بۆ ئەوەی لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا یارمەتیت بدەم، چەند پێشنیارێکت دەخەمە بەردەست. دەمەوێت بە وردی و هەستیارییەوە پەیڕەویی بکەیت:

سەرنجی ڕێکوپێکی ژیانت بدەو بە بەرنامە بژی.

خووی کارکردنی به پلان و بەرنامەداڕێژراوت پشتگوێ مەخە.

بۆ تێگەیشتن لە باسێك، تیایدا چڕبەرەوە.

بەشێوەیەکی ڕێکخراو دووبارەی بکەرەوە.

هەموو سەرنجەکانت لەسەر ئەو باسە کۆبکەرەوە کە تیایدایت.

باسێك لەگەڵ باسێکی تر تێکەڵ مەکە.

ئەو باسەی دەتەوێت بیرت بێتەوە، بە تێبینی بینووسەو جیای کەرەوە.

بۆئەوەی ناوت لەبیر نەچێتەوە، لە دەروونی خۆتدا دووبارەی بکەرەوە، یاخود بە هۆی لێکچواندن بەشتێکی تر بیرخۆتی بهێنەرەوە.

ئەو کەلوپەلەی بۆ کارێکت پێویستە، لە شوێنێك دایبنێ کە چاوت لەسەری بێت.

مەوعیدو پەیوەندیەکانت و، ئەوکارەی پێویستە ئەنجامی بدەیت، یاخود ئەو چالاکیەی دەتەوێت بەشداری تێدا بکەیت، لە دەفتەری کاری ڕۆژانەتدا تۆماری بکە. هەموو بەیانیەك چاویان پێدابخشێنەرەوە بەتایبەتی ئەوەی بە پێویستیی دەزانیت.

فەرامۆشی یاخود لەبیرکردن، بە کۆکردنەوەی زەین و کۆنترۆڵ کردنی بەردەوامی لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە و بە زانینی ئەوەی بۆچی دەژی و بە پەیڕەوکردنی ژیانێکی بە پلان، بەتەواوی کەم دەبێتەوە.

پێویسته ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە، هەندێك شت لەبیرکردنی بەهێندەی لەبیرنەکردنی گرنگە. ئەگەر مرۆڤ هیچ شتێکی لەبیرنەکردایە، ئەوا هەمیشە ڕووداوە بە ئازارەکانی ڕابردووی، ژیانی لێ دەکردە ژەهر.

کەواتە، وەك چۆن زەین لوتف و میهری خوای گەورەیە، بەو جۆرەش لەبیرکردن لوتفێکی تری ئەو زاتەیە بەسەرمانەوە. ئەم هاوسەنگییەش لێرەدا بۆ پێشگیری کردنە لە لەبیرکردن یاخود تێکەڵاوکردنی شتەکان.

**وەکو دەرمان دەهات..**

مەلەکی خوشکمان کە لە دووری چوار سەعات ڕێگەوە هەموو هەفتەیەك بۆ بەشداری کردن لە وانەکانی مەدینەدا، دەهات، هەمووکات پرسیارێکی ناو دەروونی منی ئامادەکردبوو:

– من زۆر خۆسەپێنەرو بەپەلەم. لەبەرئەوە زۆرجار شکست دەخۆم . هەندێك کات فشار لە هەموو شتێکدا دەکەم. ئەمەش لەژیاندا وا دەکات ئیتر بەرگە نەگرێت. پێشنیاری ئێوە چییە بۆم دادە مەدینە؟!

– ئای مەلەکی خوشکم. تەنانەت ئێستاش کە پرسیارەکەت کرد، پەلەو شڵەژانت پێوە دەرکەوت، بەڵام با یەکسەر پێت بڵێم: شڵەژان لە قسەکردندا ئەوەندەیش ڕەفتارێکی ترسێنەرو زۆر خراپ نییە، بەڵام ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت ڕەنگە کێشەی لێ بکەوێتەوە.

ناڕەحەتی و بەڵاو ڕووداوی لەناکاو هۆکاری فشارو شڵەژانن. هەروەها ئەو هەڵەو ئازاری ویژدان و ناڕەحەتییانەی مرۆڤ لە ڕابردوودا چەشتیویەتی

به هەمان شێوە دەبێتەهۆی دروست بوونی بێ متمانەیی و خەم خواردن بۆ داهاتوو، کە ئەمەش تەنگژەی دەروونی و فشار دروست دەکات.

لە گرنگترین هۆکارەکانی فشارو تەنگژەی دەروونی لەمڕۆماندا، گۆڕانکارییە لە فەلسەفەی ژیانی مرۆڤەکاندا و بەجێی گرنگیدانیان بە بەها مەعنەویەکان، گرنگی بە ماددیی بوون و ژیانی وجودیانە دەدەن. کەسانی پێش ئێمە پێکەوە ڕاوێژیان دەکرد، بە یارمەتی دانەوە دەژیان و قەناعەتیان بە بەشی خۆیان هەبوو، لەم سەردەمەدا تەنها پێوەر بۆ بەنرخیی مرۆڤ "دەوڵەمەندی"یە. ئەم کەسانەیش بۆ بەرزبوونەوەو بەدەست هێنانی زیاتر هەموو شتێك بۆ خۆیان بە "ڕێگەپێدراو" دەبینن، بێگومان لەکاتی تەنگ و چەڵەمەدا کەسێك نابینینەوە بۆ دەردە دڵکردن لەلایان.

بێگومان لەم بارودۆخ و حاڵانەدا فشار و گرێ دەروونیەکان زیاد دەکەن.

فشارێك ئەگەر لە پلەیەکی ئاساییدا بێت مرۆڤ دەپارێزرێت، لە ژیانی ئاساییدا، بوونی فشارێکی ئاسایی و گونجاو، مرۆڤ چالاك دەکات، دەیگرێتەوەو لەسەر پێی خۆی ڕایدەگرێت، بەڵام ئەمە دەبێت بە ڕێژەیەکی وەك پێویست بێت.

سەرەتا پێویستە ئەو کەسە خۆی بناسێت، لەخۆی تێبگات، بە مانایەکی تر خۆی بدۆزێتەوە. لە پاشان پێویست دەکات کە ڕووداوەکانی

دەوربـەری بـە دروسـتی هەڵسـەنگێنێت و لـە گۆشـەنیگایەکی فراوانـەوە بڕوانێت و شتەکان جوان ببینێت.

مرۆڤ پێویستە لەگـەڵ خـۆی و خێزانەکـەی و کۆمەڵگـەو دنیاشـدا بـە ئاشتەوایی بژی. ئەو کەسەی بە دوژمنایەتی لەگـەڵ خـۆی و دەورووبەریـدا بژی، دۆستێکی دەستگیرنابێت. بە تەنها دوژمنایەتی ناو نـاخی و ئەوانـەی دەورووبەریشی گەورەتر دەکات.

مرۆڤ نابێت بەو کەللەڕەقییەو بیر وشکییەی لە مێشکی خۆیدا دروست دەبێـت، بڕوانێتـە ئـەوانی تـریش. پێویسـتە لـە پەیوەندییەکانیـدا و لـە لێکدانەوەی ڕووداوەکاندا ئارام و هۆشیاربێت.

مرۆڤـی بەفشـارو شـڵەژاو زۆرکـات ئـەم ڕاسـتەقینەیەی پـێ پەسـەند ناکرێـت. ئـەو لـە ئـەقڵی خۆیـدا کێشـەکان گـەورەتر دەکـات. لـەناو بارقورسیەکاندا ئەوەندە گیردەخـوات کـە ئـیتر ڕاسـتیی و خەیاڵـەکانی بـۆ لەیـەك جیاناکرێتـەوە. ڕەنگـە کێشـەکانی جـددی و گـەورەبن. لەوانەیـە تووشـی شکسـت لـە هاوسـەرگیری، بێکـاری یـاخود بێپـارەیی و منـداڵی نەخۆش ببێت.

بەڵام تلانەوە بەم کێشانەوە نابێتە دەروازەی چارەسەر.

کتێب خوێندنەوە، هەوڵ دان بۆ نووسین، وەرزش کردن، پیاسـەکردن لە هەوای خاوێندا، ڕاهێنانی ڕێکخراو و پشوودان دەبنـە هـۆی کەمکردنـەوە فشارە دەروونیەکان.

بیروباوەڕی مرۆڤ لەگەڵ کاریگەریی بەهێزی ڕەوشتبەرزی و پابەندی بە بەها مەعنەوییە بەرزەکانەوەش، هۆکاری گرنگی کەم کردنەوەی گرژیە دەروونیەکانن.

بە تایبەتی ڕێنماییەیە دینییەکان ڕۆڵی چەتری پارێزەر دەبینن.

بە تەنها مانەوەی مرۆڤێك کە باوەڕی بەوە بێت ئەم گەردوونە هەر لەخۆیەوە دروست بوەو لەناو تەوەرەی خۆیدا بخولێتەوە، لەگەڵ بارگرژی دەروونـدا، زۆر زەحمەتـە. مرۆڤـی ڕاسـتەقینەی خـاوەن مـەنتق کـە لـە دەمارگیری بەدووربێت، ناچێتە ناو ململانێی سەختی کێشـەکانەوە، بـەڵکو بۆ حیکمەتەکانی پشت ڕووداوەکان دەڕوانێت. جوان دەبینێت و، جوان بیر دەکاتەوەو چێژ لە ژیانی وەردەگرێت .

لەهەموو شتێك سکاڵا ناکات. خەم و ناڕەحەتیەکانی نـاو دنیـا هـەموو نادات بەکۆڵیدا .

کێشەی گرنگی مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆ ڕزگار بوون لـە فشـارو گـرژی دەروونی لەو بارودۆخەدایە کە تێیدان. ئەوە قورسە کە مرۆڤ بەبێ ناسینی خۆی و زانینی کێشەکانی و هۆکارەکانی، بیەوێت خۆی بەڕێوەبەرێت و، لە فشارەکانیش دەربازی ببێت.

وەڵامـــەکان زۆر جـــوان بـــوون. چ جوانیـــەك! تێگەیشـــتنەکانمانی تێردەکرد وەکو میوانداریەکی شاهانە. دیارە مەدینـە کـە ئـەم وەڵامانـەی دەدایەوە، سەرەتا بیری لە پێویستیی من دەکردەوە بۆ ئەو قسانە.

به ڕاددەیەك لەناو ئەو گفتوگۆ سەرسوڕهێنانەدا خۆم ون کردبوو کە لە بەرامبەر ئەو هەموو هەست و پەرۆشیانەمدا ئەو شەوە هیچ خەو نەچووە چاوم. تا بەیانی سوپاس و شوکری خودام کرد. کە میهرەبانترین و بەسۆزترین کچی ڕۆژهەڵات "مەدینە"ی بۆ یارمەتی من نارد.

ئەوە سوپاس کردنێك بوو کە بە پارچە پارچەبوونی دڵمەوە، بە سوتانی هەستەکانمەوە، بە لەرزینی ناخمەوە لەبارەگای خوای تەعالا پاڕامەوە. لەکاتێکدا زمانم گۆی نەدەکرد، چاوە وشك و برژانگە ئاڵۆزاوەکانم فریام کەوتن و بێدەنگ و بە ئارامی فرمێسکیان ڕژاندە خوار.

مەدینە کاتێك بۆ نوێژی بەیانی هەستا، منی لەو حاڵە هەستیارەمدا، -کە بەچەپ و ڕاستمدا دەتلامەوە- بینی، لە بارودۆخم تێگەیشتبوو.

وەکو خۆری گزنگی بەیانی کە ناخی مرۆڤ گەرم دەکاتەوە بە نیگا پڕ ماناکانی هاتەلام. بەو دەستانەی کە بەر هەر جێیەك بکەوێت شیفا بەخشە، فرمێسکی چاوەکانمی سڕی.

وتی: " دەزانیت کە هەرگیز بەرگەی ئەم گریانەت ناگرم، بەڵام ئیتر کاتی گریانە، چونکە ژەنگی دڵ بە شتێکی تر جگەلەمە پاك نابێتەوە و، ناشۆرێتەوە".

ئەو مامۆستایەك بوو، منیش یەکێك لە قوتابیەکانی ئەو. ئەو پزیشکێك بوو منیش یەکێك لە نەخۆشەکانی.. ئەو دایکێك بوو منیش یەکێك لە ڕۆڵەکانی..

لە بەرامبەر ئەم هەموو جوانییەدا، ئەگەر شوکرو سوپاس نەکرێت، ئەی چی بکرێت.؟!

## مەدینە کە قسەی دەکرد تیایدا دەژیا

یەکێکی تر لەو گفتوگۆ جوانانەی کە لە مەدینەوە بیستم، کۆتایی هەفتەیەك بوو. وەك هەموو کات دیسان میوانداریییەکی پڕ لە گفتوگۆی شیرین، کە دڵی هەموو ئامادەبوانی حەیران دەکرد، سازکرد.

چی لەو گفتوگۆیەدا نەدەپرسرا؟! لەگەڵ تێپەڕبوونی کات من زیاتر سەرسامی ئەو پرسیارو وەڵامانە دەبووم و زیاتر خۆم دەخستە ناو ناخی وتەکانەوە.. چۆن ئەوانە لەبیردەکەم!

زەهرا، کچی مامۆستا یەحیا کە لە مزگەوتی ئەو شوێنەی ئێمە لێی نیشتەجێ بووین ئیمامەتی دەکرد، ئەو ڕۆژە پرسیارێکی زۆرجوانی بۆخۆی هەڵبژاردبوو.. ئەو پرسیارەی کە ئەو بەیانی کرد، زۆرێك لە گەنجەکانی خستە ناو گفتوگۆکەوەو باسێکی قسە هەڵگربوو.

- مامۆستا مەدینە، ئەم پرسیارەی من دەیکەم، لەلایەن هاوڕێکانم، خەدیجە، مەقبولە، ئیسرانوور، شەیماوە پێکەوە ئامادەمان کردووە. ئێمە دەمانەوێت سەرکەوتوو بین ، بەڵام بەجۆرێك سەرکەوتن بەدەست ناهێنین. هەردەم لە هاوەڵەکانمان دوادەکەوین، ئەم بارودۆخە خۆمان و خێزانەکانیشمان نارەحەت دەکات. بۆ سەرکەوتن، چ ڕێگایەك بگرینەبەر؟

مەدینەیش، دەستپێکێکی زۆر پڕمانای کرد:

- هاوڕێیان، ماوەیەك من هیچ كەس نەمابوو كە ئەم پرسیارەم لێ نەكردبێت. دەمویست سەركەوتوو بم بەڵام بەجۆرێك نەدەگەیشتمە ئەو پلەیەی كە دەمویست.

لەگەڵ ئێوەدا ، ئەوانەی خۆم تاقیمكردوەتەوە بە پراكتیكی بۆتانی باس دەكەم، بەڵام باش گوێ بگرن. چونكە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئەنجامانە زۆر شكستخواردنم بەسەرهاتووە.

لەباسی "سەركەوتن"دا ، ئەم وتەیە بكەنە گوارە لەگوێكانتاندا.

"سەركەوتن، بە باوەڕهێنان بە سەركەوتن دەست پێ دەكات"!

وتنی: "سەردەكەوم" مانای یەكەمین هەنگاوە لە ڕێگەی سەركەوتندا..

لە سەركەوتندا، خواست، بڕیاردان و ئارامگرتن زۆر گرنگە. بە خواستەوە دەست بە هەر هەوڵێكتان بكەن، لەسەر بڕیارەكانتان بەردەوام بن و بە ئارامگرییەوە تەواوی بكەن، ئەگەر نا لەنیوەی ڕێگاكەدا جێی دەهێڵن.

لە سەركەوتن دا كاری بە پلان گرنگترین بنەمایە. بە پلان و بەرنامە كار بكەن، بە دڵنیاییەوە سەركەوتوو دەبن.

بۆ سەركەوتن و بوون بە كەسێكی گەورە، هەوڵی دەوێت. پیاوە سەركەوتووە گەورەكان، لەوانەن كە خۆیان ویستویانە ببنە كەسی گەورەی سەركەوتوو.

تـاوەكو شكسـت نـەبينرێت، سـەركەوتن بـەدی نايـەت. شكسـت دەستپێكی سەركەوتنە. بێكـەموكوڕی نابـێ، بـەڵكو سـەركەوتنی كۆتـايی بكەنە ئامانج. بێكـەم و كـورتی لەگـەڵ كەموكورتييـەكان و سـەركەوتنيش لەگەڵ شكستدا دەست پێ دەكەن.

لە كەسانی سەركەوتوو نموونە وەربگرن. هەوڵ مەدەن وەك ئەوان بن بەڵكو وەكو خۆتان بن .

گرووپی هاوڕێيانی باش كە ئێوە بەرەو سەركەوتن دەبـات، هەڵبـژێرن، لەو هاوەڵانەی كە دەبنە هۆی پەكخستنی هەوڵەكانتان دووربكەونەوە.

كاری ئەمڕۆ هـەرگيز بـۆ بـەيانی جێمـەهێڵن. چـونكە بـەيانيش كـاری پێويستی تايبەت بەخۆی دەبێت.

ئامانجێك بەگوێرەی توانای خۆتـان دياری بكـەن. كارەكانيشـتان بـە گـوێرەی ئـەو ئامانجـە پلانڕێـژی بـۆ بكـەن. هـەرگيز بـێپلان مـەژين. ئـەو كارەی دەستتان پێكرد، هەرچۆنێك بووە تـەواوی بكـەن. هـەموو كـارێكی تەواو نەكراو ، نموونەيەكی خراپ دەبێت بۆ هەر كـارێكی نـوێ كـە لـەدوای ئەو دێت.

هەوڵ دەن لە بابەتێكدا پسپۆڕی دەسـت بخـەن و تـەنها لـەو بـوارەدا چڕببنەوە. ئەوەتان بير نەچێت، ئەو كەسەی بييەوێت هەموو شتێك بكات، هيچ شتێك ناكات.

كێشەكانتان و ئـەو كارانـەی بـۆ سـەركەوتنتان پێويسـتن بـەش بـەش بكەن. لە پچووكترينيانەوەو لـە ئاسـانترينيانەوە، بـەرەو گـەورەترينيان و

سەختترینیان دەست پێ بکەن. هەر کات کارە بچووکەکان ئەنجام درا، ئیرادەو خواست بۆ ئەنجامدانی کارە گەورە و سەختەکانیش زیاد دەکات.

کە لە هەوڵەکانتاندا تووشی ناڕەحەتی هاتن، خۆتان مەدەن بە دەستەوە. لەبیرتان نەچێت، گەورەترین سەرکەوتن ئەوەیە کە لە پاش ڕێگرییەکی زۆر بەدەست دەهێنرێت.

لە ژیاندا زانینی ڕێگەی سەرکەوتن ، بە هێندەی سەرکەوتن خۆی ، گرنگە. ئەو کەسەی ڕێگەی سەرکەوتن دەناسێت، یەکجار نا بەڵکو هەموو کات سەردەکەوێت. چونکە سەرکەوتن، بە ناسین و باوەڕپێهێنان بەدەست دێت.

ئەمانە بارستەیەك بوون لە پێشنیازی زۆر کەس. ئاشکرابوو کە لەژێر هەر دێڕێکیاندا، سەدان تاقیکردنەوە شاراوەتەوە. ئەوەش زۆر بەڕوونی دیاربوو کە سەرکەوتوویی مەدینە ، بە سوتفەو لەخۆوە نەبووە، بەڵکو ئەنجامی کارکردنی لە دڵەوەو ژیرانەی خۆی بووە.

## کۆتا وەڵام، وانەیەکی ژیان

کۆتا پرسیاری ئەو وانەیەش، مەدینە کردی:

- باوەڕتان بەوە هەیە کە پەیوەندییەکی ڕێکخراو و وەك پێویستتان لەگەڵ خێزان و دەورووبەرتاندا ، دروست کردبێت؟! بۆ ئەمە هیچ تەقەلایەکتان داوە؟

ئەو دەنگەی لەناو قەرەباڵغییەکەوە بەرزبووەوە، زۆر نەرێنی بوو. هەموو ئەوانەی ئەوێ کێشەیان هەبوو لە پەیوەندییەکانیاندا.

مەدینە وتی:

- کەوایە، کچەکان، ئەمانەی کە دەیانڵێم یان بیان نووسن یاخود باش گوێیان لێ بگرن. چونکە تەواوی ئەم قسانەی بۆتانی دەکەم، ئامۆژگاریی پراکتیکی و جێبەجێکراون. دەمەوێت ئەمانە بکەمە بەرنامەی ژیانتان.

خۆتان بۆ دۆستایەتی و هاوڕێیەتی و خزمەتکردن، ئامادەبکەن. بۆ ئەمەش کەموکوڕییەکانتان پڕبکەنەوە. هۆکاری دووره پەرێزییەکانتان بدۆزنەوە.

کەسایەتی زیانبەخش لەخۆتاندا ، لە ڕەگەوە هەڵکەنن. چونکە مرۆڤ نایەوێت ببێتە دۆستی کەسێك کە خاوەنی ڕەفتاری زیان گەیەنەر بێت. سەرنجی ڕواڵەت و جل و بەرگی خۆتان بدەن. لەکاتی قسەکردندا بێئەندازە ڕێزدەربڕن و کەسی بەرامبەرتان مەشکێنن.

ئەو کتێبانەی لەبارەی دۆستایەتی و هاوڕێیەتیو دروستکردنی پەیوەندییەوەن، بخوێننەوە. بەو شێوەیە زانیاری تیۆری باش لەبارەی دۆستایەتییەوە فێر دەبن.

لایەنێکی شیاو لە کەسی بەرامبەرتاندا بدۆزنەوە تاوەکو ستایشی بکەن و بە گرنگ نیشانی بدەن. هیچ مرۆڤێك ئەو گرنگییەی لە شوێنی خۆیدا پێی بدرێت، ناگەڕێنێتەوە. گرنگی پێدان یەکەمین هەنگاوی دۆستایەتییە.

تا ناچارنەبن، ڕەخنە لە دۆستەکانتان مەگرن. ئەگەر ناچاریش بوون ڕەخنە بگرن، سەرەتا ستایشی لایەنە باشەکانی بکەن، دواتر بەبێ ڕەنجاندن هەڵەکانی پێبڵێن.

وەکو سوکایەتی کردن هەڵمەکوتنە سەریان.

لەکاتە سەختەکانیاندا لەگەڵ هاوڕێکانتان بن، لە سات و شەوە تایبەتەکاندا پەیوەندییان لەگەڵ بگرن. چونکە بەوەفاترین و خۆشەویسترین دۆست، دۆستی هەموو ڕۆژێکی مرۆڤە.

دیاری بە هاوڕێکانتان بدەن. دیاری لە دڵەکاندا جێگەی خۆی دەگرێت. لەسەر ئەو پەیمانە بمێنن کە دەیدەن. ناتوانن بەهیچ شێوەیەکی تر متمانەپێکراویی خۆتان بسەلمێنن ئەگەر بەڵێنەکانتان نەبەنەسەر ، ئەوا ئەو کات متمانەی هاوڕێکانیشتان لەدەست دەدەن.

هەرگیز لە خۆڕا چاوەڕوانی دۆزینەوەی دۆستی بێکەم و کوڕی مەبن، چونکە سەرەتا ئێوە لەو کەسانە نین کە هیچ کەمو کورتییەکتان نەبێت.

ئەو وتەیە چەندە ڕاستە کە دەڵێت: " پێم بڵێ هاوڕێکەت کێیە، پێت دەڵێم تۆ کەسێکی چۆنی".

مانای وایە، دەبێت ئێوە ئاگاداری هەڵبژاردنی ئەو هاوڕێیە بن کە بەهۆیەوە داهاتووتان دیاری دەکات. لەبیرتان نەچێت ئەوەی هاوڕێیەتی بۆن فرۆش بکات، بۆنی گوڵ دەگرێت، ئەوەیش کە هاوڕێیەتی گۆشتفرۆش بکات، بۆنی چەوری...

پەرستشــەکان ڕێکــوپێکی بــە مــرۆڤ دەبەخشــن. ڕێکــوپێکیش بنچینەیترین وەسفی مرۆڤە لەکاتی دۆستایەتی کردندا.

لەدەوروبەرتانــدا چــاودێری هەڵســوکەوتی کەســانی ڕێــزلێگیراوو خۆشویســتراوو دۆســتی گیــانی بــە گیــانی، بکــەن ، پەیوەنــدییان لەگەڵــدا دروســت بکــەن. لێیانــەوە فێــر بــبن. بێگومــان لەوانــەش گــرنگتر ئەوەیــە، سەرەتا بیانکەنە دۆستی خۆتان .

ئەو کەسەی لەگەڵ خۆیــدا ڕاســتگۆبێت و متمانــەی بــەخۆی هــەبێت و لەهەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی خۆی ڕازی بێــت، هەمیشــە لەدەوروبەریشــی دۆستی باش دەدۆزێتەوە .

ئــەوەتان بیرنەچێت کــە ئــەو دایك و باوکــەی زۆرتــرین پەیوەنــدیتان لەگــەڵیان هەیــە، لــە باشــترین کەســی بێگانــە بۆتــان باشــترن. بێگانــەکان دۆستی ڕۆژە خۆشەکانن، بەڵام ئەندامەکانی خێزان دۆستی هەموو ڕۆژێك و بەتایبــەت ڕۆژە ســەختەکانن. لەبەرئــەوە هــەموو کارەکانتــان لەگــەڵ خێزانەکانتاندا پلانڕێژی بکەن، پێشنیازو ڕێنماییــەکانیان لەبەرچــاوبگرن. چونکە ئەوان کەسانێکی بەئــەزموونن کــە بــەر لــە ئێــوە کەوتوونەتــە ســەر ڕێگەی ژیان .

پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێت، ژیــان تاکــە کەســیی نییــە. بــۆ ژیــانێکی بــەماناو بەختــەوەری و ئاســودەیی، دۆســتی بــە وەفــاو متمانــەپێکراو پێویستە، بەتایبەتیش دایك و باوك و خوشك و براکان... لەوجێیەی هەموو کەس بەجێتان دەهێڵێت ئەوان شوێنی خۆیان چۆڵ ناکەن.

ئەو ڕۆژە ... دیسان ڕۆژێکی جیاواز بوو. ڕێك وەکو هەر گفتوگۆیەکی جارەکانی تری کۆتایی هەفتە...

## سەرسامیم بۆ مەدینە تا دەهات زیاتر دەبوو

هەفتانە بە شەوقەوە گوێم بۆ وانەکانی مەدینە ڕادەگرت. نازانم ئایا من زیاتر سوودم دەبینی یان قوتابیەکانی؟ سەرباری ئەوەی کە پارچە گۆشتێکی مردووم مابووەوە، کەچی وتەکانی ئەو دڵی گوناهباری منی دەخستە جۆش و خرۆش. لە کاری پڕ نهێنی خوای گەورە بڕوانن کە هەموو ڕۆژێك سەرسامی و ڕێز و پەرۆشیم بۆ ئەو کچە پتر دەبوو کە ژیانم لەگەڵ پێکهێنابوو. هەموو ڕۆژێك وەك خوێندکارێك زیاتر سوودم لە زانیاری و ئیمان و خزمەتی ئەو وەردەگرت.

کچی خۆرهەڵات، واتە مەدینەی بچووك، چیتر بچووك نەبوو. فریشتەیەك بوو خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامی بەچواردەوریدا بڵاودەکردەوە. بووبوو بە مەشخەڵێك بۆ خزمەتی ئیمان و قورئان. کەسانێکی زۆر حەزیان دەکرد پێی بگەن و چاوی لێبکەن و لەو خزمەتە جوانەدا یارمەتی بدەن، کەچی ئەو سەرباری هەموو مژۆڵییەك بێ ماندووبوون و بێزاربوون خزمەتی منێکی بێگیانی بێخێری دەکرد. کەواتە گەورەیی مرۆڤە مەزنەکان لەوەدا دەردەکەوێت کاتێك ڕووبەڕووی بەربەستەکان و گرفتەکان دەبنەوە.

مەدینە سەرەڕای هەموو ئازار و نەهامەتی و لەمپەڕەکان، هەوڵ و کۆششێکی لەسنووربەدەری دەنواند و، بەمەدا دەریدەخست کە لە

سەختترین هەلومەرجدا هیچ کەسێك هۆیەکی نییە بۆ سەرنەکەوتن و هەوڵ نەدان.

ئەوانەی کە بیانوو دەهێننەوە بۆ تەمبەڵییان و، تاوان دەخەنە ئەستۆی خێزان و دەوروبەریان، گەرەکە لە مەدینە بڕوانن و بەخۆیاندا بچنەوە. خوای گەورە هەست و توانایی وای داوە بە بەندەکانی کە لە سەختترین بارودۆخدا بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن. دیارترین نموونە مەدینەبوو. ئەگەر کەسێك ناتوانێت سەرکەوتووبێت، بێگومان بەڕاستی بەدوای سەرکەوتندا وێڵ نییە، بەڵکو تەنها بەڕواڵەت داخوازیەتی. سەرکەوتن کاری دڵ و باوەڕە و پێویستی بە هەوڵی بەردەوام هەیە.

گەورەترین یاریدەدەری خزمەتە جوانەکانی مەدینەکەم ئایسون خان و کاك هاروونی خێزانی بوو. بە پێویستییەکانی ئێمە ئەوەندە باش شارەزابوون کە پێویستی بەوە نەدەکرد خۆمان دەری بڕین. بەتایبەتی نەیاندەهێشت مەدینە لە خوێندنەکەیدا هیچ کێشە و گرفتێکی بۆ بێتە پێش. مەدینەکەم هەرچیەکیان بۆ دەکردین مەسرەفەکەی لە دەفتەرێکدا بە تێبینی دەنووسی. هەڵیدەگرت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بیاندەینەوە. مەدینەخان و کاك ڕەسوڵیش کە لە وڵاتی یابان سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی نووری ئیمان و قورئان بوون هەرگیز نەیاندەهێشت تەنیابین و هەردەم پەیوەندییان پێوە دەکردین. کۆمەکی و پاڵپشتی مەعنەوی ئەوان گەورەترین هۆکاری بەردەوام بوون و گەرمبوونەوەی ئێمەبوو.

مەدینە زوو زوو پەیوەندی بە خێزانەکەشیەوە دەکرد. کەم کەم لە زاری خۆی دەگرتەوە و فیداکارانە بۆی دەناردن.

ساڵان ئاوا تێدەپەڕین. کۆتایی خوێندنی مەدینەکەم نزیک بووبووەوە. پشت بەخوا دەبوو بە پسپۆڕ لەبواری ڕاگەیاندندا و کارەکەی دەکرد بە هۆیەك بۆ خزمەتکردنی خەڵك. باوەڕم وایە کە هەوڵ و هیوا و خزمەتی مەدینە لە گەڕەکێك یان لە شارێکدا جێی نەدەبووەوە و دنیای پڕدەکرد لە جوانی.

## خزمەتەکەی تا دەهات فراوانتر دەبوو

ڕووداوێك کە لەو ڕۆژانەدا ڕوویدا یەکەم مژدەی خۆشی لەم ڕووەوە دا. " سەنتەری دیالۆگی نێوان ئایینەکان " کە لە لایەن چەند کەسێکی موسوڵمان و مەسیحی و زانایانەوە بەڕێوەدەبرا، سیمینارێکی فراوانی سازدابوو. لەنێو بابەتەکاندا باسی " پەروەردەی گەنج " جێیەکی گرنگی داگیرکردبوو.

مەدینە چەند مانگێك لەوەوپێش جۆش و خرۆشی ئەوەی لەو سیمینارەدا بەشداری دەکات ئارامی لێ هەڵگرتبوو. شەو و ڕۆژ خەریکی ئەو وتارەبوو کە ئامادەی کردبوو. بەڕاستی زۆر بە جوانی وتارێکی لەژێر ناونیشانی " کێشە هەنووکەییەکانی گەنجان و چارەسەری گونجاو و کرداری "، بە زمانی ئینگلیزی داڕشتبوو.

سەرەتا بەنێو هەموو ئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا گەڕا، پاشان نموونەی گونجاوی لە ژیانی پێغەمبەر ( دروودی خوای لەسەربێت ) و

هاوەڵانیدا کۆکردەوە. پاشان بۆچوونی ئەو زانا موسوڵمانانەی کۆکردەوە کە لە جیهاندا بە خزمەتکاری قورئان و ئیمان ناسراون، لەگەڵ چۆنێتی هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە. لە کۆتاییدا بەرهەمێکی ناوازە هاتەکایەوە.

پاشان گشت ئەم زانیاری و باسانەی لەنێو " زانستی ڕاگەیاندن " دا کە خۆی پسپۆڕبوو تێیدا، پێکەوە هەڵشێلا. بە کورتی و پوختی چەند پێشنیارێکی کرداری پێشکەش کرد بە ئامانجی چارەکردنی کێشەی لاوان.

ئەم هەوڵ و ماندووبوونە دوور و درێژە لە کاتی پێشکەشکردنی وتارەکەیدا لە کۆڕەکەدا، میوەی خۆی بەخشی. وتارێکی زۆر کاریگەر و بەپێزبوو. بەتایبەتی سەرنجی زانایانی بواری پەروەردە و مەسیحییەکانی زۆر ڕاکێشابوو. هەر لەوێدا لە لایەن چەندین کەس و ڕێکخراوەوە داوای کاریان پێشکەش کرد. واتە مەدینە کارا و لێهاتووەکەم کە وزە و بەهرەیەکی زۆری هەبوو، هەنووکە گەیشتبوو بەو شوێنەی کە شایانی بوو. بەڵام هەرگیز ئەم سەرکەوتنانە سەرمەستی نەکرد و بچووکترین نیشانەی خۆشویستنی " ناوبانگ " لە کردارەکانیدا نەبینرا.

ئەو هەر هێشتا کچێکی لادێیی خاکی بوو. هێشتا بەردەوامبوو لە خزمەتکردنی تۆپەڵە گۆشتی بێگیانی جەستەی من. چۆن لەبیرم دەچێتەوە میهرەبانی دایک ئاسای مەدینە و هەڵسووڕانی وەك پەروانە بەدەورمدا! ...

لەو ڕۆژانەدا دوو خێزانی مەسیحی کە سەرسام بوون بە کارە خێرخوازییەکانی مەدینە، بە خۆیان و منداڵەکانیانەوە هاتن بۆ ماڵمان. کاتێك ژیانی سادە و ساکاری خێزانی ئێمەیان بینی زۆر سەریان سووڕما. یەکێك لە پیاوەکان کە بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی مەدەنی بوو، داوای کاری پێشکەش بە مەدینە کرد و، وتی:

ـ ئێمە ڕێکخراوێکین لێکۆڵینەوە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین. حەزدەکەین لەگەڵمان کاربکەیت. زۆرمان پێویست بە شێوازی کار و جیهانبینی ئێوە هەیە. مانگانەیەکی زۆر و تایبەتیت پێدەدەین. جگەلەوەش ماڵێکت لەسەر داخوازی خۆت دەدەینێ و ژیانێکی کەشخەت بۆ دابین دەکەین. ئەم پیاوە کەمئەندامەی کە بووەتە بەربەست لە بەردەم زیاتر پێشکەوتنتدا، دەیبەین بۆ باشترین خانەی بێسەرپەرشتان و چاکترین خزمەتی دەکەین. بەم شێوەیە کاتێکی زۆرت دەبێت و دەتوانیت خۆت بۆ کارەکەت یەکلایی بکەیتەوە.

ئەم بابا مەسیحییەی کە پێی وابوو پێشنیاری جوان و دڵسۆزانە پێشکەش دەکات، مەدینە بە جۆرێك وەڵامی دایەوە کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و هەمیشە نەخشی لەسەر ڕۆحم دەمێنێتەوە:

– سوپاسی هەموو ئەم پێشنیارانەت دەکەم. بە سوپاسێکی زۆرەوە زۆرترین هەوڵی خۆم دەخەمە کار بۆ یارمەتیدانی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوەکەتان، وەلێ ئەمە لەبەر پارەی زۆر یان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر ناکەم. بەڵکو دەمەوێت جوانی ئیسلام و قورئان دەربخەم و

بیسەلمێنم کە چلۆن چارەسەرن بۆ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. جگەلەوەش مێردەکەم بار نییە بەسەرمەوە، بەڵکو سەرچاوەی ژیان و، وزەی جیهانی مەعنەوی منە. بێهێزی ئەو هێز بە من دەدات. کاتێك ئەو لەو حاڵەتەدا دەبینم بەزەیی و میهرەبانی ناخم دەگاتە لوتکە و تێدەگەم کە کێم و، چ کارەم و، حاڵی دەبم لەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی چەند لاواز و هەژارە.

تینوێتیم بە خۆشەویستی ئەو نەبێت ناشکێت. کەسیش زریانی بیرم هێورناکاتەوە ئەو نەبێت. واتە ئەو نیوەکەی تری تەمەنە یەکقاچیەکەی منە. لەو جیاببمەوە بە قاچێکەوە ناتوانم بەپێوە خۆم بگرم و دەگۆڕێم بە تەرمێکی بێگیان.

لە دڵی خۆمدا وتم: " ئاه، ئەی مەدینە دڵپاك و بێگەردەکەم! ئاه، مەدینەکەم! منێك کە ڕۆژێکی خۆشم پیشان نەداویت و تووشی دنیایەك چەرمەسەریم کردوویت، ئەم هەموو هەستە جوانە چییە کە لە بەرامبەرمەوە دەری دەبڕیت؟ من هەرگیز شایستەی ئەوە نیم، وەڵێ تۆ شایانی گشت شتێکیت. بۆیە لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە لەم سەرکەوتن بۆ ئەو سەرکەوتنت ببات و منیش بەردەوام بکات لە دواتەوە بە چاوی پڕ لە گریانەوە دوعات بۆ بکەم! ئاه، مەدینەکەم! خۆزگە دەتزانی چەند شانازیت پێوە دەکەم. هەستگەلی وا هەن لە مرۆڤدا بە ئاشکرا ناوترێن. بۆ خۆشم نازانم چ ناوێکیان لێ بنێم.

تەنها یەك داوام هەیە لە خوای گەورە: من پێش تۆ وەرگرێتەوە. ئەگینا هەرگیز بەرگەی پێچەوانەکەی ناگرم!.."

# بەشی دوازدەهەم

" ژیانی پڕ پەند و ئامۆژگاری گەنجێك کە بە عەرەبانەوە بەندە لێرەدا تەواو نابێت. ئەو سەرگوزەشتەی ژیانەی کە جارێك بە چاوی تەڕ و، جارێك بە دڵی گڕگرتووەوە خوێندمانەوە.

ئەم ئازارکێشەی کە ناوی جارانی ئومێد و ناوی ئێستای ڕەسوڵە، چەند مانگێك دوای ئەوەی گوێمان لە خۆی گرت کۆچی دوایی بۆ ژیانی هەمیشەیی کرد. بەلآم ئەمە دیمەنێکی ماڵئاوایی وابوو کە دڵی زیندووی دەهەژاند و مرۆڤی ناچاردەکرد خۆزگە بە وەها مردنێك بخوازێت.

ڕەسوڵ لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنیدا نیشانەکانی کۆچی پێوە دەرکەوتووە. بەجۆرێك چەندین جار چاوی خشاندووەتەوە بە ئامادەکارییەکانیدا. بەشێوەیەك کە چەندین ڕۆژ بێ ئەوەی خەو بچێتە چاوی نێوچەوانی لەسەر بەرماڵ هەڵنەگرتووە و دڵی لەو کەش و هەوا مەعنەوییەدا مەست بووە. مەدینەخان هەستی بەم ئامادەکاری گەشتە

کردووه و، هەموو کارەکانی هەڵپەساردووه و، بۆ ساتێك بە تەنها جێی نەهێشتووه. کۆتا داخوازی لە مەدینەی خێزانی داوا کردووه:

- تۆ شایانی کەسانی زۆر باش و بەنرخ و خاوەن پلە و پایەبوویت، کەچی تەمەنت لەگەڵ من بەفیڕۆ دا. نازانم لە دواڕۆژیشدا هەر من هەڵدەبژێریت؟

مەدینە کە پارچەیەك ئاگر بووه، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوه لە وەڵامدا وتوویەتی:

- ئەوه تۆ دەڵێیت چی؟! تۆ نازانیت کە خوای گەورە لەبەر خاتری بێتاوانی و ستەملێکراوی تۆ منی بەم شوێنە گەیاندووه؟ تۆ نەبوویتایە لە خەویشدا ئەم هەموو بەخشش و ڕێزلێنانە خواییەم نەدەدی. کۆڵەواری و نەخۆشی تۆ چەندەها کەسی کرد بە خزمەتگوزار لە چواردەورتدا. ئەم جوانییانە پەیوەندییان بە منەوه نییە، بەڵکو هی تۆن. ئێستا من لە تۆ دەپرسم: تۆ کە خاوەنی ئەم هەموو دیاری و بەخششە خواییانەیت، لە بەهەشتە جوان و ڕازاوەکەتدا بە من ڕازی دەبیت؟

بەڕاستی ئەمە دیمەنێك بوو دڵانی دەهێنایە کوڵ و چاوانی لە فرمێسك پڕدەکرد.

ئەی خوای گەورە! تۆ لەو ژیان و گوزەرانانەی کە وا دەزانرێن ناشیرینن، چ جوانییەك دەخوڵقێنیت؟ لە ساتێکدا کە هەموو دەرگاکان داخراون و ڕێگاچارەکان نەزۆکن، چەند بەجوانی هیوا و ئومێد سەوز دەکەیت؟!

ماڵۆیرانی بۆ ئەوانەی کە لە ڕەحمی تۆ نائومێد دەبن و، ئەوانەی کە نەفرەت لە ژیانی خۆیان دەکەن!

کۆتا ساتەکانی کاک ڕەسوڵ لە زاری مەدینەخانی خێزانیەوە گوێبیست دەبین..."

**خالید ئێرتوغروڵ**

## شەوە پڕ ئەفسوونەکە

ئەو شەوەبوو.

ئەو شەوە تەژی لە ڕاز و نهێنییە...

هەرکاتێك ئەو شەوەم بەیاددا دێت کە ڕووداوە ڕازئامێزەکانی ژیریان دەستەوسان دەکرد، خوێنم دەیبەستێت و دڵم بەپەلە لێدەدات و، هەست دەکەم تەنگەنەفەس دەبم.

چۆن ئەو شەوەم لەبیردەچێتەوە؟

ئەو شەوە هەستێکی سەیرم هەبوو وەختێك لەسەر جێگەکەم ڕاکشام. ڕەسوڵیش کە زوو چووبووە سەر جێگەکەی، لەوانەیە ئەوە یەکەم جاربووبێت کە پێش من خەوی لێکەوتبێت. لەحاڵێکدا هەرگیز ڕەسوڵ پێش من نەدەچووە ناو جێگا و قەت پێش من نەدەنووست. وەلێ لەو دواییانەدا گۆڕابوو. ماوەیەکی زۆربوو خەو نەدەچووە چاوی، کەچی ئەو شەوە زوو خەوی پیاکەوت...

وەك هەموو کاتێکی تر لەسەر تەپڵەکە بچووکەکەی نزیك مێزەکەی، پەرداخێك ئاو و قەڵەم و کاغەزی لەسەربوو. سەرەڕای پەککەوتەیی،

ئەگەر شەوان تینووی ببوایە هەرگیز منی خەبەرنەدەکردەوە. شەوی وا هەبوو کە خەوی لێ دەتۆرا، بەرگەی هەستە بەرزەکانی ویژدانی نەدەگرت و دەستی دەدایە قەڵەم. ئیتر بەدەم فرمێسکەوە وشەکانی لە تەنیشت یەکەوە ڕیزدەکرد.

لەو تاریکییانەی شەودا دەربارەی خۆشەویستی خوا و ئەوینی پێغەمبەر ( دروودی خوای لەسەربێت ) و جوانی ئیمان و پەشیمانی لە تاوانەکانی، دەینووسی. جاری واش هەبوو خۆشەویستی پاکی بۆ من دەبوو بە باس و وەسفێکی دەکردم کە شایانی نەبووم. ئەم ڕۆحە پاك و بێگەردەی ڕەسوڵ دڵمی هێندە دەبزووانـد، کاتێك سەرم لە سوژدەدا دەنایە سەر بەرماڵەکەم، هەزاران جار سوپاسی خوام دەکرد لەسەر ئەوەی کە کەسێکی وای کردووە بە هاوبەشی ژیانم.

ئەو شەوە زۆر زۆر جیاوازبوو. دەتووت ڕەسوڵی کۆن نەماوە و یەکێکی نوێ هاتووەتە شوێنی کە یەکپارچە نوورە. ئەو شەوە سەرشاربوو لە خۆشەویستی پێغەمبەر ( دروودی خوای لەسەربێت ). نهێنیگەلێك لەو شەوەدا هەبوو کە نەمدەزانی چ ناوێکی لێبنێم. لەو شەوە ڕازئامێزەدا ڕەسوڵەکەم پێش من خەوێکی شیرینی لێکەوت، دەتووت پەروازی کردووە بەرەو جیهانێکی تر.

ئەو زریانەی کە ئەو شەوە ناخمی داگیرکردبوو، بەشێوەیەك کە پێشتر وێنەیم نەدیبوو، ڕۆحمی بریندار و ویژدانمی بیمار دەکرد. هیچ هۆیەك لە ئارادا نەبوو، کەچی دەتووت پشیلەیەکی بزێو بە چڕنووکی تیژ

هەموو خانەکانم توێ توێ دەکات. ئەشکەنجەیەکی بێوێنەبوو و لە مشتیدا دەیگوشیم.

ئەو شەوە ڕەسوڵ حاڵی جۆرێك بوو. یەکەمجاربوو کە ئاخ و ئۆفی لێوە نەدەهات و ئازاری نەبوو. ڕوخساری پاك و جوان و نوورانی بوو. تا دەهات لەم بارە ناهەموارەدا ترس و دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگیم زیادی دەکرد.

وەختێك من لەناو جێگەکەمدا لەگەڵ ئەم بیر و خەیاڵانەدا دەستەویەخەبووم، لەناکاو دەرگای ژوورەکەمان کرایەوە و گوڕزێك ڕووناکی سەرسووڕهێن ژوورەکەی پڕکرد. لە ناوەڕاستی ئەو ڕۆشناییە پرشنگدارەدا زاتێکی باڵابەرز دەبینرا، وەلێ لەبەر بریقە و بریسکەی ڕووناکییەکە ڕوخساریم نەدەبینی. ئەوەندە سەرم سووڕما، لەجێی خۆم وشك بووبووم و واقم وڕمابوو. ئێستاش حەیران ماوم لەوەی کە چۆن دڵم بەرگەی ئەو ساتەی گرت و لە سینەم نەهاتە دەر.

ئا لەو کاتەدا نهێنییەکی تر ئاشکرابوو کە ئەوەندەی تر سەرسامی کردم. ڕەسوڵ کە چەشنی تەرمێك لە تەنیشتمدا ڕاکشابوو، لەپڕێکدا هەستایە سەرپێ و، وتی:

– بەسەرچاو گەورەم، من لێرەم.

ڕەسوڵ کە چەند ساڵێك بوو لە عەرەبانەکەی دوورنەکەتبووەوە، ئەمێستا قنج بەپێوە وەستابوو.

بڕوام بە چاوەکانم نەدەکرد. لە سەرسامیدا خەریکبوو لە هۆش خۆم دەچووم.

زاتە نوورانییەکە بە زمانێکی تەژی لە خۆشەویستی و میهرەبانی فەرمانی بە ڕەسوڵ دەدا:

ـ پێویستە بڕۆین، پەلە بکە!

ـ بەسەرچاو گەورەم! شەرەفێکی زۆر گەورەیە گەیشتن بە خوای خۆم، گەیشتن بە پێغەمبەری خوا، بە دۆستانی خوا، بە مامۆستاکەم... شەرەفێکی زۆر گەورەیە! ئێستا دێم گەورەم!

دەبوو ئەو زاتە نوورانییەی بەردەرگا فریشتەی گیان کێشان بێت. پارچەیەك لە ژیان و گیان و ڕۆحمیان هەڵدەگرت و پێکەوە ڕووە و جیهانی بەقا دەفڕین.

بەڵام من چۆن بەرگەی ئەو جوداییەم دەگرت؟! هۆشم وەستابوو و ژیریم کاری نەدەکرد. لە دڵی خۆمدا دوعام دەکرد و، دەموت: "خوایەگیان! کەواتە سەرچاوەی ژیان و هاوەڵی ئازیزم لێدەسەنیت. ئەی من، ئەی من کەی دەچم بۆ لای ئەو؟ توخوا زۆرم مەوەستێنە! ئەگینا بەرگەی ئەو حەسرەتە ناگرم! "

ڕەسوڵ وتی:

ـ گەورەم، ئەگەر مەدینە مردنی من ببیستێت زۆر خەمبار دەبێت. ئەگەر مۆڵەت بدەیت دەمەوێت بەئاگای بهێنم و گەردن ئازادی لەگەڵ بکەم.

ئەو زاتە پیرۆزە مژدەیەکی هێندە خۆشی دا، وەختبوو دڵم لە سینەم جوێ ببێتەوە. وتی:

ـ خۆ تۆ نەمردوویت! تۆ تەنها شەهید بوویت. شەهیدان ئازاری مەرگ ناچێژن. بڕوانە تۆش هەستت بە ئازار نەکرد. جگەلەوەش شەهیدان نـامرن و هەمیشـە لەگـەڵ خۆشەویسـتانیان دەژیـن. لەبـەر ئـەوە چ پێویسـت بـە گەردن ئازادی دەکات؟

ڕەسوڵ گیان کە هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی لـە مـن جیاببێتـەوە، داوایەکی تریشی هەبوو:

ـ هیچ نەبێت بـا تێبینیـەکی بچووکی بـۆ بنووسـم و بزانێـت کـە چـۆن مردووم، بۆ ئەوەی دڵنـەوایی بداتـەوە. ئـەگینا ئـەو بەرگـەی نـەبوونی مـن ناگرێت.

فریشـتەی مـەرگ کـە بێگومـان ڕۆژێکـیش دێـت بـۆ سـەردانی مـن و سپاردەی گیانم لێ وەردەگرێتەوە، فەرمانی کرد:

ـ خێرا بینووسە!

بەپەلە ڕەسوڵ تاوی دایە قەڵەم و کاغەز... یەك لە دوای یەك وشە پڕ لە هەستە بەرزەکانی ڕیزکرد:

ـ تـۆ ئـەی کچـی خۆرهـەڵات... ئـەی فریشـتەی جـوانی مـن... ئـەی دۆستی خوا... ئەی پاڵـەوانی ئیمـان... ئـەی ئـەو فریشـتەیەی کـە دنیـا و دوارۆژمی ڕزگارکرد! لە خوای گەورە داواکارم کە هەموو چاکەکانم بدات بە تـۆ و هـەموو خراپـەکانت لـە کـۆڵی مـن بنێـت. لـەپێناو تـۆدا ئامـادەی سـەختترین ئەشـکەنجەم، بگـرە ئامـادەم لـە دۆزەخـدا بسـووتێم، بـەس ئەوەندەی تۆ گەردنم ئازاد بکـەیت. کۆتـا داواکـاریم لێـت ئەوەیـە کـە: تـۆ

بوویت بە دیلی کەسێکی تاوانبار و کەمئەندامی وەك من. تۆ شایانی کەسانی پاك و باش بوویت. بە بۆنەی منەوە نەبوویت بە خاوەنی منالّی خۆت. هەرچەندە دەمزانی بە حەسرەتی منالّەوە دەسووتێیت و بە سروشت زۆرت حەز لێیەتی، کەچی قەت ئەو بابەتەت نەکردەوە.

ئاە، ئەی بەخششی دنیا و قیامەتی من! ئەی فریشتەی ژیان و خۆراکی گیان و شیفای زامانم! هیچ نەبێت بۆ ئەوەی دوای من کەمێك ئارامی و ئاسوودەییت دەستگیربێت، برۆ یەکێکی وەك خۆت دلّ و دەروون پاك بدۆزەوە و، لەنێو منالّەکانی خۆتدا بژی. رۆلّەی چاك و باش بۆ ئەم نیشتمانە پێبگەیەنە. هەرگیز دلّم گەرد ناگرێت و ناشکێت. گەردنت ئازاد دەکەم. دەتسپێرم بە خوای گەورە.

راپسکامە سەرپێ و تا توانیم قیژاندم:

ـ نەخێر!

لەو تۆفانە بێئامانەدا هاتمەوە هۆش خۆم و بینیم کەس لە ژوورەکەماندا نییە و رەسولّیش لە تەنیشتمەوە راکشاوە.

کەواتە خەوێکم دیوە، پڕ لە ئازار و هیوا، سەرشار لە ترس و ئومێد...

بەپەلە لە جێگەکەم هەستام. سینەم گڕی گرتبوو. بەسەر رەسولّدا نووشتامەوە. لەسەر لێوە وشك و ژاکاوەکانیدا خەندەیەك جێی گرتبوو، وەك بلّێیت لە جیهانێکی ترەوە مژدەیەکی وەرگرتبێت. ڕوخساری رۆشنی هەموو شتێکی ئاشکرا دەکرد.

له چرکەساتێکدا ڕۆحم بوو بە فرمێسك و دڵۆپ دڵۆپ لە چاومەوە هاتە خوار. هەنسکەکانم بینیان گرتم و قەستیان بوو بمخنکێنن. دیسان جارێکی تریش هەستم کرد کە دنیام ژێرەوژوور بووە. ڕەسوڵەکەم خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو. بۆ یەکەم جار کارێکی بێ من کرد و تەنیا جێی هێشتم. گەشتێکی دوور و درێژی هەڵبژارد.

ڕەسوڵەکەم جەستەکەی لەوێ جێهێشت و گیانی بە سەربەستی لە جیهانی هەمیشەییدا هات و چۆی دەکرد. پێدەچوو ئەمێستا بە خۆشەویستەکانی شادبووبێت.

لەو ساتەدا بوومەلەرزە لە دنیا گچکەکەمی دا. لەو چرکەساتەدا هەستم کرد بووم بەژێر چەندەها قورساییەوە. قوڕگم تەنگ بوو و سینەم خەفە، پێدەچێت ئەوە ئەو شتەبێت کە پێی دەوترێت مردن. شل بووم و خەریك بوو دەبووڕامەوە. دەنگم هێندە لەرزۆك بوو دەتووت گیان دەدەم:

- بۆچی تەنیا جێتهێشتم ڕەسوڵ گیان! کوا مەدینە بێ ڕەسوڵ دەبێت؟ بۆچی منیشت لەگەڵ خۆت نەبرد؟

چاوم چووە سەر پارچە کاغەزەکەی دەستی ڕەسوڵەکەم. چرچ و لۆچ بووبوو لە مشتیدا. دیاربوو چەند دێڕێکی شپرزەی بەپەلە نووسیوە. تەنها توانیم دێڕێکی بخوێنمەوە:

" کچی خۆرهەڵات، مەدینەکەم! لە دەرگای گۆڕەکەمدا چاوەڕێت دەکەم."

قیژاندم:

ـ بوەستە! توخوا بوەستە!...ڕەسوڵەکەم! منیش دەمەوێت شتێکت پێبڵێم:

سڵاوم بگەیەنە بە پێغەمبەری خوا و هەموو پیاوچاکان. تۆ ڕۆیشتیت، بەڵام هەمیشە لە دڵی مندا دەژیت. ڕۆحم لەگەڵ تابوتەکەتدا دەنێرم. بیرت نەچێت، تۆ یەکەمین و دوایەمین خۆشەویست و هاوسەرمیت. لەمەوداو هیچ پیاوێك نایەتە ژیانی کچی خۆرهەڵاتەوە. چونکە من لەگەڵ تۆدا لە خۆشەویستی و ئەوین تێگەیشتم. ئیتر دوای تۆ ژیانم تەنها و تەنها بۆ خزمەتی ئیمان و قورئانە.

ڕەسوڵ کە سەرتاپای تەمەنی بە ئازار و نارەحەتی بەسەربردبوو، شەوی جومعە دوایین هەناسەی دا و گەیشت بە میهرەبانی ڕەهای خوا. لەم ڕۆژە تایبەتەدا کە ڕەحمەتی خوایی پتر بەندەکانی دەگرێتەوە، خوای گەورە دیاریی ڕزگاربوونی پێبەخشی. بەجۆرێك هەمووان ئیرەییان پێدەبرد و، کاتێك هەواڵەکەیان دەبیست چاویان پڕدەبوو لە گریان و، دوعایان دەکرد کە خوای گەورە مردنێکی وایان بەنسیب بکات.

هەڵبەت بێتاوانێك کە بەیانی تا ئێوارە لە کونجی ماڵەوەدا خەریکی سوپاسگوزاری خوا و تۆبەکردن بێت، هەر کۆتاییەکی ئاوای لێ چاوەڕێ دەکرێت.

## کەشتێکی پڕ ڕاز

سەرگوزەشتەی ڕەسوڵ کە لێوانلێو بوو لە ڕاز و نهێنی لێرەدا بەپایان دەگات، وەلێ ژیانی من بەردەوام بوو. بەڵام بەردەوامبوونێکی ئاسایی نا،

بەڵکو بەجۆرێك کە دڵانی دەهێنایە جۆش و، وانەی ئامۆژگاری بەوانە دەوتەوە کە گوێ ڕادەگرن و، لە پەند ڕادەمێنن..

دیسان شەوێك بوو لەو شەوانەی کە سوتانی ڕۆحم تیایدا دامرکاندنەوەی نەدەزانی ... بە خەیاڵی تاوتوتێکردنی ئەوەوە کە بە شێوەیەك پلانی هەوڵێکی گەورەو فراوان دابنێم بۆ گەیاندنی ڕاستەقینەکانی ئیمان و قورئان بەو دڵانەی کە پێویستییان پێیەتی، خەو بردمیەوە..

ئەو مەیدانی خەوەی کە لە بەردەممدا کرایەوە، ئەوەندە دنیایەکی ڕەنگاڵەیی بوو، چۆن بەرگەی دەگیرێت، نازانم!

ئەو زاتەی هاتە بەردەمم ، ئەوەبوو کە منی لە لێواری مەرگ گەڕاندەوە، سەرکردەی ئەو پزیشکە مەعنەوییانەی کە برینەکانی منیان سارێژکرد... سوڵتانی دڵەکان...

کە ئەو زاتەم لە بەردەمدا بینی، ئەوەندە پەشۆکام کە ددانەکانم بەیەکدا دان، ئیتر زمان و دەماغم وشکیان کرد. بەو دەنگە شیفا بەخش و بە بەرەکەتەی کە وەك زەمین لەرزە جیهانی مرۆڤ یاری پێ دەکات ، لەشێوەی فەرمانێکی زۆر جددیدا فەرمووی:

– کچم مەدینە، هاتووم تۆ ببەم. زۆر بە خێرایی خۆت ئامادە بکە.

ئەمە وەکو بوون بە سەهۆڵ ، وەکو تاشینی بەرد وا بوو. ئەم تۆفانی پەرۆشیی و پەشۆکاوییەم منی لە کۆڵانەکانی مەراقدا هێشتبوەوە، ئەم

قسەیەی ئەو زاتەی کە هێشتا ناویشیم نەدەزانی، هەموو دنیای منی سەرەوژێر کرد.

پەڕەیەکی تری پڕ نهێنی ژیان لەبەردەممدا کرابوەوە، بەڵام ئەمەیان بۆ من گەورەترین بەخشش و مەزنترین مژدە بوو. بەڵام پەرۆشیی و سەرسامییەکانیشم بەجۆرێك کۆتایی نەدەهات.

ئەو پیاوە نەناسراوەی کە ڕۆح و دڵی مرۆڤ ئاسودە دەکرد، وتی:

– خەم مەخۆ کچم. هەمووشتێك کە کاتی خۆی هات، دەیزانین. ئێستا دەبێت پەلەبکەین، بەڵام ئەوەندەیت پێبڵێم تۆ دەبیتە میوانی زاتێکی وا، کە ئەگەر ئێستا بتزانیایە کە لە خۆشحاڵیدا باڵت دەگرت و دەفڕیت.

لەو ساتەدا، چوومە سوجدەی شوکرەوەو وتم: "خوایە شیاوم بکە!" بەدڵێکەوە کە خەریکە لەناو قەفەسی سنگم دێتە دەرەوە.

ئەو پیاوە نەناسراوە بە وزەیەکەوە کە لەو تەمەنەی ئەو نەدەهات وتی:

– دەی کچم مەدینە، دەڕۆین ... شوێنم بکەوە..

نەمزانی چۆن بوو... لەناکاو دەرگای ژوورەکە ، وەکو دووباڵی زۆر ناوازە، بە دەنگێکی گەورەوە کرایەوە. ئەو لەپێشمەوەو منیش لەدوای ئەوەوە، لەناکاو خۆم لە دنیایەکی زۆر ڕەنگیندا دۆزییەوە.

گەش بووبوومەوە، خوێن لە بەدەنمدا دەسوڕایەوە... شتی وام لە ژیانمدا نەبینیبوو. ئێرە جێیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە، ناوازەترین جوانی و ئەفسوناویترین کەش و هەوای هەبوو.

بە تەواوی لە شۆکی ئەو هەموو پەرۆشی و پەشۆکاوی و هەستی سەرسوڕمانانەمدا مابوومەوە...

ئێرە کوێیە؟ منیان بۆچی هێناوەو بانگێشت کراوی کێم؟ ئەو پیاوە نەناسراوەی کە لە ناڕەحەتترین کاتی ژیانمدا دەستی هاوکاری بۆ درێژکردم، کێ بوو؟!

ئەو پرسیارانەی کە مێشکمیان جەنجاڵ کردو، حاڵێکی بەرگە نەگیراوی بەسەر ئەو دڵەشمدا کە خەریک بوو لە لێدان دەکەوت، هێنابوو...

لە چەند چرکەیەکدا خۆم لەو جیهانە پڕ ڕازەدا ون کردبوو.. ئاشکرابوو کە ڕووداوگەلێکی پڕ نهێنی و جیاواز چاوەڕێی منیان دەکرد...

چیرۆکی ناوازەی ژیانی کچی خۆرهەڵات لێرەدا تەواو نابێت... ئەگەر ویستتان بزانن ژیانی مەدینەخان دواتر چۆن بەردەوام دەبێت و بە کوێ دەگات، تا کتێبی دووهەم ماڵئاوا و بە نیازی دیدار...

# پێڕست

پێشەکی ........................................ ٥
بەشی یەکەم ........................................ ٧
هەموو شتێك کۆتایی پێ هاتبوو........................ ٧
پێکەوە بەرەو مەرگ فڕین ............................ ١٠
ئێمە بۆ نەمردین.................................... ١٣
ناچاربووین درێژە بە ئەشکەنجەی ژیان بدەین ........... ١٥
پێچەوانەی مرۆڤ بوون چەند خراپە ..................... ١٨
ئەو چەمکی "خوا"یەی لە مێشکمدا دروست بوو بوو........ ٢٠
بەشی دووەم ........................................ ٢٣
مرۆڤە فریشتە ئاساکان ............................... ٢٣
خێزانە کوژراوەکە ................................... ٢٥
هەمان فیلم......................................... ٢٨
ئەوانەی خرابوونە داوەوە ............................. ٣٢
پارە" ئاگرێکی سووتێنەر .............................. ٣٢
لێکچوونێکی سەیر..................................... ٣٤
خەونەکانی خوێندنگەمان بەبا چوو...................... ٣٦
ڕێگایەکی بێ گەڕانەوە................................. ٣٨
لەچەك ئاڵاوەکان ...................................... ٣٩
یاری وەها؟! ......................................... ٤٢

لەو ساتەدا کە وتمان با ڕزگارمان بێت ........................ ٤٣
بەشی سێیەم.................................................... ٤٧
ئەو ڕۆژانەی بەرگەگرتنیان ئەستەم بوو.......................... ٤٧
ئەو مرۆڤە فیداکارانەی دەستگیرۆییان کردین ..................... ٤٩
لە نەخۆشخانە دەردەکراین .................................. ٥١
ڕزگاربوون، یاخود سەرەتای نەهامەتی؟............................ ٥٣
ژیانە پڕدەردەسەرییەکەم........................................ ٥٥
بەشی چوارەم................................................... ٥٩
جوانی خۆرهەڵاتیشم سوتاند ..................................... ٥٩
تۆ سەیری کاری خوا بکە ....................................... ٦١
یەکەم عەشقم .................................................. ٦٢
خۆشترین پەردەی شانۆی ژیانم.................................... ٦٥
دڵیم فڕاند..................................................... ٦٦
چوومە داخوازیی پنار............................................ ٦٩
بەشی پێنجەم.................................................... ٧٣
ئەو بەرەوپێشچوونەی سەرسامی کردین............................. ٧٣
پلانێکی وەها تۆکمە ............................................ ٧٥
بەشی شەشەم.................................................... ٧٧
ئەو شەوەی مێشکی دەهاڕی....................................... ٧٧
هەموو شتێك دوایی هاتبوو....................................... ٧٩

خستبوومانە مێشکمانەوە ........................ ٨٢
بەشی حەوتەم................................... ٨٧
لە کوێوە بۆ کوێ؟ .............................. ٨٧
قەدەر بوو بە پرسیار بۆم........................ ٩١
باوکم حەیرانی بوو............................... ٩٣
وانەیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە قەدەر ........... ٩٥
بۆ یەکەمجار شتێکی ڕاست تێگەیشتم ................ ٩٨
مارەکردنەکەمان نوێ کردەوە........................ ١٠٠
پەڕەیەکی نوێمان هەڵدایەوە ....................... ١٠٣
چۆن ئەو ڕۆژەم لەیاد دەچێت......................... ١٠٤
ئەو گومانانەی زەین گیرۆدە دەکەن.................. ١٠٥
قوتابخانەی ژیانمان تازە دەستی پێدەکرد........... ١١٠
گەشتێکی پڕ غەم ................................. ١١٤
بەشی هەشتەم .................................... ١١٧
تاقیکردنەوەکانمان دوایی نەدەهات ................. ١١٧
دیسان نەخۆشخانە ................................. ١٢١
فیداکارییەکانی مەدینەی بچووک...................... ١٢٣
وانەیەکی دەرمان ئاسا............................. ١٢٧
بەشی نۆیەم...................................... ١٣١
ئیدی خەریك بوو نەتوانێ بەرگە بگرێت.............. ١٣١

ئەنجامێکی پڕ نەهامەتی ........................ ١٣٤
فیداکاری تا ئەو ڕادەیە؟! ........................ ١٣٧
یارمەتی وەهام نەدیبوو........................ ١٣٩
ڕووداوە پڕ نهێنییەکە........................ ١٤١
نەیاندەتوانی بڕوا بەمە بکەن........................ ١٤٦
مەدینەی کچکە دەست بەتاڵ دانەدەنیشت ........................ ١٤٨
تێڕوانینەکانی کاك ڕەسوڵ........................ ١٤٨
پێویستی پلان و بەرنامە لە ژیاندا ........................ ١٥١
خەیاڵەکەی مەدینە ........................ ١٥٣
ڕێگە چارەیەك........................ ١٥٦
دەتوت دونیا بووەتە موڵکی ئێمە ........................ ١٥٨
تەنها مابووینەوە ........................ ١٦٠
ماف و دادپەروەری ئاوا دەبێت؟ ........................ ١٦٣
ناچاربوو واز لە خوێندن بهێنێت........................ ١٦٦
بەشی دەیەم ........................ ١٦٩
ڕابردووم بەرۆکی بەرنەدەدام........................ ١٦٩
بوو بووم بە پارچە گۆشتێکی زیندوو........................ ١٧١
ئای خوایە گیان! ........................ ١٧٣
بەشی یازدەهەم ........................ ١٧٧
کۆتایی نەهامەتی........................ ١٧٧

ژیانی تاراوگەی مەدینەم ........................ ١٧٨
وتەی گاورێك ........................................ ١٧٩
میوانیەکی مەعنەوی ................................ ١٨٠
پرسیارەکان زۆر جوانتر بوون .......................... ١٨٣
ئەم گفتوگۆیە، بۆ من بوو ............................ ١٨٦
وەکو دەرمان دەهات.. .................................. ١٨٩
مەدینە کە قسەی دەکرد تیایدا دەژیا ................ ١٩٤
کۆتا وەلام، وانەیەکی ژیان ............................ ١٩٧
سەرسامیم بۆ مەدینە تا دەهات زیاتر دەبوو ......... ٢٠١
خزمەتەکەی تا دەهات فراوانتر دەبوو ................. ٢٠٣
بەشی دوازدەهەم ....................................... ٢٠٧
شەوە پڕ ئەفسوونەکە ................................. ٢٠٩
کەشتێکی پڕ ڕاز...................................... ٢١٦
پێڕست................................................ ٢٢٠

# ŞARK KIZI

## HALİT ERTUĞRUL

پڕ ئازار و پڕ هیوا و پڕ نهێنی..
بەسەرهاتی ژیانێکی سەرسامکەرو دڵپڕوکێن..
کچی خۆرهەڵات، سومبولی لێبوردەیی و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی..
لەبەرامبەر خراپەکاندا پاڵەوان و لەبەرامبەر چاکەکاندا گەردن کەچ..
ئازایەتیەکی وەك چیای قەندیل و.. ئەفسوناوی و پڕ نهێنی وەك چۆمی وان..
وەك دەریای ڕەش ون و پێچاو پێچ... وەك دەریای سپی بێدەنگ و بریقەدار..
خوڕ وەك دیجلەو فورات و، ستەمدیدە وەك ساکاریا.
کچی خۆرهەڵات .. کچی ئەم خاك و ئاوە..
هەموو دنیا بۆ باسکردنی ئەم گەرمی و ئەفسونە بەم خاك و ئاوە دەڵێن ((مەملەکەتی خۆرهەڵات))..
گەر دەتانەوێت خۆتان بدەنە دەست ڕووداوەکانی چیرۆکێکی پڕ پەندو نهێنی، فەرموون..
ئەم زریانی هەیەجانە ناختان دەهەژێنێ و دڵتان دێنێتە جۆش..
لە هەمووشی گرنگتر پەرۆشیتان دەگەیەنێتە لوتکە..
بە دڵنیایی تا تەواوی نەکەن، ناتوانن دەستبەرداری بن..
کچی خۆرهەڵات چاوەڕوانتانە..

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
ARA Media Center
ara.m@hotmail.com

ISBN 0-0103-0000-7
9 780010 300000
نرخی (٣٥٠٠) دینارە